# دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و
# هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی

یوسف شەریف سەعید

ذي القعدة ١٤١٠ حوزەیرانی ١٩٩٠

- ناوی کتێب: دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی
- ئامادەکردنی: یوسف شریف سەعید
- سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
- بلاۆکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( ٥٩)
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- لەکتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردنی ( ٩٩٠ )ی ساڵی (٢٠٠٩)ی دراوەتێ
- چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر


تێبینی:

ئەم کتێبە، نامەیەکە.. پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لەزمانی کوردیدا.

**پێشکەش بێت بە**
**خێزانەکەم و کوڕپەکانم**

هەرچەندە ماوەیەكی درێژ بەسەر نوسین و تاوتوێكردنی ئەم ماستەر نامەیەدا تێپەڕ بووە لێژنەی ڕێزمان لە ئەكادیمیای كوردی بەباشی زانی كە لەچاپ بدرێت لەبەر ئەوەی بابەتەكە، دۆخەكانی ژێرەوەی فیلمۆر، تا ئەمڕۆش تاوتوێی دەكرێ و چەندین لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكرێ كە هەندێكیان لەژێر ناوی تردان وەك ڕۆڵە واتاییەكانی و بار دروستبوون. كتێبێكی وەك ئەمە سەرەتایەكی پێویستە بۆ تێگەیشتن لەبواری زمانەوانی ئەمڕۆدا.

**لێژنەی ڕێزمان**
**لەئەكادیمیای كوردی**

# سوپاسنامه

- سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێزم (محەمەد مەعروف) کە دڵسۆزانە لە هەموو پلەکانی ئەم نامەیەدا یارمەتی داوم و هیوادارم گەلەکەمان نموونەی وەك ئەوی زۆر بێت.

- سوپاسی (د.وریا عومەر ئەمین) دەکەم، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدامەوە.

- سوپاس و رێزم بۆ خوشکە (جینان ئەحمەد)، کە دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردم و درێغی نەکرد لە پێشکەشکردنی ئەو لێکۆڵینەوە و کتێبانەی کە لای بوون.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| **پێشەكی** | ٩ |
| **بەشی یەكەم: هەندێ بنەمای ڕێزمانی دۆخ** | ١٢ |
| سەرەتا | ١٢ |
| بەرناو و ئەرك | ١٣ |
| پەیوەندییەكانی دۆخ | ١٩ |
| دۆخ و ڕستەی تێهەڵكێش | ٣١ |
| پەیوەندی و ناوی پۆلەكان | ٣٤ |
| پەیوەندی و ئەرك و پۆل | ٣٧ |
| دۆخ و سیما | ٣٩ |
| پەیوەندیی نێوان دۆخەكان | ٤٥ |
| پۆلێنكردنی كار بە پێی چوارچێوەكان | ٥٠ |
| **بەشی دووەم: یاسای گوێزانەوە** | ٥٦ |
| سەرەتا | ٥٦ |
| هەڵبژاردنی بكەر و بەركار | ٦٠ |
| تایبەتییەكانی بكەر و بەركار | ٦٣ |
| هەڵبژاردنی بكەر و بەركار و ئەركی واتایی كەرەسەكان | ٦٨ |
| دانانی بكەر | ٧١ |

| | |
| --- | --- |
| یاسای لابردنی بەرناو | ٧٦ |
| یاسای لابردنی بکەری ئاشکرا | ٧٩ |
| لێکدان | ٨٢ |
| یاسای گوێزانەوەی ڕستەی مەرجی بە ئارەزوو | ٩١ |
| یاسای ڕۆنانەکانی پلەی بەراورد | ٩٢ |
| یاسای پاڕستەی کات | ٩٣ |
| یاسای پاڕستەی هۆ | ٩٣ |
| یاسای پاڕستەی پێچەوانە | ٩٤ |
| یاسای پاڕستەی مەبەست | ٩٤ |
| یاسای پاڕستەی ئەنجام | ٩٥ |
| هەندێ یاسای تر بۆ گۆڕینەوەی شوێنی تایبەتی پاڕستە | ٩٦ |
| یاسای تەواوکەری بەرکار | ٩٦ |
| **بەشی سێیەم: گونجان و نەگونجانی ڕێزمانی دۆخ لەگەڵ کوردیدا** | ٩٨ |
| چاکەی بۆچوونەکەی فیلمۆر | ٩٨ |
| کەڵکی واتاسازیی | ٩٦ |
| کەڵکی ڕێزمانی | ٩٨ |
| کەڵکی فەرهەنگی | ١٠٥ |
| کەموکورتی بۆچوونەکەی فیلمۆر | ١٠٦ |
| ئەنجام | ١١٩ |

## هێماکان

| | |
|---|---|
| دەبێت لە ڕێزمانی پێکهێنان | ⟵ |
| دەگۆڕێت بۆ. لە ڕێزمانی گوێزانەوە | ⟸ |
| نیشانەی ناڕێزمانیی ڕستە | * |
| شێوەی چوارچێوەی دۆخەکان | [ ] |
| سیمای دۆخەکان | < > |
| هیچ | Ø |

( به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

## پێشەکی:

پاش دەرچوونی کتێبە بەناوبانگەکەی چۆمسکی "هەندێ لایەنی سینتاکسی" لە ساڵی(١٩٦٥) کە تیایدا هەردوو ئاست (ئاستی ژێرەوە و ئاستی سەرەوە)ی بە بنەمایەك بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ڕستە دانا، لەوکاتەوە ئاستی ژێرەوەی ڕێزمانەکەی کەوتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بەو بیانوەی کە پەیوەندییەکی واتایی زۆری پشتگوێ خستووە، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێزمانی دۆخ و ڕێبازی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی واتای ڕستە، یەکێك لەم بۆچوونانە ڕێزمانەکەی فیلمۆر بوو (١٩٦٨)، کە بە دوای لێکۆڵینەوەکەی فیلمۆر خۆیدا[١] سەرنجێکی زۆر و کۆمەڵێ زمانەوانی بەرەو لای خۆی برد. پوختەی ئەم تیۆرەش بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی زۆر قووڵ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بە ڕادەیەك نەك هەر تەنیا پۆلە کەرەسەکان، بەڵکو ئەرکەکانیشیان نیشان بدات. ئەوەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە ڕێزمانەکەی فیلمۆردا ئەوەیە، کە ڕستە لە ئاستی ژێرەوەیدا بریتییە لە کارێك و کۆمەڵە دۆخێکی واتایی ڕێکنەخراو، کە سەراپان (شامل) و لە هەموو زمانێکدا دەبینرێن. ئەمە خاڵێکی گرنگ بوو بۆ هەڵبژاردنم بۆ ئەم بابەتە، بۆ ئەوەی هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی لە ژێر تیشکی ئەم ڕووانگەیەدا ڕوون بکەمەوە، جگە لەمەش تا ئێستا ڕێزمانی کوردی لە چوارچێوەی بیردۆزێکی زمانیدا لێکنەدراوەتەوە[٢] ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە ئەم ڕێبازە هەرچەندە

---

١-Case for case [1]

[2] تەنها نامە چاپ نەکراوەکەی م. محەمەد مەعروف و د. وریا عومەر نەبێت، کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراون.

وەکو هەموو بۆچوونەکانی تر لە ڕەخنە بەدەر نییە، بەڵام هێزێکی تەلیسماوی زۆر توندی تێدا هەیە، کە لێکۆڵەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

هەڵبژاردنی بابەتەکە تووشی هەندێ گیروگرفتی کەمی و نەبوونی سەرچاوەی کردم. شایانی تێبینیشە کە نە بە زمانی کوردی و نە بە عەرەبی هیچ سەرچاوەیەك نەبوو، کە پەیوەندی بە باسەکەوە هەبێت. سەرچاوەی سەرەکیم وتارەکانی فیلمۆر خۆی بوو، کە تووشی ماندووبوونێکی زۆری کردم، چونکە لە لایەك بە ئینگلیزی بوو لە لایەکی ترەوە دەرگای گیروگرفتی زاراوەدانانی بۆ کردمەوە. منیش بە پێی توانا هەوڵمدا ئەو زاراوانە بەکاربێنم کە باشتر لەگەڵ بابەتەکەدا دەگونجێن و لەگەڵ چێژ و سەلیقەی کوردیشدا ڕێك و ئاساییە. کارەکەم زیاتر تایبەتە بە زاری کرمانجی خواروو، بۆ نموونە و ڕستەکانیش زیاتر پشتم بە سەلیقە و شێوەزاری خۆم بەستووە، کە لە زمانەوانی نوێدا شتێکی ئاساییە. مەبەستی سەرەکیشم لەم نامەیەدا گەیشتن بە ئەنجامە بە زمانێکی سادە و زانیارییانە، بۆیە ئەوەندە داڕشتنی ئەدەبی ڕاینەکێشاوم. هەر لە سەرەتاوە بیرم لەوە کردۆتەوە کە کارەکەم ڕێزمانە نەك ئەدەب، بۆیە زمانی زانستم هەڵبژاردووە، ئەمەش پاکانەی ئەوە نییە کە زمانەکەم لاوازە.

نامەکە بریتییە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە. پێشەکییەکە پێکهاتووە لە سەرەتایەك کە تێیدا هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە و ڕێگای لێکۆڵینەوە و بەشەکانی نامەکەم تێیدا ڕوون کردۆتەوە.

لە بەشی یەکەمدا سەرەتای هەڵبژاردنی ڕێزمانی دۆخم باس کردووە لەگەڵ بنەما هەرە گرنگەکانی بۆچوونەکانی فیلمۆر. بە دوای ئەمەدا لە بەرناو و ئەرکیم کۆڵیوەتەوە و ڕۆڵی بەرناوم لە زمانی کوردیدا دەرخستووە، بە تایبەتی لە هەردوو زارە سەرەکییەکەدا. ئینجا هەندێ لە پاشماوەکانی دۆخ دواوم کە لە بەشێ لە زارەکانی کوردیدا ماوەتەوە. لە تەك ئەمەشدا پەیوەندییەکانی دۆخ و هەموو ئەو دۆخانەم باس کردووە، کە لە بەرهەمەکانی فیلمۆردا ناویان هاتووە و بە وردی باسی ڕستەی تێهەڵکێشراوم کردووە لەگەڵ پەیوەندی و ناوی پۆلەکان، کە هەمووشیانم بە کەرەستەی کوردی لێکداوەتەوە، هەر لەوێشدا

هاتوومەتــە ســەر پەیوەنــدیی نێــوان ئــەرك و پــۆل و لەگــەڵ تێڕوانینــەکانی چۆمــسکی بــەراوردم کــردووە و لایەنــە باشــەکانی بۆچــوونەکانی فیلمــۆرم دەرخستووە، لەدوا بەشیشدا باسی دۆخ و سیمای دۆخم کردووە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە ڕێزمانی دۆخدا دەیبینێت لەگەڵ پۆلێنکردنی کار بە پێی چوارچێوەکان. لە بەشی دووەمدا لە یاساکانی گوێزانەوە دواوم و دوای ڕای یەکەمی فیلمۆر کەوتووم و ڕێزمانی دۆخم داناوە بە بەشێك لە ڕێزمانی پێکهێنان و گوێزانەوە، کە ئەرکی یاساکانی تری فرێزپێکهێنان باشتر و وردتر بەڕێوەدەبات، بە واتایەکی تر پێشنیازەکانی فیلمۆرم خستووەتە جێگەی یاساکانی فرێزپێکهێنــان و لەگــەڵ یاســاکانی گوێزانــەوەی لای چۆمــسکی لێکمداوە بۆ گەیاندنی ئاستی ژێرەوە بە ئاستی سەرەوە. هەروەها هەوڵمداوە ئەرکی یاساکانی گوێزانەوە دەرخەم و جیایان بکەمەوە لەگەڵ دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر. جگە لەمەش تیشکێکی تەواوم خستۆتە سەر ئەو یاســایانەی گوێزانــەوە کــە تایبەتــە بــە بۆچــوونەکەی فیلمــۆر وەك یاســای هەڵبژاردنی بکەر، یاسای هەڵبژاردنی بەرکار، یاسای لابردنی بەرناو، یاسای لابردنی بکەری ئاشکرا.. هتد. دیسان هەوڵیشمداوە لە هەندێ لایەنی ڕێزمانی تری ڕستەی کوردی بدوێم وەك دیاردەی لێکدان و تێهەڵکێشان و دروستبوونی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز، هەروەها یاسای پارستەی کات و هۆ و پێچەوانە و مەبەست و ئەنجامم دەرخستووە و باسی هەندێ یاسای تری گۆڕینەوەی شوێنی تایبەتی پارستەم کردووە لەگەڵ یاسای تەواوکەری بەرکاردا.

لە بەشی سێیەمدا کە دوا بەشی نامەکەیە، هەوڵمداوە گونجان و نەگونجانی ڕێزمانی دۆخ لای فیلمۆر لەگەڵ زمانی کوردیدا دەربخەم سەرەتا لە چاکەکانی ڕێبازەکەی فیلمۆر دواوم و خاڵە گەشەکانیم لە سێ ئاستدا دەرخستووە، کە ئاستی واتاسازی و ڕێزمانی و فەرهەنگییە.

بە دوای ئەمەشدا کەموکورتییەکانی پێشنیازەکانی فیلمۆرم بە چەند خاڵێك باس کردووە، کە تەگەرە دەخەنە ڕێگای پێشکەوتنی ڕێزمانەکەی. دوای ئەم بەشە کۆتاییەش ئەنجامی باسەکەم بە کورتی بە دەستەوەداوە. بەو هیوایەم کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی لە بواری زمانەوانیدا پڕ بکاتەوە.

# بەشی یەکەم
# هەندێ بنەمای ڕێزمانی دۆخ

**(١) سەرەتا:**

چۆمسکی لە شاکارەکەی ساڵی(١٩٦٥)یدا سەربەخۆیی ئاستی ژێرەوەی ڕێزمان و پێکهێنەرەکانی واتای بەدیار خست و هەردوو ئاستی (ئاستی ژێرەوە و سەرەوە)ی بە بنەمایەك بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ڕستە دانا.[١]

هەر لەو سەردەمەوە لە چەندین لاوە ئاستی ژێرەوەی ڕێزمانەکەی چۆمسکی کەوتە بەر ڕەخنەیەکی توندوتیژ بە بیانووی ئەوەی کە تەنکە و پەیوەندییەکی زۆر دەخاتە لاوە. سەرهەڵدانی تیۆرەکەی فیلمۆر (١٩٦٨) دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی ژێرەوەی قووڵ، بە شێوەیەك نەك هەر تەنیا پۆلە کەرەسەکان، بەڵکو پەیوەندییەکانیشیان (ئەرکەکانیان) نیشان بدات. پەیوەندیی نێوان فۆرم و ئەرك زۆر گرنگ و بەربڵاوە، چونکە لە سینتاکسدا هەموو شتێك دەگرێتە خۆی، یەکێك لە بنەما هەرە دیارەکانی ڕێزمانەکەی فیلمۆر ئەوەیە، کە ڕستە لە ئاستی ژێرەوەیدا بریتیە لە کارێك و کۆمەڵە دۆخێکی واتایی ڕێکنەخراو کە گشتگیر و سەراپان، واتە لە هەموو زمانێکدا دەبینرێن. بەم شێوەیە فیلمۆر پێشنیارەکەی پێشکەش کرد و ڕوونی کردەوە کە ئاستی ژێرەوەی هەر ڕستەیەك لە بار (Modality) و بنە (Proposition) پێکهاتووە. (بار) بە پێناسەکەی ئەو بریتییە لەو هۆکارانەی کە بە گشتی باسی ڕستە دەکات، وەك: نەرێ، پرسیار، ڕێژە (موود)، ڕادە، بانگکردن و سەرسووڕمان. (بنە)ش ئەو کۆمەڵە کەرەسانە دەگرێتەوە، کە بەشە هەڕەمەکییەکانی (تقلیدی) ڕستەی پێ

---

١ بڕوانە : Jenan A. K. ١٩٨٨, ٥.

بەدیار دەکەوێت، بە واتایەکی تر (بنە) بریتییە لە دیاردە بنـچینەییە هاوبەشـەکان لە ڕسـتەی سـادەدا کـە لـە کارێك و فرێزێکـی نـاوی یـا لـە چـەند فرێزێکـی نـاوی پێکهاتووە، کە فیلمۆر ناویان دەنێ دۆخ (Case)[1].

### (٢) بەرناو و ئەرك:

داناني بيناي ژێرەوە و نەخشەکێشانی لە هەموو زمانێکدا دەبـێ لـە ئـەنجامی تێبینیکردنـی بینـای ئاسـتی سـەرەوە دەسـت پێبکـات. لـە ئاسـتی سـەرەوەدا پەیوەندیی نێوان وشە و کۆمەڵە وشەی ڕستە بـە چـەند ڕێگایـەك نیـشان دەدرێ، وەك: داناني گێرەك و ڕیزکردنی وشە و ئاواز و وشەی کارکەر. بە پێی ئەم ڕێبـازە ئەگەر سەرنجی زمانی کوردی بدەین دەبینین لە کوردی ئێستادا گـێرەك زۆر کـەم بەکاردێت، بەڵام لە کوردی کۆندا گـێرەك هـەبووە و بـەکار هـاتووە و تـا ئێـستاش پاشماوەی لە هەندێ بارودۆخدا ماوەتەوە، بە تایبەتی لە بواری جـنس و ئیزافـە و کات و بانگهێشتندا. ئـەم گێرەکانـە لـە هـەموو دیالێکتـەکانی کوردیـدا دیـارن. لـە دیالێکتی خوارووی زمـانی کـوردی بـە تایبـەتی لـە ناوچـەی سـلێمانی و هـەولێر و هەندێ شوێنی تر نیـشانەی جـنس نـەماوە، بـەڵام لـە کـاتی بانگهێـشتندا هەنـدێ نیشانەی جیا بۆ نێر و مێ دەبینرێت:

| | |
|---|---|
| **کوڕە مەڕۆ** | (ە) نیشانەیە بۆ جنسی نێر. |
| **کچێ مەترسە** | (ێ) نیشانەیە بۆ جنسی مێ. |

لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا نیشانەکانی جنس تەواو ئاشکرایە، جنسی نێر گێرەکی (ێ)ی پێوە دەلکێت و جنسی مێینە گێرەکی (ا) وەردەگرێت:

| | |
|---|---|
| **هەسپێ قەمەر.** | (ێ) نیشانەی جنسی نێرە. |
| **مەهینا قەمەر.** | (ا) نیشانەی جنسی مێینە.[2] |

---

١ Fillmore, ١٩٦٨, ٢١.

٢ جگەرخوێن، ١٩٦١، لاپەڕە ٢٦.

لەمەش ئاشكراتر نیشانەی جنسە لە ڕاناوی جودا، كە بە تەواوی نێر و مێ لێك جیا دەكرێنەوە و هەر جنسە ڕاناوی جودا و سەربەخۆی هەیە، كە بە گێرەكەكەیدا دەستنیشان دەكرێت:

**وێ خواریە - ڤی خواریە. (وێ، ڤێ) نیشانەی جنسی مێیە = ئەو**

**وی خواریە - ڤێ خواریە. (وی، ڤی) نیشانەی جنسی نێرە[1] = ئەو**

لەم دیالێكتەدا جنسەكانی ناو لە وەرگرتنی نیشانە بۆ نێر و مێ یاسایەكی ڕێكوپێكیان هەیە و لە ڕێگەی ئەم نیشانانەوە ناوەكان لێك جیا دەكرێنەوە. هەر كاتێ ناو لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بێت، نیشانەی (ێ) بۆ جنسی مێ و نیشانەی (ی) بۆ جنسی نێر وەردەگرێت، هەروەها لە كاتی بانگهێشتدا جنسی نێر گێرەكی (ۆ) وەردەگرێت و جنسی مێ گێرەكی (ێ)ی دەچێتە سەر، هەر وەك لەم نموونانەدا بەرچاو دەكەوێت:

**باڤۆ تۆی كەنگێ هەری شەهر؟ (ۆ)[2]**

**كچێ وەرە بخونە. (ێ)**

هەمدیسان لە دۆخی ئێزافەشدا نێر و مێ نیشانەكانیان جیاوازە، گێرەكی (ا،ە) تایبەتە بە جنسی مێ و گێرەكی (ێ، ی) تایبەتە بە جنسی نێر:

**خەبەرە هاتنا من زوو لناڤ گوند بەلاڤ بوو. (ا) نیشانەی مێینە**

**چاڤەكێ خێری مندا هاتییە.[3] (ە) نیشانەی مێینە**

**دەستێ خۆ ئاڤێتە دەستێ من. (ێ) = نێرە**

**بەگ كۆنەكی چووك دا بوو باڤێ من.[4] (ی) = نێرە**

لە دیالێكتی هەورامیدا نیشانەی جنس لە ڕاناوی جودادا زۆر ئاشكرایە و بە تایبەتی لە كەسی سێیەمی تاكدا بەدیار دەكەوێت:

---

١ هەمان سەرچاوە.

٢ ڕێزمانی كوردی، ١٩٨٤، لاپەڕە ٧٧.

٣ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٩٠.

٤ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٩١.

**ئاد ئازان** . واتە ئەو ئازایە (ئاد) بۆ جنسی نێرە.

**ئادە ئازانە.** = = (ئادە) بۆ جنسی مێینە.[1]

هەروەها نیشانەی جنس لەگەڵ ناویشدا بە دیاردەکەوێت لە حاڵەتی تاکدا بۆ وێنە:

**شیرینە** واتە: (شیرین) ناوی ئافرەتە (ە) نیشانەی مێیە

**شانازە** واتە: (شاناز) ناوی ئافرەتە (ە) نیشانەی مێیە.

ئەم نیشانەیەش زۆر جار دەگۆڕێ بۆ نیشانەی (ێ) وەك: فاتێ، ڕوقێ.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا دۆخی جنس لەگەڵ ئاوەڵناویشدا ڕێکدەکەوێت، واتە ئەگەر ناو نێر بوو، دەبێ ئاوەڵناوەکەشی نێر بێت. ئەگەر مێ بوو، دەبێ ئاوەڵناوەکەشی نیشانەی مێ وەرگرێت:

**کامەران ژیرا** واتە کامەران ژیرە.

**شیرینە ژیرەنە** واتە شیرین ژیرە.[2]

ئەگەر زیاتریش لە زمانی کوردی ورد بینەوە، دەبینین لە هەموو دیالێکتەکاندا هێشتا زۆر شوێنی تر هەن، کە پاشماوەی نیشانەی نێر و مێیان پێوە دیارە.

سەرەڕای ئەمەش تەنانەت لە زاری خوارووشدا نیشانەکانی دۆخ پاشماوەیان لە هەندێ کاتدا ماوەتەوە وەك: **شەوێ**، **بەهارێ**، **زستانێ**.. هتد.. لە کاتی ئیزافەشدا دۆخ بە ڕێکوپێکی بەرچاو دەکەوێت:

**کوڕی شار.**

**پیاوی لادێ.**

**هەناری شیرین.**

**چەقۆی تیژ.**

ئەگەر بەراوردی گیرەکەکانی زمانی کوردی لەگەڵ ئەو گیرەکانە بکەین، کە لە هەندێ زمانی هیندۆئەورووپیدا هەن، وەك: (ئەڵمانی و فینلەندی)، دەبینین ژمارەیان زۆر کەمە و بەکارهێنانیشیان سنووردارە (محدود).

---

١ محەمەد ئەمین هەورامی، ١٩٨١، لاپەڕە ٢٧١.

٢ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٧٢.

لـه دیـالێكتی كرمـانجی خـوارووردا ڕیزكردنـی وشـه و ئـاوازه ئـەو ڕۆڵـە گرنگـه نـابینین، وەك ئـەوەی لـه وشـەی كاركـەردا بـۆ پیـشاندانی پەیوەنـدیی نێـوان كەرەسەكانی ڕسته هەیه. وشـەی كاركـەریش بـەرناوەكان و دەسـتەواژەی بـەرناو دەگرێتەوە، كه له بەرناوێك و ناوێك یـا ڕاناوێـك پێكهـاتوون. ئـەو دەسـتەواژانەش هیچ كاتێ له ڕستەدا توانای ئەوەیان نییە، ببن به بكەر یا بەركاری ڕاستەوخۆ.

لەم دەسـتەواژانەدا تایبەتییـەكی تـریش هەیـه، كـه لـه وشـەیەك یـا ناوێـك یـا ئاوەڵناوێك پترن، بەرناوەكان هەرچەنده كەمن، بەڵام زۆر بـەكاردێن، هەنـدێ جـار له ئەركدا له گـیرەك دەچـن. دیـسان بـه پێـچەوانەی نـاو و ئاوەڵنـاو كۆمەڵەیـەكی داخراو پێكدێنن. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی بەرامبەری نێوان بەرناوی (له ــ بـه) پەیوەندییەكی واتاییە، زیاتر له پەیوەندیی نێوان پشیله و سەگ دەچـێ، وەك لـه پەیوەندیی نێوان ڕاناوی جودای من و ئەز له كرمانجی ژووروودا.

بـەرناو دەكەوێتـه پـێش ناوێـك، یـا ڕاناوێـك و لەگەڵیـدا فرێزێكـی بـێ كاكڵـه پێكدێنێت.[1]

ئەم فرێزانەش خۆیان دەبنه پێكهێنەری فرێزی ناوی و گرێـی و ئاوەڵكـاری لـه ڕستەدا، بۆ نموونه:

**به پێ دێم (ئاوەڵكار)**

**بەلاداهات (كاری لێكدراو).**

**بێ ناز بوو. (فرێزی ئاوەڵناوی).**

بەو ئاسـانییەی كـه فرێـزی بـەرناوی دەچـێته نـاو فرێـزی تـرەوە لـه لایـەك و پەیوەندی لەگەڵ كارێكی دەرەوەی فرێزەكه پەیدا دەكات و (**دای به مـن، هێنـای**

---

١ فرێزی بێ كاكڵه ئەو جۆره فرێزەیە، كه یـەكێك لـه پێكهێنـەرەكانی ناتوانێـت لـه ڕسـتەدا جێگـەی بگرێتەوە، وەك:

من له ماڵەوەم.

به پێـچەوانەشەوە فرێـزی بـه كاكڵـه (كاكڵـەدار) ئـەو جـۆره فرێزەیـە، كـه یـەكێك لـه پێكهێنـەرەكانی دەتوانێت جێگەی بگرێتەوە، وەك:

كراسێكی جوانی كڕی ← كراسێكی كڕی.

**بۆ من، داینا لای من، وتی بە من.. )** نەك ناوەکە خۆی و پلەی نووساندنی بە ناوەکەیەوە، ئەمانە هەموو بوونەتە مایەی تەمومژ لە شیکردنەوەیاندا.

کاتێ یاساکانی گوێزانەوەش لەبەرچاو دەگرین، دەربارەی گرنگی دەوری وشەی کارکەر لە زاری کرمانجی خوارووودا هەندێ ڕاستی تر دەدۆزینەوە:

١– بوونی (لەلایەن، بە، بۆ) لەگەڵ کارای ڕستەی بکەرنادیاردا بۆ نموونە: **بە من ناکرێ، بۆ من ناخورێ، بە مندا نێردرا، لەلایەن ئەوەوە ئامادە دەکرێ.**

٢– بوونی بەرناوی (لە، بە) لەگەڵ بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەك: **بە منی دا، لە منی دا، بە مندا ناردی، بۆ تۆم کرد.**

٣– بوونی نیشانەی ئیزافە (کە هەندێ کەس بە بەرناوی دادەنێن).[1] لەگەڵ بکەری کاری تێنەپەڕ و بەرکاری تێپەڕدا کە وەك ناو/چاووگ بەکاردێن:

**هاتنی ئێوە** ⟵ **ئێوە هاتن.**

**کوشتنی کابرا** ⟵ **کابرا کوژرا** ⟵ **ئەوان کابرایان کوشت.**

٤– بەرامبەر وەستانی بەرناو لەگەڵ ئەو گیرەکانەدا کە پاشماوەی دۆخن:

**شەوێ** ⟵ **لە شەودا**

**بەیانی** ⟵ **لە بەیانیدا**

**دەچمە کەرکوکێ** ⟵ **دەچمە کەرکوك** ⟵ **دەچم بۆ کەرکوك.**

**دایمێ** ⟵ **دای بە من.**

هەروەك وشەی کارکەر لە پیشاندانی پەیوەندیی نێوان کەرەسەی ڕستەی کوردی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، ڕێکەوتنیش لە دەرخستنی ئەم پەیوەندییە ڕۆڵێکی زۆر گرنگتری هەیە. ڕێکەوتن بە دوو شێوەی جیا بەدیار دەکەوێت:

ا ـ ڕێکەوتن لە نێوان بەشە بنچینەییەکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، کار).

ب ـ ڕێکەوتنی بەشەکانی ڕستە لە کەس و ژمارە و جنس و دۆخدا.[2]

کاتێ لە زمانی کوردی ورد دەبینەوە، دەبینین دیالێکتی کرمانجی ژووروو دەکەوێتە ژێر ڕێکەوتنی خاڵی (ا)، کە لە هەموو حاڵەتێکدا بکەر لەگەڵ کاردا

---

١ نوری عەلی ئەمین، ١٩٨٦، لاپەڕە ٥٦.

٢ وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٢ أ، لاپەڕە ١٦.

ڕێکدەکەوێت، تەنیا لە ڕابردووی تێپەڕ نەبێ، کە لە کەس و ژمارەدا بەرکار لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەوێت. هەر لەبەر ئەوەشە بە ئێرگەتیڤ (Ergative) ناو دەبرێن، واتە درەکەوتن و دەرنەکەوتنی بەرکار لە هەندێ دەوروبەردا دەور دەگێڕێ ، لە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ڕاناوی لکاو لە هەندێ دەوروبەردا.[1]

| | |
|---|---|
| ئازاد ڕزگار و ئاهەنگ دیتن. | ڕابردووی تێپەڕ |
| ئازاد و ڕزگار نان دخۆن | داهاتووی تێپەڕ |
| هون دنڤن | داهاتووی تێنەپەڕ |
| تو نڤستی | ڕابردووی تێنەپەڕ |

دیالێکتی کرمانجی خوارووی سەر بە ڕێکەوتنی خاڵی (ب)یە، کە بکەر و کار لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون. واتە بکەر لە کام کەس و ژمارەدا بێت، کاریش ڕاناوێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت، وەك:

**من نووستم.**

**ئێمە نووستین.**

**مەلەوانەکە بەجەرگە.**

**منداڵەکان هاتن.**

وەك لە نموونەکانی پێشوودا دەردەکەوێت، بەرناو کە بەشێکە لە وشە کارکەرەکانی کوردی، لە دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان کەسەرەکانی ڕستە دەورێکی گرنگ دەبینێ،بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگترە، ئەو پەیوەندییە ڕێکوپێکەیە کە لە نێوان گیرەکەکانی دۆخ و بەرناودا هەیە، کە لە زۆر زماندا تێبینی کراوە. فیلمۆر لە چوارچێوەی بۆچوونەکەیدا ئەم جۆرە تایبەتییانەی بەرچاو گرتووە و بۆ ئەوە دەچێ، کە زاراوەی دۆخ لە واتا تەسکە بنەڕەتییەکەی بترازێنێ.[2] کە پەیوەندییەکی پتەوی بە گیرەك دانانەوە هەیە و واتایەکی هێندە فراوانی بداتێ، تا هەموو ئەو پەیوەندییە واتاسازی و سینتاکسییانە بگرێتەوە، کە نموونەکانی سەرەوە دەیخەنەڕوو. لەوانەشە زاراوەکە لە شوێنی خۆیدا نەبێ، لەبەرئەوەی کە لە مێشکی زۆربەماندا بەندە و لەگەڵ گیرەکە ناوییەکاندا تێکەڵە.

---

١ وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٢ ب، لاپەڕە ٤١.

Fillmore, ١٩٦٨, ٨. ٢

به ڕای فیلمۆر گیرەکەکانی دۆخ کە وەك (سەر و بۆر و ژێر) لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێن، هەموو سەر بە ئاستی سەرەوەن، کە هەندیٚجار نیشانە دۆخیەکانی ژێرەوە پیشان دەدەن. بکەر و بەرکاریش بە لایەوە لە دیاردەکانی سەرەوەن، نەك ئەو ئەرکە بنەڕەتییانەی کە ڕیزبوونی کەرەسەکانی ژێرەوە دیاری دەکەن. لەم ڕووەوە من بۆچوونەکەی فیلمۆر بە ڕاست دادەنێم و دەمەوێ لایەنێکی سینتاکسیی کوردی بدەمە بەر تیشکی ئەو ڕایە. وەك هەنگاوێکی سەرەتایی و پێویست بۆچوونەکەی فیلمۆر دەخەمەڕوو، بێ ئەوەی بە دوای کورتەی تێڕوانینەکەیدا تەبریری بۆ بێنمەوە، لەو یاسایانەی فیلمۆر دەدوێم کە بە هۆیانەوە دۆخ دەهێنێتە ئاستی ژێرەوە.

**(بەمە لەوەی چۆمسکی جیا دەکاتەوە، کە هەر گوێ بە پۆل دەدات و ئەرك دەخاتە لاوە)** هەر لە سەرەتاوە پێویستە ئەوە دەرخەین کە فیلمۆر خۆی بە دارشتنی یاساوە خەریك ناکات و یاسا دارشتن لایەنێکی گرنگی کارەکەی نییە.[1]

## ٣- پەیوەندییەکانی دۆخ:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لە دۆخ ئەو پەیوەندییە سینتاکسییانەیە، ناو و ئەو ڕۆنانە دەگرێتەوە کە تێیدا بەکاردێت. ئەم پەیوەندییانەش ئاسایی لە ڕووی واتاوە گرنگن.[2] وا لە خوارەوە لەو دۆخانە دەدوێم، کە فیلمۆر لە بەرهەمەکانیدا دەستنیشانی کردوون.

### ١- دۆخی کارا Agentive:

ئەو دۆخە زیندووەیە (Animate) کە بە کارێك هەڵدەستێت، یان ڕووداوێك دەنێتەوە و بە ئەنجامی دەگەیەنێت.[3] وەك ئەوەی لەم نموونانەدا بەدیار دەکەوێت:

---

١. Fillmore, ١٩٧١, ٣٥.
٢. Fillmore, ١٩٦٨, ٥.
٣. Ibid, ٢٤.

**زیرەك (كارا) نامەكەی خوێندەوە.**

**زیرەك (كارا) نامەكەی بە قوتابییەكان خوێندەوە.**

وردبوونەوە لەم دوو ڕستەیە بۆمان دەردەخات، كە (زیرەك) لە هەر دووكیاندا لە دۆخی كارادایە، چونكە لە ڕستەی یەكەم كارەكەی كردووە و لە ڕستەی دووەمیش بۆتە هۆی ئەنجامدانی كارێك كە خوێندنەوەكەیە. هەر بە پێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە دەتوانین بڵێین هەموو كارایەك بكەری ڕێزمانی دێرینە لە ڕستەدا، بەڵام بە پێچەوانەشەوە نابێت، واتە هەموو بكەرێكی ڕێزمانی كارا نییە، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین بنەمای هەرە گرنگ لە كارادا ئەوەیە، كە دەبێ زیندوو بێ و توانای ئەنجامدانی كارێكی هەبێ. دیسانەوە كارەكەش دەبێ لەو كارانە بێت، كە توانای هەڵبژاردنی كارای تێدا هەبێت. بۆ نموونە ئەم جۆرە كارانەی ناو كەوانەكە (**شكا ـ دڕا ـ كولا ـ ڕووخا ـ خورا ـ پسا ـ باری... هتد**) لە توانایان نییە كارا یەكسەر هەڵبژێرن بە بێ پاشگری (اند)، لەبەرئەوە لەگەڵ كارادا نایەن. هەر كاتێ ئەم پاشگرەش بچێتە سەر ئەم كارانە، دەیانكات بە كۆزەتیڤ و توانای ئەوەیان دەداتێ، كە كارا هەڵبژێرن، وەك:

*** كاوە شكا. ⟵ كاوە (كارا) بوو،كە شوشەكەی شكاند.**

*** شەونم كولا. ⟵ شەونم (كارا) چێشتەكەی كولاند.**

بەم پێیە دەتوانین بەشێكی زۆر لە كارە ناوەندەكان (Middle) لە كارەكانی تر دابڕ بكەین، بەوەی كە توانای هەڵبژاردنی كارایان تێدا نییە، لە هەمان كاتیشدا لە ڕستەدا زۆر ئاسایی بكەری ڕێزمانی هەڵدەبژێرین:

**باران (بكەر) باری.**

**دارەكە (بكەر) شكا.**

**چێشتەكە (بكەر) كولا.**

**داوەكە (بكەر) پسا.**

لەم جۆرە ڕستانەدا بە ئاسانی هەست بەوە دەكرێت، كە بكەرەكانیان هیچ ڕۆڵێكیان لە ڕوودانی كارەكاندا نییە و هیچ دەورێكیشیان نابێ، چونكە ڕوودانی كارەكان بە پێی ئارەزووی بكەرەكانیان نییە، هەر لەبەر ئەوەشە بە فرێزە

ناوییەکانی ئەم جۆرە ڕستانە ناگوترێ کارا. جۆرێکی تریش لە کار هەیە کە کارا وەرناگرێت، وەك ئەو کارانەی کە بارێکی هۆشەکی، یا دەروونی نیشان دەدەن، وەك: حەزکردن، زانین، باوەڕ کردن، دڵ پێوە بوون، پێ خۆش بوون، ڕق لێ بوون.. هتد.

**١- حەزی لە کچی مامی کردووە.**

**٢- باوەڕی بە زیندووبوونەوە نییە.**

**٣- مامۆستا زۆر ڕقی لە قوتابی درۆزنە.**

دیسان لە پاڵ ئەم کارانەشدا کاری تر هەیە، کە کارا وەرناگرێت، بۆ نموونە کاری بارگەیێن، واتە ئەو کارانەی بار حاڵەت) پیشان دەدەن:

**وێنەکە زەرد هەڵگەڕا.**

**شاخەکە سپی دەچێتەوە.**

**شاییەکە دوێنێ بوو.**

**ئاهەنگەکە بەیانییە.**

سەرنجێکی ئەم نموونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات، کە کاریش لە هەڵبژاردنی کارادا ڕۆڵی هەیە، واتە ناتوانین بڵێین هەموو کارێك بە گشتی کارا وەردەگرێت. شایانی سەرنجە کە کار بە هەردوو جۆرییەوە (تێپەڕ و تێنەپەڕ) کارا وەردەگرێت، بە مەرجێ کارەکە توانای هەڵبژاردنی کارای تێدا هەبێت.

بە واتایەکی تر هەڵبژاردنی دۆخەکان دەکەوێتە ئەستۆی کارەکانەوە، کارەکانیش ئەو دۆخانە بەدیار دەخەن، کە لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون. هەموو کارەکانیش بە پێی توانای خۆیان چەند دۆخێك هەڵدەبژێرن، بۆ نموونە کاری تێنەپەڕ کە کارێکی یەك لاییە، یەك بۆشایی پڕ دەکاتەوە و توانای ئەوەی هەیە جگە لە کارا چەند دۆخێکی تری لەگەڵدا بێت:

**من (کارا) هاتم.**

**من (کارا) بە شەو هاتم.**

**من (کارا) بە شەو بە پێ هاتم.**

کاری تێپەڕیش لەو کارانەیە کە دوو بەشدار، یـان زیـاتری لەگەڵـدا دێـت، واتـە هەمیشە لـە دۆخێـك زیـاتر لەگـەڵ کـاری تێپـەڕدا بەرچـاو دەکـەوێت، بـە مـەرجێ یەکێکیان کارا بێت:

**منداڵەکە (کارا) نانەکەی خوارد.**

**منداڵەکە (کارا) نانەکەی لە باخەکەدا خوارد.**

بە ڕای هەندێ کەس فراوانترین سنووری کاری تێپەڕ لە سنووری پڕکردنـەوەی چوار بۆشایی تێناپەڕێت، کە دەبێتە چوارلایی[1] وەك: **وەرگرتن، سەندن.**

**دلێر (کارا) پارە لە باوکم بۆ من وەردەگرێت.**

**من (کارا) بۆ تۆ کتێبەکە لە کامەران دەستێنم.**

بەڵام هەر ئەم کارانەش توانای هەڵبژاردنی زیاتر لە چوار دۆخیـان تێـدا بـەدی دەکرێت:

**دلێر (کارا) بە شەو پارە لە باوکم بۆ من وەردەگرێت.**

**دلێر (کارا) بە شەو لە ماڵ پارە لە باوکم بۆ من وەردەگرێت.**

بەشێکی زۆری ئەو ڕستانەی پێشەوە ئەوە دەردەخەن کە لە ڕستەدا کـارا بـە تەنیا و لەگەڵ دۆخەکانی تریشدا بەدیار دەکەوێت. هەروەها لە ڕستەیەکی سادەدا کارا لە توانایدا هەیە لەگەڵ پێنج دۆخی تریش دەرکـەوێت. دیـسانەوە تـا کـارا لـە ڕستەدا هەبێت، هیچ دۆخێکی تر توانای نییە شوێنی بگرێتەوە، واتە ببێتە بکـەری ڕێزمانی.

### ٢- دۆخی ئامێر Instrument:

ئـەم دۆخـە ئـەو فرێـزە ناوییانـە دەگرێتـەوە، کـە بـێ هـۆش و بـێ گیـانن (Inanimate) و دەبنـە هۆکـار لـە ئەنجامـدانی کارەکـانی نـاو ڕسـتە و بـە هـۆی کارەوە دەستنیشان دەکرێن.[2]

**شیرین (کارا) دەرگاکەی <u>بە کلیل</u> (ئامێر) کردەوە.**

---

١ مەحمود فەتحوڵڵا، ١٩٨٨، لاپەڕە ٣٠.

Fillmore, ١٩٦٨, ٢٤. ٢

به قسه (ئامێر) ئازاری دام.
بزمارەکە (ئامێر) برینداری کردم.
بە کارەبا (ئامێر) سووتا.

سەرنجدانی ئەم ڕستانەی پێشوو ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات، کە ئەو فرێزە ناویانەی هێڵیان بەژێردا کێشراوە لە دۆخی ئامێردان، چونکە لەگەڵ کارەکانیاندا جۆرە پەیوەندییەك لێکی گرێداون، بە هۆی ئەو پەیوەندییەوەش دەتوانین ناویان بنێین ناوی ئامێر. گەڕانەوشمان بۆ پێناسەکەی سەرەوە ئەم ڕاستییە دەچەسپێنێ، دۆخی ئامێر بە زۆری لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت، کە ڕووداو پیشان دەدەن. تەنانەت بەرناوی (بە)ش دەکەوێتە پێش ئەو ناوانەی کە وەك ئامێرێك لە بەدیهێنانی ڕووداوەکە دەوریان دەبێ، وەك: بە ئاگر، بە دەست، بە بەریددا، بە خەنجەر، بە گوللە، بە قسە... هتد.

منداڵەکە (کارا) بە ئاگر (ئامێر) دەستی براکەی سووتاند.
چا بە دەستی تۆ (ئامێر) ناخۆم.
سەردار (کارا) بە خەنجەر (ئامێر) دزەکەی کوشت.
نامەکەم بە بەریدا (ئامێر) ڕەوانە کرد.

ناوی ئامێر لە توانایدا نییە ببێتە بکەری ڕستەی نادیار، بەڵام هەروەکو سەربار لە ڕستەدا دەمێنێتەوە.[1]

بە قسە (ئامێر) هیچ نەوترا ⟵ هیچ نەوترا.
بە چەقۆ (ئامێر) بریندار کرا ⟵ بریندار کرا.

دۆخی ئامێر بە پێی کارەکەی بە تەنیا و لەگەڵ دۆخەکانی تریشدا ڕێکدەکەوێت، هەروەك ئەم نموونانە دەریدەخەن:

منداڵەکە (کارا) بە بەرد (ئامێر) پەنجەرەکەی شکاند.
نامەکە بە دەستی (ئامێر) خۆت نووسراوە.
شاخەکە بە بەفر (ئامێر) داپۆشراوە.
سەربازەکان بە شەو بە گوللە (ئامێر) سوپای دوژمنیان شکاند.

١ فەریدون عەبدول، ١٩٨٨، لاپەڕە ١٠١.

**بە شەو لە چایخانە بە قسەی ناشرین (ئامێر) دڵم توند بوو.**

**ناوی ئامێر توانای ئەوەی هەیە ببێتە بکەری ڕێزمانی، لە کاتێکدا کارا لە ڕستەدا نەبێ، وەك بەو ڕستانەدا دەردەکەوێت:**

**گوللە کوشتنی.**

**بەردەکە شووشەکەی شکاند.**

*** ئەو بەردەکە شووشەکەی شکاند.**

**ئەو بە بەرد شووشەکەی شکاند.**

### ٣- کارتێکراو Dative:

**ئەو دۆخە زیندووەیە کە بە هۆی بارێکەوە کاری تێکراوە[1]، یان ئەو کەسەیە کە ڕووداوێك کاردەکاتە سەری، یا شتێکی بەسەردێنێ، وەك ئەم فرێزە ناوییانەی لەم ڕستانەی خوارەوەدا هێڵیان بە ژێردا کێشراوە:**

**کاوە (کارا) دزەکەی (کارتێکراو) کوشت.**

**نەریمان (کارا) منداڵەکەی (کارتێکراو) هەڵخەڵەتاند.**

**دایکەکە (کارا) منداڵەکەی (کارتێکراو) بە شیری قوتوو (ئامێر) بەخێوکردووە.**

**فەرەیدوون (کارتێکراو) لەو بڕوایە بوو، کە یارییەکە دەباتەوە.**

**دۆخی کارتێکراو لە دوا بەرهەمەکانی فیلمۆردا بۆ دۆخی (چێژەر Experiencer)[2] گۆڕاوە و بواری بەکارهێنانیشی وا فراوان بووە، کە هەردوو دۆخەکە (کارتێکراو و چێژەر) بگرێتەوە. ئەم دۆخە بەوە دەستنیشان کراوە، لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت، کە شارەزایی و گۆڕان لە باری هۆشەکی و دەروونی کەسێکدا پیشان دەدەن، بۆ نموونە ئەو فرێزە ناوییانەی لەم ڕستانەی خوارەوەدا هێڵیان بە ژێردا هاتووە، لە دۆخی چێژەردان:**

---

١. Fillmore, ١٩٦٨, ٢٥.

٢. Fillmore, ١٩٧١ b, ٣٧٦.

**باوکم (چێژەر) لەپێ کەوتووە.**

**وریا (چێژەر) بەر ئۆتۆمۆبیل کەوت.**

دۆخی کارتێکراو بە زۆری لەگەڵ کارە تێپەڕەکاندا دێت، کە توانا و ئامادەبوونێکی گەورەی تێدایە، تا لە ڕستەی بکەرنادیاردا شوێنی کارا بگرێتەوە.

**نەریمان (کارا) منداڵەکەی (چێژەر) هەڵخەڵەتاند ——> منداڵەکە هەڵخەڵەتێنرا.**

### ٤- دۆخی هەواڵدان Faotitive:

ئەم دۆخە بابەتێکە، یا ئەنجامی ڕووداو و بارێکە کە بە هۆی کارەکەیەوە لە ڕستەدا دیاری دەکرێ.[1] بە واتایەکی تر ئەم دۆخە واتای کارێك تەواو دەکات و کۆتایی بەرهەمی کارێك پیشان دەدات، دوای تەواوبوونی کارەکە. دۆخی هەواڵدان تەنیا لە بەرهەمی یەکەمی فیلمۆردا دەبینرێ و لە بەرهەمەکانی تردا گۆڕاوە بۆ دۆخی ئەنجام Result، نموونەی ئەم دۆخەش لەم ڕستانەدا دەبینرێت:

**ئەوان خانووێکیان (ئەنجام) کرد.**

**کرێکارەکان کارگەکەیان (ئەنجام) دروست کرد.**

**بوومەلەرزەکە شارەکەی (ئەنجام) وێران کرد.**

**منداڵی بەڕەڵڵا دیواری باغەکەیان (ئەنجام) ڕووخاند.**

وەك بەم ڕستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، دۆخی هەواڵدان، یان ئەنجام بارێك پیشان دەدات، کە لە قۆناغی پێش ڕوودانی کارەکەدا نەبووە و تەنیا لە ئەنجامی ڕوودانی کارەکەدا هاتۆتە ئاراوە. ئەم دۆخە بە تایبەتی لەگەڵ کارێکی وەك:

**هاتنەکایە، دروستکردن، ڕوخاندن، وێرانکردن، بنیاتنان، دانان... هتد دەبینرێت.**

---

[1] Fillmore, ١٩٦٨, ٢٥.

### ٥- دۆخی باس Object:

دۆخێکی واتایی زۆر بێلایەنە، ئەو شتەیە کە لە ڕستەدا پەیوەندی بە ناوێکەوە هەیە و ڕۆڵەکەشی لە ڕوداوێك، یا لە بارێکدایە، کە بە هۆی کارەوە ڕوون دەبێتەوە.[١] بە واتایەکی تر بەو شتە دەوترێ کە ڕووداوەکە کاری کردۆتە سەری یا ڕووداوکەی بەسەر هاتووە:

کامەران (کارا) دەرگاکەی (باس) کردەوە.

دەرگاکە (باس) کرایەوە.

ئاوەکەم ( باس) گەرم کرد.

نانەکەم (باس) برژاند.

ئەم دۆخە بە گشتی لەگەڵ ئەو کارە تێپەڕانەدا دێت، کە بار و ڕووداو پیشان دەدەن. زاراوەی ئەم دۆخەش نابێ لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ تێکەڵ بکرێ، هەروەها نابێ لەگەڵ دۆخی (نصب)دا هاوواتا بێت.

شیرین (کارا) کراسەکەی (باس) دەدوورێت.

شێردڵ (کارا) دەرسەکانی (باس) دەخوێنێتەوە.

دۆخی باس لە گرتنی شوێنی کارا لە ڕستەی بکەرنادیاردا لە هەموو دۆخەکانی تر بەتواناترە.

ئازاد (کارا) پەنجەرەکەی (باس) شکاند ← پەنجەرەکە (باس) شکێنرا.

منداڵەکە (کارا) شووشەکەی (باس) دزی ← شوشەکە (باس) دزرا.

سنووری دەرکەوتنی ئەم دۆخە جگە لە دۆخی کارا لە هەموو دۆخەکانی تر فراوانترە و لەگەڵ زۆربەی دۆخەکانی تردا دێت، ئەم ڕستانەی خوارەوەش ئەم ڕاستییە بەدیار دەخەن:

سەردار (کارا) کەپرەکەی (باس) ڕوخاند.

ڕەشەباکە (ئامێر) کەپرەکەی (باس) ڕووخاند.

خانووەکەی (باس) لە ئێمە (کارتێکراو) داگیر کرد.

نامەکەی (باس) بەودا بۆ بەغدا نارد.

---

١ Ibid.

شەویٚ براکەم (کارا) مێزەکەی (باس) لە ژوورەوە بردە ناو باخچەکە.

لە بەغدا زۆر کەم باران (باس) دەبارێت.

### ٦- دۆخی شوێن Locative:

دۆخی شوێن ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە شـوێنی ڕوودانـی کـار نیـشان دەدەن.[١] ئـەو فرێـزە ناوییانـەی دەستنیـشان کـراون، لـەم نموونانـەدا لـە دۆخـی شوێندان:

لە قوتابخانە (شوێن) فێری خوێندن دەبین.

کرێکارەکان (کارا) لە کارگەی شەکر (شوێن) کاردەکەن.

لە هەولێر (شوێن) بەفر (باس) کەم دەبارێ.

ئەم شارە (شوێن) خۆشە.

لەو ماڵە (شوێن) شاییە.

شوانەکە (کارا) لە ژێر کەپرەکەدا (شوێن) نان (باس) دەخوات.

شایانی باسە دۆخی شوێن لەگەڵ زۆربەی دۆخەکانی تردا دێت، لەو دۆخانەشە کە لە هەموو بەرهەمەکانی فیلمۆردا ناوی هاتووە و باسی کراوە.

### ٧- دۆخی ئامانج Goal:

ئەم دۆخە لەو دۆخانەیە کە فیلمۆر لە بەرهەمی ١٩٧١دا ناوی هێنـاوە و وەکـو دۆخێکی سەربەخۆ ڕەفتاری لەگەڵ کردووە و بەم شێوەیەش ڕوونی کردۆتەوە:

(ئەو شوێنە یا خاڵەیە، کە هەندێ شت بۆی دەڕۆن، یان دەکشێن).[٢]

واتە دۆخی ئامانج دەستنیشانی کۆتایی بـاس، یـان بـار (State) یـا کـاتێکی دیاریکراو، یا شوێنێك دەکات وەك:

کاوە (کارا) بوو بە ئەندازیار (ئامانج)

تا سەعات دەی شەو (ئامانج) دەمخوێند.

---

١ Ibid.

٢ Fillmore, ١٩٧١ b, ٣٧٦, The Place to which Some thing moves.

هەندێ جار تێکەڵاوییەك لە نێوان دۆخی ئامانج و شوێندا دەبینرێت و بە پێی چوارچێوەی واتای ڕستەکە ڕوون دەکرێتەوە و دەستنیشان دەکرێت:

**من (کارا) لە کاروان (ئامانج) دواکەوتم.**

**لە کاروان (شوێن) پارەکەم (باس) ون کرد.**

زۆر جار دۆخی ئامانج لەگەڵ دۆخی سەرچاوەدا لە یەك ڕستەدا دەردەکەوێت، وەك:

**کاروان (کارا) شەکر و چا (باس) لە شارەوە (سەرچاوە) بۆ دەشت (ئامانج) دەبات.**

### ٨- دۆخی سەرچاوە Source:

سەرچاوە خاڵی دەستپێکردنە، یا شوێنی دەستپێکردنی شتێکە، ئەم خاڵەش یا باسە، یان بارە، یان شوێن. تایبەتمەندیی ئەم دۆخەش لەوەدایە کە لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت (جوولە) یان ڕووکار (اتجاه) پیشان دەدەن:

**ئەم دەرگایە (باس) لە دار (سەرچاوە) دروست کراوە.**

**کرێکارەکان (کارا) لە کارگە (سەرچاوە) گەڕانەوە.**

**لە هەولێرەوە (سەرچاوە) بەرەو شەقڵاوە (ئامانج) کەوتینەڕێ.**

**لە پارەوە (سەرچاوە) تا ئەمساڵ بەتەمای تۆین.**

دۆخی سەرچاوە لەو دۆخانەیە کە فیلمۆر لە بەرهەمە نوێکانیدا دەستنیشانی کردووە و بە دۆخێکی سەربەخۆی داناوە.[١]

### ٩- دۆخی سوودمەند Benefactive:

بەو کەسە دەوترێ کە سوود لە کارەکە وەردەگرێت، واتە ئەم دۆخە دەستنیشانی کەسێك دەکات کە سوود لە ڕووداوێك، یان کارێك وەردەگرێت و بە پێی کارەکەی بەدیار دەکەوێت:

---

١. Jenan A.K. ١٩٨٨, ٢٦.

**کتێبەکەیان بۆ ئێمە (سوودمەند) هێنا.**
**شوان (کارا) سێوەکەی (باس) دا بە شەماڵ (سوودمەند).**
**نامەکەی بۆ باوکی (سوودمەند) خوێندەوە.**

شایانی سەرنجە کە ئەم دۆخەش لەو دۆخانەیە کە فیلمۆر خۆی زۆر بڕوای لەسەر نییە، یان لێی دوودڵە.[1]

### ١٠- دۆخی کات Temporal:

دۆخی کات ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەوە، کە کاتی ڕوودانی کارێک نیشان دەدەن.[2] بە واتایەکی تر کاتی ڕوودانی کارێکە و لەو دۆخانەشە کە لەگەڵ زۆربەی دۆخەکانی تردا لە ڕستەدا ڕێکدەکەوێت. دیسانەوە فیلمۆر باوەڕێکی تەواوی لەسەر هەیە، چونکە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ناوی دۆخی کات دەهێنێت و ڕەفتاری سەربەخۆی لەگەڵدا دەکات. لەم ڕستانەدا فرێزە ناوییەکان لە دۆخی کاتدان:

**شێوەکەیان دوێنێ نیوەڕۆ (کات) خوارد.**
**قوتابییەکان سبەینێ (کات) دەچن بۆ قوتابخانە.**
**دوێنێ (کات) جەژن بوو.**
**لە بەهاردا (کات) ئێمە دەچین بۆ سەیران.**
**بەیانی (کات) دەچین بۆ سۆلاڤ.**

### ١١- دۆخی هاوڕێیەتی Comitative:

دۆخی هاوڕێیەتی ئەوە بە دیاردەخات، کە دوو گیانلەبەر (Entities) لە کارێک یان ڕووداوێك بەشداری دەکەن، وەك:

**شەونم لەگەڵ شەهلا (هاوڕێیەتی) ڕۆیشت.**
**شلێر لەگەڵ دەستگیرانەکەی (هاوڕێیەتی) هات.**

---

[1] Fillmore, ١٩٦٨, ٢٥.
[2] Ibid.

لای فیلمـۆر ئـەم دۆخـەش لـە دۆخـە نەچەسـپاوەکانە، چـونکە گومـان و دوودڵییـەکی زۆری لەسـەر هەیـە. هـەر ئـەم هۆیەشـە وای کـردووە لـە بەرهەمـە تازەکانیدا پشتگوێی بخات و ناوی نەبات.[1]

دۆخی هاوڕێیەتی بە پێی کاری ڕستە لەگەڵ چەند دۆخێکی تردا ڕێکدەکەوێت:

**شەونم (کارا) بە شەو (کات) لەگـەڵ شـەهلا (هاوڕێیـەتی) ڕۆیـشت (کـار) بـۆ سینەما (شوێن/ئامانج).**

**شلێر (کارا) لەگەڵ دەستگیرانەکەی (هاوڕێیەتی) بە ئۆتۆمبێل (ئـامێر) هـات (کار) بۆ لامان (شوێن).**

**ئەم نامەیە (باس) بەیانی (کات) بە زمانی کوردی و عەرەبی (هاوڕێیەتی) لە هەولێر (شوێن) بڵاو دەکرێتەوە.**

### ١٢- دۆخی ڕێڕەو Path:

دۆخـی ڕێـڕەو لـە بەرهـەمی (١٩٧١)ی فیلمـۆر نـاوی هـاتووە و وەك دۆخێکـی سەربەخۆ لەگەڵ دۆخەکانی تردا دانراوە.

ئـەم دۆخـەش بەرامبـەر بـە دۆخـی (نـصب ـ Accusative)یـان تەواوکـەری دۆخی (نصب) دانراوە، زۆر جاریش بە ئاسانی لە ئاسـتی سـەرەودا لـەو زمانانـەی کـە نیـشانەی دۆخیـان لـە ئاسـتی سـەرەوەدا هەیـە بەرچـاودەکەوێت و هەسـتی پێدەکرێت. بۆ نموونە زمانی عەرەبی کە یەکێکـە لـەو زمانانـەی نیـشانەی دۆخ لـە ئاستی سەرەوەدا نیشان دەدات، وێنەی ئەم دۆخەی تێدا ئاشـکرایە کـە پێیـدەڵێن (مفعول معه). بە زۆری بەرامبەر بە دۆخی (نصب) دەوەستێ و وێنەشی زۆرە:

**سار عليٌّ و النَهرَ.**

**سافَرَ خليل واللَيلَ.**

---

١ Jenan A. K. ١٩٨٨, ٢٦.

بێگومان دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ، ئەو فرێزە ناوییەی کە دەبێتە ڕێڕەو مەرجە هەر نازیندوو بێت، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا بەرچاودەکەوێت کە هێڵیان بە ژێردا کێشراوە:

**نەریمان بەدرێژایی ڕێگاکە گۆرانی دەگوت.**

**شیرین بەدەو ڕووبارەوە گۆرانی دەگوت.**

**نەشمیل لەگەڵ بەرەبەیاندا هات.**

**شلێر لەگەڵ کێشتان خەوت.**

**دزەکان لەگەڵ بەرەبەیاندا ڕایانکرد.**

**منداڵەکان بە شاخەکەدا چوونە ئەودیو.**

ئەم دۆخەش لە دۆخە نەچەسپاوەکانی فیلمۆرە، کە گومان و دوودڵییەکی زۆری لەسەرە و تەنانەت فیلمۆر خۆشی بە تەواوی بۆی ساغ نەبۆتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین لە هیچ شوێنی تر لە بەرهەمەکانیدا ناوی ئەم دۆخە ناهێنێت.[١]

## ٤- دۆخ و ڕستەی تێهەڵکێشراو:

بە پێی تیۆرەکەی چۆمسکی ڕستەی شوێنکەوتوو بە دوو ڕێگە دەردەهێنرێت، جارێك لە ژێر دەسەڵاتی کاردا دەبێت و جارێکی تر دەکەوێتە ژێر ڕکێفی فرێزی ناوییەوە، وەك لە یاساکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**١- ڕ ⟵ فرێزی ناوی + فرێزی کاری**

**٢- فرێزی کاری ⟵ کار + {فرێزی ناوی / فرێزی بەرناو} {فرێزی بەرناوی / ڕستەی تێهەڵکێشراو}**

**٣- فرێزی بەرناوی ⟵ بەرناو + فرێزی ناوی**

**٤- فرێزی ناوی ⟵ (دەستنیشانکەر) ناو (ڕستەی تێهەڵکێشراو).**

بەم جۆرە لە بۆچوونەکەی چۆمسکیدا جێگە بۆ هەموو جۆرە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو دانراوە و هەموو ئەم ڕستە ئاڵۆزانەی خوارەوە لێکدەداتەوە:

---

١. Ibid, ٢٦-٢٧.

**نازانم کەی دێت.**

**ئاشکرایە، کە نایێت.**

**کە من گەیشتم، ئەو لەوێ بوو.**

**لە هەر کوێیەک دەبن، دێمە لاتان.**

**ئەگەر نەهاتم، بڕۆن.**

**ئەو پیاوەی یارمەتی دام، برایانە.**

تا ئێستا هەر لەو پەیوەندییە دۆخییانە دواوین، کە تیایاندا بەرناوێك دەکەوێتە نێوان کار و فرێزە ناوییە تەواوکەرەکانەوە و کێشەی جۆرێکی تری تەواوکەری فرێزی کارمان (ڕستەی تێهەڵکێشراوEmbedded Sentence) تەواو فەرامۆش کردووە. بە پێی پێشنیارەکەی فیلمۆر تەنیا یەك ڕستە (ڕ) دەبێتە پێکهێنەری ڕاستەوخۆی (بنە). بۆ ئەو کارانەی کە (باس) وەردەگرن فیلمۆر لە چوارچێوەکانیدا دۆخی (باس) دادەنێ، کە بریتییە لە بەرناوێك و ناوێك.[1] بەڵام بۆ ئەو کارانەی کە بە ڕستە تەواو دەکرێن، دۆخی (ڕ) بەکاردێنێ و (باس) و (ڕ) دەبێ تەنیا یەکێکیان لەگەڵ کارێکدا هەبن، واتە هەرگیز پێکەوە لەگەڵ کارێکدا نایەن. بەم پێیە بۆچوونەکە بە ئاسانی چارەسەری دەیان ڕستەی وەك ئەمانەی خوارەوە دەکات:

**ناچاری کردم، کە بڕۆم.**

**دەزانم، کە تۆ لەگەڵ مندای.**

**فەرمانی دا، چایخانەکە داخەن.**

**ئاشکرایە، کە ناخوێنێ.**

**دەمەوێ، یارمەتی بدەم.**

بەڵام ڕستەی وەك ئەمانەی خوارەوە و دەیانی تر چارەسەر ناکات، واتە لێکناداتەوە:

**ئەو شتەی کە تۆ لێی دەترسێیت، لە ئارادا نییە.**

**ئەوەی تۆ لێی دەترسێیت، لە ئارادا نییە.**

---

1. Fillmore, ١٩٦٨, ٤٩.

**ئەو خورمایەی کە تۆ دەیخۆیت، ناوکەکەی لە گیرفانی مندایە.**

بەم جۆرە ئەو دۆخانەی کە باسم کرد، گشتیان لە بەرهەمەکانی فیلمۆردا ناویان هاتووە و دەبینرێن، بەڵام ئەوەی شایانی باسە فیلمۆر خۆی لە بەرهەمی یەکەمیدا تەنیا شەش دۆخی دەستنیشان کردووە و ئەم دۆخانەش بەم شێوەیە ڕیز کراون: (کارا، ئامێر، کارتێکراو، هەواڵدان، شوێن، باس). لە بەرهەمەکانی دوای ئەمە چەند گۆڕانێکی لە دۆخەکاندا کردووە، بۆ نموونە هەندێ دۆخی تازەی هێناوەتە ناوەوە و هەندێکی لاداوە و زاراوەی بەشێکی تری گۆڕیوە، هەروەك لەمەوپێش لەگەڵ دۆخەکاندا ڕوونم کردەوە. پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من لەم کارەدا پشت بەو دۆخانە دەبەستم، کە زیاتر چەسپاوە لای فیلمۆر و لە زۆربەی کارەکاندا ناویان هاتووە.[1] جێگای مشتومڕی و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەماوە.

دۆخەکانیش ئەمانەن (**کارا، ئامێر، چێژەر، باس، شوێن، سەرچاوە، ئامانج، کات، هاوڕێیەتی**).

فیلمۆر لە ڕێگەی کەرەسەی چەند زمانێکەوە چەند بنەمایەکی گشتی دیکەش دەچەسپێنێ، وەك ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**١- پەیوەندییەکانی دۆخ لە بنەما بنەڕەتییەکانی سینتاکسن و پەیڕەوی دۆخ سەرتاپایە.**

**٢- شێوەکانی دەربڕینی دۆخ سەر بە ئاستی سەرەوەن. پەیوەندییەکانی دۆخ لە ئاستی ژێرەوەدا دەبینرێ و هەر زمانە ئەم پەیوەندییانەی ژێرەوە بە ڕێگەی تایبەتی خۆی دەردەبڕێ: هەندێ بە هۆیَ ڕیزکردنی کەرەسەیَ ڕستە و هەندێکی تر بە هۆی گیرەك و بەرناو و پرتکەوە. هەندێ زمانیش دووان، یان زیاتر لەم ڕێگایانە لێك دەدات.**

---

١ بەرهەمەکانی فیلمۆر لە ساڵانی ١٩٦٦/١٩٦٨/١٩٦٩/١٩٧٠/١٩٧١/١٩٧٧دا بڵاوبۆتەوە، هەریەکە لەم بەرهەمانە ناونیشانێکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام هەمووشیان لە چوارچێوەی ڕوونکردنەوەی دۆخ دەرناچن.

٣- زیاتر له یەك پەیوەندیی هەمان دۆخ لە ئاستی ژێرەوەی ڕستەیەکی سادەدا دەرناکەوێ، وەك:

* بەردەکە (ئامێر) شووشەکەی (باس) بە دار (ئامێر) شکاند.

* ڕەشەباکە (ئامێر) بە باران (ئامێر) خانووەکەی (باس) ڕماند.

٤- تەنیا ئەو فرێزە ناوییانەی کە یەك دۆخ دەردەبڕن بە یەکترەوە بە هۆی ئامرازی بەستنەوە بە کارێکەوە دەلکێن:

* پیاوەکە و کلیلەکە دەرگاکەیان کردەوە.

دارا و فەرەیدون هاتن.

گوللەکە و بەردەکە پەنجەرەکەیان شکاند.

٥- ڕستەی ئاڵۆز (ئەو ڕستانەی تێهەڵکێش کراون) بە هۆی بەکارهێنانی پۆلی ڕستەوە دەردەهێنرێن، کە لە پەیوەندی باسدان لەگەڵ کارەکەدا (ئەمەش بەپێی بۆچوونی فیلمۆر لە بەرهەمی یەکەمیدا).

ئێمە (کارا) کاوەمان (چێژەر) وا لێکرد، کە لەوێ بمێنێتەوە (ڕ).

٦- پەیوەندیی بکەر و بەرکار لەو دیاردانەن، کە لە ئاستی سەرەوەدا دەردەکەون و مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا هەبن.

## ٥- پەیوەندیی و ناوی پۆلەکان:

لێرە و لەمەودوای لێکۆڵینەوەکەماندا خۆمان بە زمانی کوردییەوە دەبەستینەوە و بە دوای فیلمۆردا وای دادەنێین کە ڕستەی کوردی بە گشتی لە دوو بەش پێکدێت (بار) و (بنە). بار تاف و کات و موود و جۆری ڕستەکە (پرسیار، فرمان، نەفی) دەگرێتەوە.

(بنە)ش کۆمەڵێکە لە پەیوەندییەکانی دۆخ، کات پیشان نادات، ناو و کار و هەندێ جار پاڕستەشی تێدا دەبێت.

هەموو فرێزێکی ناوی ناو ڕستەکە یەکێکە لە پەیوەندییەکانی دۆخ لەگەڵ کەرەسەکانی تری ڕستەکەدا بە یەکترەوە دەیانلکێنێ. ئەم پەیوەندییەی ژێرەوە لەوانەیە لە ئاستی سەرەوەدا بە هۆی گیرەك، یان ئاوازە، یان پرتك یان بەرناو، یا

ڕێگەی ترەوە دەربکەوێ. ئەرکەکان (بکەر، بەرکار، تەواوکەر) هەموویان دیاردەی ئاستی سەرەوەن، بە گوێرەی پۆلی کارەکە یەکێك یان زیاتر لەم فرێزە ناوییانە توانای ئەوەیان تێدایە بە بکەر هەڵبژێردرێن:

یەکەم یاسای فرێزی پێکهێنان لای فیلمۆر شێوەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە وەردەگرێ:[1]

ڕستە ⟵ بار + بنە    Sentence → Modality + Proposition

پێویستە لەم یاسایەی فیلمۆردا دوو شت تێبینی بکرێ:

**١– فیلمۆر ئەو ڕستانە بەرچاو ناگرێ، کە کاریان تێدا نییە.**

**٢– ئاوەڵناو و کار لای فیلمۆر یەك شتن و لە یەکتریان جیاناکاتەوە، واتە بەلایەوە کار ئاوەڵناویش دەگرێتەوە.**

(بنە)ش لای فیلمۆر بریتییە لە ڕۆنانێك کە لە کارێك و چەند فرێزێکی ناوی پێکهاتوون، بە مەرجێك ئەم ناوانە یەکێك لە پەیوەندییەکانی دۆخ بە ڕستەکەوەی گرێدابن. ئەم پەیوەندیانەی کە بە هۆی پۆلەوە پیشان دەدرێن، بریتین لە کارا و باس و کات و شوێن و سوودمەند و ئامێر و ئامانج و... هتد.

هەرچەندە ڕۆنانەکە بریتییە لە کار و فرێزی ناوی، بەلام فیلمۆر بە هۆی یاسایەکی وەك ئەم یاسایەی خوارەوە بنە فراوان دەکات:

**بنە ⟵ ك د ١ +.................... + د ن**

**لێرەدا ك = کار**

**د = پەیوەندییەکانی دۆخ**

بەم جۆرە بنە بریتیە لە ڕۆنانێکی وەك:

**کار + کارا، یان کار + چێژەر**

**یان کار + باس + کارا، یان کار + باس + ئامێر + کارا**[2]

---

١. Ibid, ٢٤.

٢. Ibid.

هەریەکە لەم دۆخانەش (د) جارێکی تر بۆ دەرهێنانی فرێزە ناویەکانی ئاستی ژێرەوە بە هەمان ڕێگە دەنووسرێنەوە (فراوان دەکرێن). کە ئەمەش لای فیلمۆر بە دوو ڕێگە پیشان دراوە:

١- نووسینەوەی هێماکانی دۆخ وەك: بەرناو + فرێزی ناوی

د ⟵ بەرناو + فرێزی ناوی

٢- نووسینەوەیان وەك فرێزی ناوی و لە دواییدا فراوانکردنی فرێزی ناوی بۆ بەرناو + ناو

د ⟵ ف ن

ف ن ⟵ بەرناو + ناو

کاتێ ئەم هەموو تێبینییانە کۆدەکەینەوە، هەموو یاساکانی پێکهێنانی فرێز لای فیلمۆر بەم شێوەیە بەدیار دەکەوێت:

١- ڕستە ⟵ بار + بنە

٢- بنە ⟵ ك د١ + .............. دن

لێرەدا (د) ئەندامێکی (کارا، باس، ئامێر، ئامانج.... هتد).[١]

و د ١ ≠ د ن مەگەر ١ = ن

٣- د = ب + ف ن

لێرەشدا (ن) هێمایە بۆ بەرناو یا هەر نوێنەرێکی دۆخ

ف ن = هێمایە بۆ فرێزە ناوییەکان

ب = بەرناو


---

١ Ibid.

## ٦- ئەرك و پۆل:

چۆمسکی تێکەڵبوونی ئەرك و پۆل بە بەراوردکردنی ڕۆنانی ڕستەیەکی وەك (١) دەردەخات:

١- سەگەکە منداڵەکەی ترساند.




**لە هێڵکاری (١- ا)دا ئەو فرێز مارکەرەی ڕێزمانی ڕستەکەی دەرکردووە، نەك هەر بیری ئەرك و پۆل تێکەڵ دەکات، بەڵکو هەر ناپێویستن.**

**بیری (بکەر، بەرکار..) کە خۆی ئەرکە بە شێوەیەکی چاکتر بە هۆی هێڵکاری (١- ب)وە پیشان دەدرێ، کە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان (فرێزی ناوی) و ڕستەکە. دیسان پەیوەندیی بەرکار بە هۆی پەیوەندیی نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کارەکەوە دەردەکەوێت. فیلمۆر خۆی چاك دەزانێ، کە نەك هەر پۆل، بەڵکو پەیوەندییەکانیش ناودەنێ، کاتێ دەڵێ: فرێزی ناوی پەیوەندییەکی**

ناولێنراوی لەگەڵ ڕستەدا هەیە. بەلاّم بە تەواوی ئاشکرا نییە، کە بۆچی ئەم پەیوەندییە بە هۆی یاساکانی فرێزپێکهێنەرەوە پیشان نادات؟ یان بۆچی هەموو پەیوەندییەکی دۆخ بە هۆی ڕیزبوونەوە نانوێنێ؟ دیسان بۆچی هەموو ئەم پەیوەندییانە ناولێنراون؟.. وەلاّمی ئەمە لە وەسفی ئەو ئیجرائە گشتییانەدایە کە چۆمسکی بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکان بەکاریدێنێ، واتە (ڕیزکردن)، بەلاّم دیاریکردنی پەیوەندی ئەرك بە هۆی ڕیزکردنەوە بۆ ئەو ڕۆنانانە دەستنادات، کە پۆل تیایاندا زیاتر لە جارێك دووپاتبۆتەوە (یان یەکێك لە پێکهێنەرەکانی زیاتر لە دۆخێکە..) ئەگەر یاساکانی فیلمۆر لە شێوەی پۆلدا بنووسینەوە، بەم شێوەیە دەبێت:

**ا– بنە ⟵ کار + فرێز + دۆخ**

**ب – فرێز + دۆخ ⟵ دۆخ + فرێزی ناو**

شایانی تێبینییە کە دۆخ بە هۆی ڕیزکردنەوە پێناسە ناکرێ، هەرچەندە لەوانەشە بتوانین پەیوەندییەکە بە هۆی بەکارهێنانی یەکەم و دووەمەوە دەرخەین، وەك:

**فرێز + دۆخی یەکەمی بنە، یان دووەم (فرێز + دۆخ) بنە.** ئەمەش کاتێ واتای دەبێ، کە پەیوەندییە دۆخییەکان ڕیز بکرێن و (فرێز + دۆخ)ی یەکەم و دووەم هەمان دۆخ بگەیەنن بە بەرکاری باس یان چێژەر... هتد، کە ئەمەش لە توانادا نییە، چونکە دۆخەکان بە زۆر شێوە لەگەڵ یەکتریدا دێن، هەر وەك ئەم نموونانە دەریدەخەن:

**دەرگاکە (باس) شکا. [باس + ——]**

**دەرگاکەی (باس) بە بەرد (ئامێر) شکاند. [کارا + باس + ئامێر ——]**

**بەردەکە (ئامێر) دەرگاکەی (باس) شکاند. [ئامێر + باس + ——]**

دیسانەوە فیلمۆر ئاگاداری ئەوەشە کە دۆخ هەرگیز بە هۆی یاساکانی فرێز پێکهاتنەوە دەرناخرێ، بەڵکو شکی لەوەش هەیە کە دۆخ دەبێ بە هۆی ئەم جۆرە یاسایانەوە دەربېڕێ، چونکە ئەم یاسایانە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دانراون کە

پەیوەندیی ڕێزمانی (بکەر و بەرکار) دیاری بکەن. ئەو دیاردەیە لە بۆچوونەکەی فیلمۆردا لە چوارچێوەی پۆلدا چارە دەکرێ، نەك بە هۆی ڕیزکردنەوە.[1]

### ٧- دۆخ و سیما:

بە باوەڕی فیلمۆر کارەکان بە پێی سیمای دۆخەکان هەڵدەبژێردرێن.

کارا و کارتێکراو لەلای فیلمۆر دەبێ سیمای [ + زیندوو ] وەربگرێ، هەروەها دەبێ هەڵبژاردنی کاریش پەیوەندی بە دۆخەکانەوە هەبێت، کە بە هۆیەوە دەتوانین سیمای دۆخ ڕوون بکەینەوە و کارەکەش دەستنیشان بکەین. هەر لێرەدا لە هەڵبژاردنی دانەی فەرهەنگی دوو گرفت بەرچاو دەکەوێت: یەکێکیان لەگەڵ کۆمەڵەی ناوەکاندایە و ئەوی تریان سەر بە کارەکانە.

سیمای دۆخ لەگەڵ ناوەکاندا بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی پێویستی بە یاسایەکی بە خورتی هەیە. بۆ نموونە هەر ناوێك لە دۆخی کارا و کارتێکراودا بێ، بە ناچاری دەبێ سیما ی **[ + زیندوو ]** ی بۆ دابنرێ، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی کارا و کارتێکراو ئەوەیە، کە دەبێ زیندوو بن:

**ناو** ⟵ **[ + زیندوو ]** کارا / کارتێکراو.

دیسانەوە بۆ ئاگاداربوون لە هەڵبژاردنی سیمای فەرهەنگی لە ناو دۆخێکی دیاریکراودا پێویستمان بەوە دەبێت، بۆ یاسایەك بگەڕێینەوە، کە ئەو ناوانە بگرێتەوە کە لەگەڵ پەیوەندیی دۆخدان، یا لە کۆتایی ڕستەکەدا دۆخەکانیان دەستنیشان کردووە، وەك ئەو یاسایەی کە دەڵێ:

هەموو ناوێك لە دۆخی شوێندا بێ سیمای **[+ شوێن]** وەردەگرێت، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت، کە ناوی نابەرجەستە (Abstract) وەك (**بیر، خەیاڵ، هەست**، نابنە دۆخی شوێن، بەڵکو دەبێ سیمای **[− شوێن]** یان بۆ دابنرێ.[2]

لەلایەکی ترەوە کارەکان تایبەتمەندییەکی سەربەخۆیان هەیە و لە ڕیزکردنی دۆخەکاندا سیمای دۆخیش بە پێی ڕستە دەستنیشان دەکرێ، بۆ نموونە هەندێ

---

١ هەمان سەرچاوە Ibid.

٢ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٦.

کارمان هەن، بە ناچاری دەبێ کارای لەگەڵدا بێت، وەك غاردان، فڕان، مردن... هتد سیماکەشی بەم شێوەیە دەبێت [ **کارا + ـــــ** ] .[1] هەندێ کاری تر سیمای [ **کارا + باس + ـــ** ] وەردەگرێت، لەوانە کاری (**لابردن و کردنەوە**). جۆرێکی تری کار سیماکەی ئەم شێوەیە وەردەگرێت [کارا + کار تێکراو ـ] ، چونکە ئەم جۆرە کارانە پێویستیان بە بکەرێك و بەرکارێکی زیندوو هەیە، نموونەی ئەم جۆرە کارانەش (کوشتن)ە. بەشێکی تر لە کارەکان لە چەشنی کاری (دان)ن کە سیماکانیان بە ناچاری دەبێ بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە و دەربکەوێت [ **کارا + کارتێکراو + باس ـــ** ] بە پێی ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆمان ساغ دەبێتەوە، کە هەموو کارێك بە پێی دۆخەکانی دەوروبەری سیمای تایبەتی وەردەگرێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەبینین کارێکی وەك (کردنەوە) لە چەند سیمایەکی جیادا بەدیار دەکەوێت:

**دەرگاکە کرایەوە.** [ باس + ـــــ]

**کامەران دەرگاکەی کردەوە.** [کارا + باس + ـــــ]

**بایەکە دەرگاکەی کردەوە.** [ئامێر + باس + ـــ]

کامەران دەرگاکەی بە کلیل کردەوە. [کارا + باس + ئامێر + ـــــ]

لەو چوار ڕستەیەدا دۆخی باس دووبارە بۆتەوە، واتە کاری کردنەوە پێویستی بە دۆخی باس هەیە، بە ناچاری دۆخەکانی تریش (کارا و ئامێر) ئەو دۆخانەن بە ئارەزوو هەڵبژێردراون کە لەگەڵیدا بێن، چونکە بە ئاسانی دەتوانین لایان ببەین و دایاننەنێین، وەك لە ڕستەی یەکەمی سەرەوەدا دەبینین دیسانەوە لە چوارچێوەی ئەم تێبینیانەوە دەتوانین سیمایەکی تایبەتی بۆ کاری (کردنەوە) دابڕێژین، کە ئەو دۆخانەی لەگەڵیدا دێن دەربکەوێت، وەك ئەم شێوەیە:

کردنەوە + [ باس + (کارا) + (ئامێر) ـــــ]

باوکی هونەر دەرگاکەی کردەوە. [ کارا + باس + ـــــ]

شایانی تێبینییە ئەو کارانەی لە جۆری کاری (کردنەوە)ن، هەمان سیما وەردەگرن. دیسان جۆرێکی تر لە کار هەیە، کە بۆ دەستنیشانکردنی سیماکانیان

---

١ سیمای دۆخەکان بە پێی ڕستەی کوردی دانراون، واتە بۆشایی کار کەوتۆتە لای چەپەوە.

پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە، چونکە زۆربەیان باسی زیندوو وەردەگرن و بکەرەکانیشیان هەندێ جار زیندوون و هەندێ جاری تر نازیندوون (نابەرجەستەن)، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەگەر بکەرەکانیان کارا بێت، ئەوا فرێزی ئامێر، یان ناوێکی ئامێر بە ناچاری دەبێ لەگەڵ کاراکەدا بێت، نموونەی ئەم جۆرە کارانەش کاری (کوشتن)ە، کە سیماکەی لەم ڕستانەی خوارەوەدا بەدیار دەخەین:

کاوە دزەکەی کوشت. [کارا + باس + ___]

کاوە بە گوللە دزەکەی کوشت [کارا + ئامێر + باس + ___]

گوللەکە دزەکەی کوشت. [(ئامێر) + باس + ___]

هەر بەم شێوەیە دەبینین سیمای ئەو کارانەی کە لە جۆری کاری (کوشتن)دان، کارا یان ئامێر دەریاندەخات، هەندێ جاریش وا ڕێکدەکەوێ، کە هەردوو دۆخەکە بە یەکەوە کارەکە دەربخەن. بە واتایەکی تر سیمای دۆخەکان جۆری کارەکە دەستنیشان دەکەن، بۆ نموونە:

**سەربازەکان هێزی دوژمنیان لەناوبرد.**

**سەربازەکان بە گوللە دوژمنیان لەناوبرد.**

هەر لێرەدا دەتوانین بڵێین چاکترین شوێن بۆ دەرخستن و دەربڕینی دۆخ بەشی فەرهەنگی ڕێزمانەکەی فیلمۆرە. هەر لەم بەشەدا وشە پۆلییەکان دادەبڕێن (پۆلێن دەکرێن) و مەرجەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکرێ. ئەم مەرجانەش یان بە هۆی یاسای سینتاکسییەوە (کە گشتی بن)، یان بە تۆمارکردنێك لە فەرهەنگدا (ئەگەر تایبەتی بن).

بەلای فیلمۆرەوە دەبێ زانیاری دەربارەی پەیوەندیی دۆخەکان لە فەرهەنگدا بە شێوەیەکی کورت بدرێ و لە ژێر ناوی سیماکانی چوارچێوەدا بێن. ئەم سیمایانە دەبێ ئەو دۆخانە پیشان بدەن، کە کەرەسەیەك تیایدا دێ تا گوزارەیەك دروست بکات. بۆ کارێکی وەك (کردنەوە) بۆ نموونە پێویستمان بە چوارچێوەیەکی وەك:

[ باس (ئامێر) (کارا) __ ] دەبێ، واتە کاری کردنەوە دەبێ بە ناچاری باسی لەگەڵدا بێ. دەشتوانێ ئامێر و کاراش بە ئارەزوو وەرگرێ، هەروەك لە ڕستەکانی

پێشتردا ڕوونکراوەتەوە. ئەمەش ئاسایی بە هۆی یاساکانی پۆلێنکردنی جۆری پۆل دەبێت، کە تێیدا پۆلێکی وشەیی پۆلێن دەکرێ بە پێی ئەو چوارچێوەیەی (سیاق) کە تێیدا بەکاردێ. هەرچەندە هێمای (کار) بەوە دێتە ناوەوە کە بار وەك: کار + دۆخەکان دەنووسرێتەوە، بەڵام سیماکانی پۆلێنکردنی جۆری پۆل دەبێ چوارچێوەی وای تێدا بێ، لەگەڵ کار بتوانێ بار دروست بکات، کە (بە ڕای چۆمسکی) یەکسەر بەسەریدا زاڵە.[1] ئەگەر ویستمان دۆخەکان بپەڕێنین و یەکسەر بە دوای سیمادا بچینە ناو پۆلەکانەوە، دەبینین تۆمارکردنی کاری (کردنەوە) بەم شێوەیەی لێ دێت:

[ فرێزی دۆخدار + (فرێزی دۆخدار) + (فرێزی دۆخدار) + ــــ]

کە ئەمەش زانیارییەکی کەمتر بە دەستەوە دەدات، کەواتە چاکتر وایە چوارچێوەی سیماکان بهێڵینەوە و وەك مەرجی هەڵبژاردن لێکیان بدەینەوە، نەك پۆلێنکردنی جۆری پۆلەکان. سیمای هەڵبژاردن وەك سیماکانی پۆلێنکردنی جۆری پۆلەکان، یەکەم جار لە بۆچوونی تەحویلییەکاندا لەلایەن چۆمسکییەوە لە کتێبی (لایەنەکان)دا ساڵی ١٩٦٥ بەکارهێنرا. بە پێچەوانەی سیماکانی پۆلێنکردنی پۆلەوە، ئەم سیمایانەی هەڵبژاردن تەنیا بۆ ئەو کەرەسانە نییە کە لە تاکە کەرتێك پێکهاتوون، مەودای فراوانتری سیماکانی هەڵبژاردن ڕێگەی مەرجەکانی هەڵبژاردن دەدات، کە لە نێوان بکەر و کاردا، یان بەرکار و کاردا دیاری بکرێ. هەروەها ناوە بەرکارەکە دەبێ بەشێك بێت لەو فرێزە ناوییەی کە یەکسەر ڕستە بەسەریدا زاڵە (لە ڕۆنانی ژێرەوەدا). بەم جۆرە دەبینین پەسندی ڕستەیەکی وەك:

**کاوە حەز لە دڵسۆزی دەکات.**

**و ناپەسەندی ڕستەیەکی وەك:**

**کاوە دڵسۆزی دەترسێنێ.**

بەستراوە بە مەرجی هەڵبژاردنەوە، کە ڕێگەی (حەزکردن) دەدات لەگەڵ بکەرێکی زیندوودا بێت و ڕێگەش دەدات (ترساندن) لەگەڵ بەرکارێکی زیندوودا

---

١ Chomsky, ١٩٦٥, ١٢١-١٢٢.

بێت. دیسانەوە ئەو ناوانەی کە سیمای سروشتی [ + گیاندار] یان تێدا بێت کە لە مەرجێکی هەڵبژاردن دەردەچین، وەك ڕێگەدان بە ناوێکی نازیندوو (نابەرجەستە)ی وەك (دڵسۆزی) کە بچێتە چاڵی بەرکارەوە لەگەڵ ترساندن دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەیەکی ناڕێزمانی وەك:

* کاوە دڵسۆزی ترساند.

چۆمسکیش پەنا دەباتە بەر مەرجەکانی هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنی پێناسەی ڕێکخستنەکانی پەیوەندیە ڕێزمانیەکان و تێبینی ئەوەش دەکات کە (ڕێکخستن) ڕێگە دەدات پەیوەندییەك لە نێوان (بکەر) و (بەرکار)دا بە هۆی بکەر و کار و بەرکارەوە دیاری بکرێت. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی نێوان بکەر و بەرکار پەیوەندییەکی بەتاڵە و زیاتر پەیوەندییەکی ناڕاست و ناگرنگە، لە کاتێکدا کە پەیوەندییەکانی تر ڕاستن و لە کۆنەوە باوەڕیان پێکراوە. چۆمسکی بە هۆی مەرجەکانی هەڵبژاردنەوە ئەم پەیوەندیانە دیاری دەکات، کە لە نێوان بکەر و کار لە لایەك و بەرکار و کار لە لایەکی ترەوە تێبینی دەکرێ.

نموونەکانی مەرجەکانی هەڵبژاردن تەنیا ئەوانە پیشان دەدات، کە سیما سروشتییەکانی ناو بەسەر ئەو کار و ئاوەڵناوانەدا دەیسەپێنێ، کە لەگەڵیدا پەیوەندیی بکەری و بەرکاری هەیە. لەبەر ئەوەی لای چۆمسکی لە شیکردنەوەی ڕۆنانی ژێرەوەدا ئەو فرێزە ناوییەی کە بکەر ڕاستەوخۆ پێکهێنەرێکی کارەکە نیە، ئەو مەرجە هەڵبژاردنانەی کە بەسەر کارەکەدا دەسەپێ، دەبێ لە چوارچێوەی وادا دەرببڕێ و توخمی وای تێدا بێ، کە لە دەرەوەی پێکهێنەرەوە هاتبێ و لە هەمان کاتیش ڕاستەوخۆ بەسەر کارەکەدا زاڵە، بەلام بە پێی بۆچوون و شیکردنەوەی فیلمۆر (بکەر) لە دیوی ژێرەوەدا نییە و هەر فرێزێکی ناوی کە ببێتە بکەر لە ژێر دەسەلاتی (بار)دایە، کە یەکسەر بەسەر کاردا زاڵە و یەکێکە لە تەواوکەرەکانی (کار) یان (بار). کە دانمان بەوەدا نا بکەر لە سەرەتادا تەواوکەرێکی کارەکەیە، پێویستی بەوە نامێنێ کە مەرجەکانی هەڵبژاردن لە نێوان سەرە و کەرەسەکانی دەرەوەی ڕۆنانی ژێرەوەدا دیاری بکەین. بەم جۆرە پۆلێنی پۆل و مەرجەکانی هەڵبژاردن لە یەك مەودادا کار دەکەن.

پێشتر لەوە دوایـن کـە دۆخ جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو پەیوەندییـە ڕێزمانییانـە دەکات، کە لە نێوان سەرەی ئەو پێکهێنەرانەدایە و دەبنە تەواوکـەر. هـەر کاتێـك دووان یان زیاتر لەمانە لەیەك (هەمان) پۆل بن. گریمان کارێك سێ فرێزی بەرناوی لەگەڵدا هات (وەك تەواوکەر)، یەکێك لەمانە لـە دۆخـی باسـدا، یـەکێکی تریـان لـە دۆخی ئامێر و ئەوی سێیەم لە دۆخی کارا دا بوو، لەو دوو چوارچـێوە سـیمایانەی لە فەرهەنگدا بۆ کـاری (کردنـەوە) تۆمـار دەکـرێن: [ فرێـزی دۆخـدار + (فرێـزی دۆخدار) + (فرێزی دۆخدار) + ــــــ ]ی پۆلێنی پۆل و | باس + (ئامێر) + (کـارا) + ــــــــــ]ی مەرجــەکانی هەڵبــژاردن، دەبیــنین تــەنیا دووەم ئــەو زانیارییــە پێویستیەمان دەداتێ، تا بـزانین کـە دەبـن، یـان لەوانەیـە کـاری (کردنـەوە) وەك کارێك بۆ دەرهێنانی ڕستەیەکی دروست هەڵبژێرێ.

ئێمە تەنیا بە باس و ئامێر و کاردا دەچینەوە و لە چوارچێوەکەدا بـە سـیمای سروشتیی سەرەی پێکهێنـەرە تەواوکـەرەکانی فرێـزە دۆخـدارەکان (بـەرناو)ـیان دادەنێین.

لێرەدا دەبێ جارێکی تر سەیرێکی مەرجەکانی هەڵبژاردن بکەین، کە دەگوترێ لە نێوان کار و ناوەکاندا هەیە، تا بزانین چۆن ئەو ڕاسـتیەمان بـۆ لێـك دەداتـەوە، کە:

*** کاوە دڵسۆزی دەترسێنێ.**

**ناڕێزمانییە و کاوە لە دڵسۆزی دەترسێ.**

وانییە، ئەگەر پەیوەستی هەڵبژاردن لە نێوان کار و بەرناودا دیاری بکرێ.

با سەیرێکی ئەم ڕستانە بکەین.

*** ١– کاوە لە دڵداری دەترسێ.**

*** ٢– ژنەکە پیاوەکەی بە دڵسۆزییەکەی ترساند.**

*** ٣– دڵسۆزی ترسناکە.**

**٤– کاوە لە ژنەکەی دەترسێ.**

فیلمـۆر لـە کارەکەیـدا تێبـینی ئـەوە دەکـات، کـە کـارا و بـاس و ئـامێر و سـوودمەند... هتـد هـەر یەکـەیان بـەرناوی تایبـەتی خـۆی هەیـە، بـۆ نموونـە لـە کوردیدا:

(کـارا) لەگـەڵ (بـە، بـۆ، لەلایـەن) دادێ، (ئـامێر) لەگـەڵ بـەرناوی (بـە)دا دەبینرێ و سوودمەند لەگەڵ (بۆ)دا دێ... هتد.

بەم پێیە کاوە لە ڕستەی ژمارە (١) و (٤)دا کارایە، ژنەکە لـە ڕسـتەی (٢)دا کارایە و لە (٤)دا باسە، شایانی تێبینییە ئەم ناوانـە لـە هەڵکەوتـدا کـارا و بـاس و ئامێر نین، بەڵام ئەم سیمایانەی کە بۆ ئەم دۆخەیان ئامادە دەکـات، سـیمای [ + زیندووویەتیـە] کـە لـە دڵـداری و دڵـسۆزیدا نییـە [− زیندوویـەتی] . سـیمای [ + سیمای زیندوویەتی ] پەیوەندییان لەگـەڵ بەرناوەکەشـدا هەیـە، چـونکە بـەرناوی (لە، بـۆ،...) هـەموویان لەگـەڵ کـاردا نایـەن، خـاوەنی [ − کـارا ] ن، بـە هـۆی یاسایەکی سینتاکسی زیاد لابەرەوە ناوە سەرەکەی تەواوکەری بەرناوەکە سیمای [+زیندوویــەتی] وەردەگــرێ، ئەگــەر بەرناوەکــە ســیمای [ + کــارا] وەرگــرێ. یاساکەشی دەبێ بەمە:

ناو ⟵ **[ + زیندوویەتی]** / + کارا

+ چێژەر

هەروەك لەمەوپێش باس کرا. دیسانەوە دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە ئەمـە یاسـایەکی فەرهـەنگی زیـاد لابـەر نییـە، چـونکە ئەمانـە سـیمایەکی سورشـتی بـە دەستەوە دەدەن، کە لە سیمایەکی سروشتیی تـرەوە دەردەهێنـرێ و یاسـایەکی گشتی وا دەردەبڕن، وەك ئەوەی دەڵێن دەبێ هەموو ناوێکی زینـدوو سـیمای **[ − بەرجەستە ]**یان هەبێ.

یاساکەی سەرەوە یاسایەکی سینتاکسییە کە دەڵێ، ڕستە نارێزمانی دەبـێ، کاتێ ناوێکی نازیندوو (بەرجەستە) لە دوای ئەو بەرناوە دەبێ، کە لەگەڵ کارا یان چێژەردا دەبینرێ.

## ( ٨ ) پەیوەندیی نێوان دۆخەکان:

ئاشکرایە کە ڕۆنانی ژێرەوە بریتییە لـە دەسـتەیەك سـیمای واتـایی. بـۆ نموونە سیما تایبەتییەکانی کارا بریتییە لە [ + زینـدوو] و [ + هـۆ ] . هـەروەها سیماکانی چێژەریش بریتین لە [ + زیندوو ] و [ + وەرگر].

ئەگــەر زاراوەی کــارا هــەر بــۆ ئــەوە بێــت، کــە ڕێگەیــەکی کــورتترە بــۆ دەستنیشانکردنی (هۆیەکی زیندووی کارێك)، لەوانەیە وات بە بـیردا بێـت کـە دۆخ ئاستێکی پێویستە و ڕێزمانی زمانەکە ئالۆزتر دەکـات و لەوانەشـە وا بـەبیردا بێـت کە دەتوانین سیماکان دەستنیشان بکەین و دەست لە دۆخەکانی ژێرەوە هەڵگرین و دان بە بوونیان نەنێین. گیروگرفتی وەهـا تـا ئێـستا چـارەی نـەکراوە، لەوانەیـە مێشکی مرۆڤ کەڵك لـەم جـۆرە ئاسـتە نێوانییانـەی دۆخـەکانی ژێـرەوە وەرگـرێ، هەرچـەندە لـە بەرنامەیـەکی کۆمپیوتـەردا زیـاد و ناپێویـست بـن. دیـسانەوە بـە تەواویش ساغ نەکراوەتەوە کە ئەم ئاستەی دۆخەکانی ژێرەوە بە تـەواوی زیـادن. ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەوەیـە کـە دۆخـەکانی ژێـرەوە پەیوەنـدیی نێـوان سـیما بۆماوەکان (موروث) (وەك زیندوو) سیما پەیوەندییەکانی (وەك هۆ) دەنوێنن[1].

بـا تێبـینی سـیما بۆماوەکـان و سـیما پەیوەندییـەکانی ئـەم چـوار دۆخـەی خوارەوە بکەین:

| دۆخەکان | سیما بۆماوەکان | سیما پەیوەندییەکان |
|---|---|---|
| کارا | زیندوو | هۆ |
| چێژەر | زیندوو | کار (تأثیر) |
| ئامێر | نازیندوو | هۆ |
| باس | نازیندوو | کار |

ئاشکرایە کە دەتوانین بە هۆی دوو سیمای نابەرامبەرەوە باس لـە هەریـەکێ لەم چوار دۆخانە بکەین، زیندوو و نازیندوو هۆ و کار، هەروەها دەشتوانین هەر بە هۆی ئەم سیمایانەوە لە جیاوازی و لێکچوونیان بگەین، کارا و چێژەر هەردووکیان دەبێ [ + زیندوو بن ]، بەلاّم ئامێر و باس دەبن [ – زیندوو بن ] دیسان کـار و ئامێر هەردووکیان [ + هۆ ]ن، واتە کارێك ئەنجام دەدەن، بـەلاّم چـێژەر و بـاس هەردووکیان خۆیان [ + کار ]ن، واتە دەکەونە ژێـر کـاری ڕووداوێکـەوە، لەبـەر

1. Nilsen , D. ١٩٧٥: ٩٨.

ئەوەی سیماکانی [ زیندوو ] و [ هۆ ] لە سیما گەرمەکانن (ئیجابی) و سیمای [ نازیندوو ] و [ کار ] لە ساردەکانن، دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە (کارا) شایستەی ئەوەیە ببێتە بکەری ڕستە، چونکە بە زۆری لە سیما گەرمەکان پێك هاتووە و لە زمانی کوردی و زۆر زمانی تردا شوێنییان چاڵی بکەرە، کە شوێنی دۆخێکی چالاکە. دیسان لەبەر ئەوەی شوێنی بەکار چاڵێکی ناچالاکە، ئاساییە کە بۆ دۆخێك تەرخان بکرێ، کە هەموو گیانی (هەموو سیماکانی) سارد بن. شایانی سەرنجیشە کە لەبەر ئەوەی چێژەر و ئامێر سیمای گەرم و ساردیان تێدایە، دەتوانین هەردوو چاڵەکە (بکەر و بەرکار) بە ئاسایی لە ڕستەدا پڕ بکەنەوە.

بۆ ماوەیەکی درێژ ڕێزماننووسەکان هەوڵی پشکنینی ئەو پەیوەندییانەیان دەدا، کە لە نێوان ئەرکە جیاوازەکانی ڕێزماندا هەیە و تێبینی ئەوەشیان کردبوو، کە جگە لە ڕستەی فرمان هەموو ڕستەیەکی تر دەبێ بکەری سەرەوەی هەبێ، تەنانەت ئەگەر بکەرەکە توانای ئەنجامدانی کارەکەشی نەبێت.

**خۆکوشتن لە پایزدا زۆرە.**

**ئاشکرایە، کە نایەت.**

سەرەڕای ئەمەش دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە نابێ بەرکاری ناڕاستەوخۆ، یان تەواوکەری بەرکار بە بێ بەرکاری ڕاستەوخۆ هەبێ، هەروەها دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە کاری تێپەڕ بە هەر شێوەیەك بێت ڕووداو هەڵدەگرێ لە بکەرەوە بۆ بەرکاری ڕاستەوخۆ (وەرگری ڕووداوەکەیە)، بەڵام کاری تێنەپەڕ تەنیا دەستنیشانی کاری بکەرەکە دەکات، دیسان کاری لێکدراو (رابط) دەستنیشانی پەیوەندیی نێوان بکەر و تەواوکەری بکەرەکە دەکات. هەموو ئەم پەیوەندییانەی نێوان ئەرکە جیاوازەکان لە ڕستەیەکدا چۆنییەتی کارکردنی ڕێزمانی زمانێکی تایبەتی ڕوون دەکەنەوە، بەڵام لێرەدا پێویستیمان بەوەیە ئاوڕێك لەو پەیوەندییانە بدەینەوە کە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا لە نێوان دۆخە جیاوازەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییانە سەراپان، لە هەموو زمانێکدا دەبینرێن، با بۆ نموونە تێبینی ئەم چەند ڕستەیە بکەین:

**کاوە (باس) درێژە.**
**کاوە (کارا) نووست.**
**باکە (هێز) گڤەی دێ.**
**بوومەلەرزەکە (هێز) شارەکەی (باس) وێران کرد.**
**کاوە (کارا) دڵی (باس) داوە بە شیرین (چێژ).**
**کاوە (کارا) دەرگاکەی (باس) بە پێ (ئامێر) شکاند.**
**کاوە (کارا) خانووەکەی (ئامانج) کرد (بە بێ چیمەنتۆ).**
**کاوە (کارا) بە پێ (ئامێر) لە هەولێرەوە (سەرچاوە) بۆ پیرمام (ئامانج) بە ڕێگای بەستۆرە (ڕێڕەو) ڕۆیشت.**

لەم نموونانەدا سێ دۆخی تەواو سەربەخۆ دەبینرێ، باس و کارا و هێز هەر یەکە لەم دۆخانە دەتوانن بە تەنیا ئاسایی لە ڕستەدا بێن، بێ ئەوەی لە ڕۆنانی ژێرەوەدا پێویستیان بە بوونی دۆخێکی تر هەبێت، دوخی باس تەنیا لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت، کە بار پیشان دەدەن، وەك:

**١. کاوە درێژە.**

لە لایەکی ترەوە کارا و هێز تەنیا لەگەڵ ئەو کارانەدا دێن، کە ڕووداو پیشان دەدەن، وەك:

**٢. کاوە نووست.**

**٣. با هەڵیکرد.**

ئەو هۆیەی کە وای کردووە کاوە لە ڕستەی (١)دا باس بێ و لە ڕستەی (٢)دا کارا بێ، ئەوەیە کە لە ڕستەی دووەمدا کاوە بە کارێك هەڵساوە (نووستن) کە ڕووداو پێشان دەدات، بەڵام (درێژە) بار پیشان دەدات. هەموو دۆخەکان جگە لە باس و کارا و هێز بە دۆخی ترەوە بەندن، لەوانەشە بڵێین کاوە لە ڕستەی (١)دا بە تەواوی جیاوازە لە "شارەکە" لە ڕستەی (بوومە لەرزەکە شارەکەی وێران کرد). لێرەدا دەبێ ئەرکەکە جیاوازی بدرێتێ، ئەگەر وا بکەین ئەوا بوونی (باس)یش لە ڕستەدا بە بوونی دۆخی ترەوە بەند دەبێ.

دیسانەوە ئەگەر لە ڕستەی (کاوە دڵی داوە بە شیرین) ورد بینەوە، دەبینین کاوە چێژەرە، بەڵام چێژەریش لە ڕۆنانی ژێرەوەدا زۆر ئاسـان نییـە بـە بـێ بـاس دەربکەوێت. لەوانەشە باس لە ڕێگای کاراوە دروسـت نـەبێت، وەك لـەم ڕسـتانەدا دەبینرێ:

**کاوە دڵی بە بێستانەکە دەکرێتەوە.**

**تاریکییەکە کاوەی تۆقاند.**

بەڵام (**بێستانەکە**) و (**تاریکییەکە**) هەر باسن، کە کارا دەیانچێژێ، واتا دەبێ بـە بەشـێك لـە تاقیکردنـەوەی دۆخـی ئـامێر، تەنانـەت پەیوەندییـەکی لەمـەش ئاڵۆزتری لەگەڵ دۆخەکانی تردا هەیە.

هەرچەندە ئامێر هۆکارێکی نازیندووە، بـەڵام دەبـێ (بـاس)ی لەگەڵـدا بێـت، چونکە (باس) دەچێتەوە ژێر کاری ئامێر، واتە لە پەیوەندیی هـۆ و کـار (تـأثیر)دا ئامێر هۆکارە و باس دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ئـامێر کـار دەکاتە سەر (باس)، خۆشی دەکەوێتە ژێر کـاری کـاراوە، بـەم جـۆرە ڕسـتەیەکی وەك:

کاوە پەنجەرەکەی بە بەرد شکاند.

بەم شێوەیە لێك دەدرێتەوە:

**کاوە وای کرد، کە بەردەکە پەنجەرەکە بشکێنێ.**

بەم جۆرە، بەردەکە (ئامێر) لە ژێر کاری کاوەدایە، کە کارایە و کـار دەکاتـە سەر پەنجەرەکە (باس).

دیسان لە ڕستەیەکی وەك:

**بەردەکە پەنجەرەکەی شکاند.**

هەمان زنجیرەی هـۆ و کـار هەسـتی پـێ دەکـرێ، هەرچـەندە تـەنیا ئەڵقـەی دوایی لە ئاستی سەرەوەی ڕستەکەدا دەبینرێ، بەم جۆرە ئەو ڕستەیە یەکێك لەم دوو لێکدانەوەیەی دەبێ:

١. ئامێرەکـە لـە ژێـر کـاری کارایـەك یـان هێزێکدایـە، هەرچـەندە کـارا یـان هێزەکە نەگەیشتۆتە ئاستی سەرەوە، لەمەدا لـە ڕسـتەیەکی وەك (کـاوە بـە بـەرد پەنجەرەکەی شکاند) دەچێ.

٢. ئامێرەکـە بـەرگی کارایـەکی زینـدووی وەرگرتـووە، بـەم پێیـە بەردەکـە کارایەکی خوازراوە و هەموو ڕستەکە خوازە دەردەچێ.

## (٩) پۆلێنکردنی کار بە پێی چوارچێوەکانیان:

دەربارەی دۆخەکانی ژێرەوە دوو ڕاستی گرنگییەکی یەکجار زۆریان دەداتێ.

یەکەم، دۆخەکان لە ڕووی واتاوە بەجێن، واتە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ دونیای دەرەوە و تاقیکردنەوەدا (خبرە) هەیە. دووەم، ئەم دۆخانە لـە هەڵکـەوتا سەراپان، واتە لە هەموو زمانێکی سروشتیدا بەدی دەکرێن.[1]

گرنگی باس و چێژەر و کارتێکراو و سوودمەند و کارا... هتد، لـە عـەرەبی و فەڕەنسی و هەموو زمانێکی تردا بێگومان بنەماڵە و خێزانـەکانی زمـان وەکیەکـە. گرنگ ئەوەیە ئەم دۆخانە لە ئاستی سەرەوەی زمانـدا چـۆن نیـشانە دەکـرێن، بـە هۆی بەرناوەوە بێ یان گیرەك یـان ڕیزبـوونی کەرەسـەکانی ڕسـتە، یـان پێـڕەوی نیشانەکردنیشیان نەگۆڕ یان گۆڕاو بێت، بـۆ نموونـە لـە کوردیـدا کـاوە کارایـە بـە تەنیا بێ وەك (کاوە هات) یان بەرناوی لەپێشەوە بێـت، وەك (وتارەکـە لـە لایـەن کاوەوە خوێندرایەوە). لەبەر ئەوەی دۆخەکان لـە ڕووی واتـاوە بـەجێن و دەچـنە عەقڵەوە بە ئاسانی و بێ گوێدانە جـۆری زمانەکـە و ڕۆنـانی سـەرەوەی دۆخـەکان دەناسرێنەوە و دیاری دەکرێن.

لەبەر ئەوەی دۆخەکان لە ڕووی واتاوە دەچنە عەقڵەوە و لە هەموو زمانێکدا سەراپا دەبینرێن، هەموو ئەو کارانەی ناوچەیەك یـان بـوارێکی واتـایی لـە دونیـای دەرەوەدا دەنوێنن، ئاسایی دەبێ لە هەمان چوارچێوەدا بەکاربێن.

بەم جۆرە دەبێ بەرامبەرییەکی تەواو لە نێوان پۆلە واتایی و چوارچـێوەکان لە هەموو زمانەکاندا هەستی پێ بکرێ. بۆ نموونە هەموو کـارێکی پەیوەنـدی وەك (لێدان) دەبێ کارا و ئامێر و باسی لە هەموو زمانەکانی جیهاندا لەگەڵدابێ .

بە پێی پەیوەنـدیی نێـوان چوارچـێوەی کـار و بـواری واتاییـان ئـەم کۆمەڵـە کارانەی خوارەوە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە:

---

١. Ibid: ١٠٥.

### ١. كاره یەك شوێنییەكان:

ئەم كۆمەڵەیە بریتین لەو كارانەی لـە ڕێزمـانی دێـرین و ڕۆنانیـدا بـە تێپـەڕ و لێكدەر (رابط) ناو دەبرێن. كاری تێنەپەڕ كارێكی یەك شوێنییە، چـونكە لـە بكـەر بەولاوە پێویستیان بە كەرەسەی دیكە نییە، تا تەواویان بكات.

كارە لێكدەرەكانیش بە كاری یەك شوێنی دادەنرێن، چونكە تەواوكەرەكەیان بە بەشێك لە كارەكە دەژمێردرێ، لەبەر ئەوە تـەنیا لەگـەڵ یـەك دۆخـدا یـان یـەك هاوبەشدا دێن. لە ڕوانگەی ڕێزمانێكی واتاییەوە كە گوێ بە دیوی دەرەوە نەدات، كاری یەك شوێنی بەو كارە دەگـوترێ، كـە تـەنیا یـەك هاوبەشـی نائاوەڵكـاری لـە ئاسـتی ژێـرەوە لەگـەڵ بێـت.[١] لێـرەدا بـەهۆی لێكدانەوەیـەكی وردی كـارە یـەك شوێنییەكان هەندێ ڕاستی دەربارەی ئەو وشانە دەڕەخسێنێ، كـە پەیوەنـدییان لەگـەڵ لەشـی مرۆڤـدا هەیـە. لـە ڕاسـتیدا زۆر ئاسـان نییـە دەستنیـشانكردنی چوارچێوەی ئەو وشانە، چونكە زۆر جار دڵنیا نـین لـەوەی كـە یـەك شـوێنین یـان دووانین، لەو كاتانەدا كە بەشێك لە لەشیان لەناودا تواوەتەوە، بە تەواوی لە كاری یەك شوێنی دەچن، وەك كاری گریا، پێكەنی، مۆن بووەوە... هتد، كە دەموچـاو لەگەڵیاندا دەرناكـەوێ، دەتـوانین لـە شـیكردنەوەی ئـەم كارانـەدا (دەموچـاو) بـە دۆخێك دانێین، كە ناگاتە سەرەوە.

بەم پێیە هەموو ئەم جۆرە كارانە بـە دوو شـوێنی دادەنـرێن. لەگـەڵ هەنـدێ كاری تردا بەشێك لە لەشی مرۆڤ هەر دەبێت بگاتە ئاستی سەرەوە، وەك:

سەرلەقاندن، لێوكرۆژتن، شانبادان، چـاوتروكاندن، لێوهەڵقرچـاندن، دەسـت هاوێشتن، دەست ڕاوەشاندن... هتد، بەشێكی تری كارە یـەك شـوێنییەكان تـەنیا پێویـستیان بـە ئـامێر هەیـە، ئەمـەش ئـەو كارانـە دەگرێتـەوە كـە دەنـگ پێـشان دەدەن، وەك: تەقـە، سـیڕە، هـاژە، گرمـە، چـرپە، تەپـە.... هتـد. بـە گـشتی دەتوانین بڵێین تەواوكەری بكەر یان كاری تێپەڕ دەبێت بە گوزارەی كاری یەكلایی دابنرێت، ئەگەر كارەكە بارگەیێن بوو، ئەوا ئـەو دۆخـەی كـە بەشداریـشی لەگەڵـدا دەكات، (باس)ـە و بە ناچاریش دەبێ كارا وەربگرێت. ئەگەر كارەكەش ڕووداوگێڕ

---

١ Ibid: ١٠٦.

بوو، هەر بەم جۆرەش دەبێ دۆخی ئامێر لەگەڵ ئەم کارانە هەبێت، کە دەنگ دەگەیەنن، وەك:

**کاوە (کارا) دەرگاکەی (باس) چاك کردەوە.**

**کاوە (کارا) چاکەتەکەی (باس) لەبەر کرد.**

**کاوە (کارا) تەقەی دەکرد ←——— کاوە (کارا) بە تفەنگ (ئامێر) تەقەی دەکرد.**

**٢. کارەکانی جووڵەگەیێن:**

ڕێکخستنی ئەم جۆرە کارانە بە پێی ئەو دۆخانە دەبێ، کە بەشداری گوزارەکە دەکەن. بەم پێیە دەتوانین لە کاری یەك شوێنی و دوو شوێنی و... هتد بکۆڵینەوە. هەرچەندە ئەم ڕێکخستنە پەیوەندیی نێوان ژمارەیەك لە گوزارەکان لەگەڵ پۆلە واتاییەکاندا دەردەخات، بەلاّم ئەو پەیوەندییە زۆر بەهێز بەرچاو ناکەوێت، ئەگەر مەبەستمان واتا بێت، بواری کاری جووڵەگەیێن چوار پۆل دەگرێتەوە:

١. گواستنەوە، وەك: ڕۆیشتن، بردن.

**٢. گۆڕان، وەك فڕێدان، تێهەڵدان.**

**٣. گۆڕینەوە، وەك دان، گەڕاندنەوە.**

**٤. پەیوەندیکردن، وەك ڕوونکردنەوە، دەستنیشانکردن.**

بە گشتی بۆ هەموو ئەم کۆمەڵە کارانە باسێك هەیە، کە زۆر ئاشکرا نییە بە یەك شوێنی دەست پێدەکات و کۆتاییشی بە چەند شوێنی دێت.

شایانی تێبینییە دەبێ ئاگاداری ئەوەی بین، کە (باس)ی پۆلی (گواستنەوە و گۆڕان و گۆڕینەوە) لە سروشتی خۆیاندا لە لەگەڵ (باس)ی کاری پەیوەندیکردن جیاوازن، چونکە (باس)ی ئەو سێ پۆلە دەبێ ئاسایی کۆنکرێتی بێ، بەلاّم (باس)ی کاری پەیوەندیکردن بە پێچەوانەوەیە، نموونەی کاری جووڵەگەیێن ئەمانەن: بەرزبوونەوە، گەیشتن، کشان، ڕاکشان، فڕێدان، هاتنە ژوور، چوونە دەرەوە، نقومبوون، فڕین، ڕۆیشتن، جێهێشتن، جوولاّن.... هتد.

**چوارچێوەی گشتیی کاری گواستنەوە بەم شێوەیە دەردەکەوێت:**

[ **کارا، سەرچاوە، ڕێڕەو، ئامانج** ــــــ].

**هەندێ جاریش دۆخی ئامێر بە ئارەزوو دەچێتە ناو ئـەو چوارچـێوەیەوە کـە بەم جۆرە دەبێت:** [ **کارا، سەرچاوە، ڕێڕەو، ئامانج، (ئامێر)** ــــــ ].

**٣. کارەکانی شوێنگەییێن:**

ئەو کارانەی کە شوێن پێشان دەدەن، **هەموویان بە گشتی یەك چوارچێوە** کۆیان دەکاتەوە، چونکە گشتیان کـارا و بـاس و شـوێنیان لەگەڵدا دەبێـت و بـە ئارەزووش ئامێر وەردەگرن، کە بەم شێوەیە دەبینرێن:

[**کارا، باس، شوێن، (ئامێر)** ــــــ]. نموونەی کاری شوێنگەییێن ئەمانـەن: **پڕبوون، دوورخستنەوە، بەجێهێشتن، دانان، بەتاڵبوون... هتد.**

**٤. کارەکانی پەیوەندیکردن:**

کۆمەڵەیـەکی تـر لـە کـار هـەن، دەکەونـە نێـوان کـاری شـوێنگەییێن و کارەکـانی پەیوەندیکردنـەوە، کـە لەیـەك چوارچـێوەدا دەردەکـەون، وەك چوارچێوەی شوێنگەییێن، واتە هەمان چوارچێوەیان دەبێت: [**کارا، باس، شـوێن، (ئامێر)** ــــــ]. نموونەی ئەم جۆرە کارانەش: قیرتاوکردن، سواغدان، بۆیەکردن، سپیکردن... هتد.

**٥. کارەکانی هەستگەییێن:**

لێرەدا دەستنیشانی پێنج بەش لە ئەندامانی هەستی مـرۆڤ دەکـەین، کـە بـە هۆیانـەوە پەیوەنـدی بـە دەوروویـەرەوە دەکـات، وەك: گـوێ، چـاو، دەسـت، لـووت، زمـان. بۆئـەوەی بـە وردی جیـاوازیی نێـوان کارەکـانی پەیوەنـدیکردن و کارەکانی هەستگەییێن بکەین، دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستیە بـین، کـە بکـەری کـاری هەستگەییێن (چێژەر)ە، وەك لەم کارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

| لەشی مرۆڤ | کاری پەیوەندیکردن | کاری هەستگەیێن |
|---|---|---|
| چاو | نیشاندان | بینین، بەرچاو کەوتن |
| گوێ | گوێگرتن | بیستن |
| لووت | بۆنکردن | بۆنکردن |
| زمان | تامکردن | لێستن |
| دەست | بەرکەوتن | هەستکردن |

چوارچێوەی کارە هەستگەیێنەکان بەم جۆرە دەبێت:

[ **چێژەر، باس ـــــــ**]. نموونەی ئەم جۆرە کارانەش:

باوەڕکردن، بەرچاو کەوتن، بەرواوردکردن، دەستنیشانکردن، گومانکردن، هەستکردن، بیرکەوتن، چارەسەرکردن، تێگەیشتن... هتد. لە هەمان کاتیشدا ئەو کارنەی کە ڕووداوێکی دەروونی دەردەخەن، وەك کاری هەستگەیێن یەك چوارچێوە کۆیان دەکاتەوە، **توڕەبوون، لێکچوون، ترسان، ڕقلێبوون، ویستن، خۆشحاڵ بوون... هتد.**

**٦. کارەکانی گۆڕینەوە:**

لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی کە گۆڕینەوە پیشان دەدەن، باسێك هەیە کە دەبێ لەگەڵیاندا بێت. ئەم باسەش بارێك نیشان دەدات، کە پێی دەگوترێ سەرچاوە.[1] ئەم سەرچاوەیەش جیاوازە لە باری کۆتایی، کە پێی دەگوترێ **ئامانج**، چونکە ئەو گۆڕانەی لە نێوان سەرچاوە و ئامانجدا ڕوودەدا، دەبێ بە هۆی کەرەسەیەکەوە بێ، کە ئەویش کارا یان هێزە، بە زۆریش هەر کارایە، دیسان کاراکەش بۆ ئەنجامدانی گۆڕینەکە ئامێرێك بەکار دەهێنێ، کە ئەویش بەشێکە لە لەشی مرۆڤ، بەم جۆرە دەتوانین دەستنیشانی چوارچێوەی کاری گۆڕینەوە بکەین: [ **کارا، (ئامێر)، باس ئامانج ــــــ**].

**٧. کارەکانی دەست بەسەرداگرتن:**

دۆخی کارا لە سەرووی هەموو دۆخەکانی تردایە (هەروەك لەمەوبەر ڕوونمان کردەوە) و دەست بەسەر دۆخەکانی تردا دەگرێت، بەم پێیە کارا بەسەر ئامێردا

---

١. Ibid: ١٢٤.

زاڵە و بە ئارەزووی خۆی کاری تێدەکات، هەروەها ئامێریش کار لە باس دەکات، بۆ نموونە:

**مامۆستا کاوەی هەڵبژارد.**

کاری ئەم ڕستەیە وەکو کارێکی دوو لایی خۆی دەنوێنێ، کە دوو بەشداری لەگەڵدا هاتووە، (کارا)کە مامۆستایە و (چێژەر)ەکە کاوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕستەیە تەواو نەبووە، ڕاستە کاوە چێژەرە و بێ ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ کاوەدا هەیەتی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاوە کارایە، چونکە هەڵبژێردراوە تا کارێك بە ئەنجام بگەیەنێت، یان ئەوەی لێ ڕەچاوە دەکرێ کە کارێك بکات، وەك:

**مامۆستا کاوەی هەڵبژارد، هۆنراوەکە بخوێنێتەوە.**

ئەم جووتە ئەرکە لە دۆخێکدا تایبەتە بە کاری دەست بەسەرداگرتنەوە. تایبەتمەندییەکی تری ئەم کارانە لەوەدایە، کە کارا و چێژەر وەردەگرن. سەرەڕای ئەمەش هەندێ جار لە ڕستەدا ڕووداوێکی تێهەڵکێشیان لەگەڵ دەبێت، کە لە شێوەی ڕستەیەکی تێهەڵکێشکراو دەردەکەوێت. لەم ڕستە تێهەڵکێشکراوانەشدا چێژەری ڕستەی سەرەکی (شاڕستە) بە ئەرکی کارا هەڵدەستێت، ئەمەش ئەو تایبەتییە بە دیار دەخات، کە لەم جۆرە کارانەدا دەبینرێت. کارەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە سێ پۆلدا دەردەکەون، پۆلی کاری بەهێز، وەك: ڕێگادان، بەجێهێشتن، داننان، ناونان... هتد. پۆلی دووەم کاری بە دەسەڵات کە کارەکانی هاندان دەگرێتەوە، وەك: ئامۆژگاری کردن، ورە بەرزکردن، ئارەزوو کردن، وریا بوون، پاڕانەوە، نەهێشتن، قەدەغە کردن... هتد. پۆلی سێیەم کاری هەرە بە دەسەڵات دەگرێتەوە، کە لە سەرووی هەردوو پۆلەکەوەن و ئەو کارانەیە کە هێزیان تێدا هەیە، وەك: دەستکەوتن، فەرماندان، کردن، دانان... هتد.[١] شایانی تێبینییە کە کۆمەڵەی کاری یارمەتیدان وەکو کارەکانی ڕێگادان وایە. تاقە جیاوازی لە نێوانیاندا لەوەدایە، کە کارای کاری یارمەتیدان لە ڕستەدا نەك هەر تەنیا دەست بەسەر ڕووداوی دووەم دەگرێ، بەڵکو لە ڕاستیدا لە ڕستەکەدا کارایە لە یارمەتیدان بۆ ئەنجامدانی ڕووداوی دووەم. نمونەی ئەم کارانەش: یارمەتیدان، فریاکەوتن، فێرکردن، نیشاندان، کۆمەك کردن، پشتگیری کردن... هتد.

---

Ibid: ١٢٩. ١

# بەشی دووەم
# "یاساکانی گوێزانەوە"

## (١) سەرەتا:

لە سەرەتادا پێش ئەوەی لە یاساکانی گوێزانەوە بدوێین، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە ڕێزمانەکەی فیلمۆر ئەوەندە فراوان و پەلهاوێژ و سەرتاپایی نییە، کە وەك بیردۆز سەیر بکرێ. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ڕێزمانەکە بە لای دەیان دیاردەی ڕێزمانیدا ناچێت (بۆ نموونە ئاوازە) و چەندین دیاردەی تر یان هەر لێکیان ناداتەوە یان گوێیان ناداتێ. وە نەبێ فیلمۆر خۆی ئاگاداری ئەمە نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر لەیەکەم کاریدا هەوڵەکەی بە شتێکی کەم دادەنێ و دەریدەخات، کە دەیەوێ هەندێ گۆڕان لە ئاستی ژێرەوەی ڕێزمانەکەی چۆمسکیدا بکات و بە جۆرێك قوڵتری بکاتەوە، تا بتوانێ نەك هەر پەیوەندیی ڕێزمانی، بەڵکو ئەرکی واتایی کەرەسەکانی دەربڕێ، بەم پێیە ڕێزمانەکەی فیلمۆر بە بەشێکی نەپچڕاو لە بەشە تیۆرییەکەی چۆمسکی دادەنرێ و تاکە جیاوازی لە نێوانییاندا لە یاساکانی ئاستی ژێرەوە و ژمارەیەکی کەم لە یاساکانی گواستنەوە دەبینرێ.

بە تێڕوانینی فیلمۆر ڕێزمانێکی گواستنەوە کە لە ئاستی ژێرەوە دۆخ لەبەرچاو بگرێ، خاوەنی هەندێ تایبەتییە، کرۆکی واتایی ڕستەیەکی سادە لە گوزارەیەك (ناو، ئاوەڵناو، کار) لەگەڵ دانەیەك یان زیاتر پێکهاتووە، بە مەرجێك ئەم دانانە پەیوەندییەکی واتایی (دۆخەکانی ئاستی ژێرەوە) لەگەڵ گوزارەدا گرێیان بدات، دۆخەکانیش دەوری دانەکان لە گوزارەکەدا پیشان دەدەن، وەك:

هانـدەری کارێـك، چـێژەری ڕووداوێکـی دەروونـی یـان باسـێك کـە بـە گۆڕانێکـدا ڕۆیشتبێت، یان جوولاّ بێت، یان شوێنی ڕووداوێك ... هتد.[1]

دیـسانەوە فیلمـۆر دەڵـێ: لـە کارەکەمـدا بـیرم لـەوە نەکردۆتـەوە، هـەموو ڕۆنانێکی ژێرەوە لابەرم و وازی لێ بهێنم، بەڵکو هەوڵم داوە ئاستێك بدۆزمەوە بـۆ ڕۆنانی ڕێزمانی زۆر قوڵتر، بێ لە ڕۆنانەکەی ژێرەوەی چۆمسکی.[2]

هەرچەندە فیلمۆر لـە یـەکێك لـە کـارە گرنگـەکانی ئـەم دواییەیدا[3] زیـاتر لـە چۆمـسکی و بۆچـوونەکانی دوور دەکەوێتـەوە، بـەلاّم بـە تـەواوی دووپـاتی ئـەوە دەکاتەوە، کە ڕێزمانەکەی لە ئاستی بیردۆزدا نییە و هەر لە سـەرەتاوە مەبەسـتی دانانی بـیردۆز نـەبووە. هـەروەها ئـەوەش دەڵێتـەوە کـە ڕێزمانەکـە هەوڵێکـە بـۆ شیکردنەوەی ئاستێکی زمان و بە تەنیا گەر نەبەسترێتەوە بە ئاستی تـرەوە، یـان بە بۆچوون و بیردۆزی ترەوە، ناتوانێ هـەموو دیاردەکـانی زمانێـك لێـك بداتـەوە، ئەم هەڵوێستەی فیلمۆر لەم ڕایەی خوارەوەیدا تەواو ئاشکرایە:

(بەکارهێنانی ڕێزمانی دۆخ بـۆ باسـکردنی ئـەو پێـشنیازانەی کـە لـە پێنـاوی دۆخدا کردمن، لە شوێنی خۆیـدا نـەبوو، ئـەو پێـشنیارانە وا پێکـەوە نـالکێن، کـە بۆچوونێکی ڕێزمـانی دروسـت بکـەن. ئەمانـە زیـاتر پێـشنیازن دەربـارەی ئاسـتی ڕێکخستنی پاڕستەکە پەیوەندی بە واتا و ڕۆنیانەوە هەبوو، ئەمانە ڕێگەیەك بوون بۆ لێکدانەوە و باسـکردنی هەنـدێ لایـەنی ڕۆنـانی وشـەیی، یـان تـوانی بـە باشـی جۆرەکانی پاڕستە پۆلێن بکەن، بەوەدا کە هەنـدێ جـار بـە نامـە دەپرسـن چـۆن ڕێزمانی دۆخ ئاواز لێك دەداتەوە، ئاگاداری ئەوەم کە نووسینەکانم ئەو دیمەنـەیان داوە کـە ڕێزمـانی دۆخ بۆچـوونێکی گـشتییە بـۆ ڕۆنانـەکانی زمـان. ئێـستا لـە بەکارهێنانی زاراوەکەدا وریا ترم.[4]

---

Fillmore, 1971, 37. 1
Ibid. 35. 2
Fillmore, 1977, 37. 3
Ibid, 62. 4

لێرەدا ئێمە بە دوای ڕای یەکەمی فیلمۆر خۆیدا (ڕێزمانی دۆخ) بە بەشێك لە ڕێزمانی تەولیدی– تەحویلی دەبینین، کە ئەرکی یاساکانی پێکهێنانی فرێز باشتر و وردتر بەڕێوە دەبات، واتە (پێشنیازەکانی) فیلمۆر دەخەینە جێگەی یاساکانی پێکهێنانی فرێز و لەگەڵ یاساکانی گوێزانەوەی لای چۆمسکی لێکی دەدەین، بەمە ئاستی ژێرەوە بە ئاستی سەرەوە دەگەیێنین و لە چوارچێوەیەکی وادا دەمانەوێ هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی شی بکەینەوە.

پێش ئەوەی لە هەندێ یاسای گوێزانەوە لە کوردیدا بدوێین، وای بە پێویست دەزانین کەمێك لەسەر یاساکانی گوێزانەوە بە گشتی بوەستین و ئەرکی ئەم یاسایانە دەرخەین، دیسان هەوڵی ئەوەش دەدەین لە یاساکانی پێکهاتنی فرێز یان لێرەدا لە ئاستی دۆخەکانی ژێرەوەی لای فیلمۆر جیایان بکەینەوە.

ئەرکی یاساکای گوێزانەوە لە ڕێزمان دەرهێنان و گواستنەوەدا بە گشتی (کە بە لای ئێمەوە ڕێزمانەکەی فیلمۆر جۆرێکە لەمانە) لەوەدایە کە ئاستی ژێرەوە (یاساکانی دۆخەکانی ژێرەوە) لەگەڵ ئاستی سەرەوەی ڕۆناندا پێش ئەوەی بگەنە ئاستی سەرەوە بەیەکەوە کردەیەکیان بەسەردا جێبەجێ دەکات. بەم پێیە بۆ بەشی فۆنۆلۆجی ڕۆنانەکان ئامادە دەکات، تا ئەمیش بیانگەیەنێتە ئاستی فۆنەتیك و بەو جۆرە دەرکەون کە ئاسایی دەردەبڕێن.

یاساکانی گوێزانەوە لە زۆر لایەنەوە لە یاساکانی پێکهێنانی فرێز جیاوازن، یاسای گوێزانەوە لە سەرێکەوە زۆر لە یاساکانی پێکهێنان بەهێزترن. ئەم یاسایانە دەتوانن کەرستە لابەرن و بتاوێننەوە، یان کەرەسە فراوانتر بکەن، یان کەرەسەی تر بهێننە ناوەوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە یاساکانی پێکهێنان تەنیا دەتوانن بە هەندێ لەم کردانە هەستن، بەم جۆرە یاساکانی گوێزانەوە هەموو ئەرکەکانی یاساکانی پێکهێنان ناگرێتەوە. گرنگی یاساکانی گوێزانەوە لەوەدایە، دەتوانن بە ئاسانی بە هەموو ئەو کارانە هەستن، کە یاساکانی پێکهێنان بە قورسی و ناقولآیی پێیان دەکرێ.[1] لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە یاساکانی پێکهێنان زۆر سەرەکیترن. بۆ ئەوەی بتوانین یاساکانی گوێزانەوە

---

Fattah, m.m, 1973, 97. 1

جێبەجێ بکەین، دەبێت شتێك لە مێژووی ڕۆنانەکە بزانین (لە چییەوە هاتوون و چۆن لە ڕستەی ترەوە وەرگیراون). هەر یاساکانی پێکهێنان لە توانایاندایە ئەم مێژووە دەربخەن، هەرچی یاساکانی پێکهێنانە پێویستیان بەم مێژووە نییە، بۆ جێبەجێکردنیان تەنیا پێویستیمان بە شێوەی شریتی گوتنەکە دەبێ. بەم پێیە یاساکانی پێکهێنان لەوەدا سەرەکیترن، کە پێویستیان بە کەرەسەی خاو نییە و خۆیان ژمارەیەکی بێ سنوور ڕۆنان دروست دەکەن و هەر لەبەر ئەمەشە بە یاساکانی (پێکهێنان) یان (دروستکردن) ناو دەبرێن، بە پێچەوانەشەوە یاساکانی گوێزانەوە کەرەسە وەردەگرن و کەرەسە دەردەکەن، خۆیان کەرەسە دروست ناکەن، بەڵکو بەسەر شریتێکی گوتندا جێبەجێ دەکرێن و شریتێکی جیاواز دەردەکەن.[1]

جیاوازییەکی گرنگی تر لە نێوان یاساکانی گوێزانەوە و پێکهێنان لە ڕیزبووندایە، کەرەسەکانی یاساکانی گوێزانەوە دەبێ ڕیز بکرێن، واتە دەبێ پێش و دوا بکەون. هەرچی یاساکانی پێکهێنانە پێویستییان بەم ڕیزبوونە نییە و هەر کاتێ نیشانەکە هەبێت، دەتوانرێ جێبەجێ بکرێن، بەم جۆرە ڕیزکردنی کەرەسەکان دەکەوێتە ئەستۆی یاساکانی گوێزانەوە.

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا بەشی یاساکانی گوێزانەوە، تیشکێکی تەواو دەخەینە سەر ئەو یاسایانەی گوێزانەوە کە تایبەتە بە بۆچوونەکەی فیلمۆر خۆیەوە (واتە ئەو یاسایانەی کە بۆچوونەکەی دەیانسەپێنن)، وەك یاسای هەڵبژاردنی بکەر و یاسای هەڵبژاردنی بەرکار، یاسای لابردنی بەرناو، یاسای لابردنی بکەری ئاشکرا... هتد. لە هەمان کاتیشدا لە هەندێ لایەنی ڕێزمانی تری ڕستەی کوردی دەدوێین، وەك دیاردەی لێکدان و تێهەڵکێشکردن و دروستبوونی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز لە چوارچێوەی بۆچوونەکەدا، دیسان هە ندێ لایەنی تری ڕستەش وەك دیاردەی پێشکەوتن و دواکەوتنی کارا و ئامێر و شوێن و کات و باس و چێژەر لە چوارچێوەیەکدا شی دەکەینەوە، کە بە باوەڕی ئێمە فراوانکردنێکی بۆچوونەکەی فیلمۆرە.

---

[1] Ibid, 8.

**(٢) هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار:**

لێرەدا چۆنییەتی کارکردنی بکەر و بەرکاربەر لە ڕێزمانی دۆخەکانی ژێرەوەدا لەگەڵ چەند تێبینییەکی گشتی وا دەخەینە ڕوو، کە یەکەم جار لە دەوری ئەم دوو ئەرکە سینتاکسیە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای گوتندا دەدوێین، ئینجا باس لە یاسای دانانی ئەمانە دەکەین و بە دوایدا لە بارەی پایە و پلەی ڕۆڵەکان لە هەڵبژاردنی بکەر و بەرکاردا گریمانەیەك دەخەینە بەردەست.

لە ئاستی ژێرەوەدا ڕستە بریتییە لە ڕووداوێك (بار) و چەند فرێزێکی ناوی (بنە)، کە هەر یەکە لەم فرێزانە ڕۆڵێکی واتایی دیاریکراویان هەیە (هەروەك لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیە لە ژێر ناونیشانی پەیوەندی و ڕۆڵەکاندا بە درێژی ڕوونمان کردەوە)، بەم پێیە ڕستەیەکی وەك:

**کاوە کتێبی لە ئازاد کڕی.**

بەم جۆرەی خوارەوە دەنوێنرێ:

**کڕین (س) (ل) (ن)**

**کار کارا باس سەرچاوە**

هەر هەمان ڕستە لە (ئاستی سەرەوە) بە پێی هەڵبژاردنی ئەو کەرەسەیەی دادەنرێ بە بکەر و ئەو کەرەسەیەی دەکرێ بە بەرناو، چەند شێوەیەك وەردەگرێ، دیسانەوە ڕستەیەکی وەك:

(دایکان) (بە شەو و بە ڕۆژ) (شیر) (دەدەنە) (کۆرپەکانیان).

بە چەند سیمایەکی جیاواز بەر چاو دەکەوێت:

**١. دایکان بە شەو و بە ڕۆژ شیر دەدەنە کۆرپەکانیان.**
**٢. بە شەو و بە ڕۆژ دایکان شیر دەدەنە کۆرپەکانیان.**
**٣. کۆرپەکان شیریان دەدرێتێ بە شەو و بە ڕۆژ.**
**٤. بە شەو و بە ڕۆژ کۆرپەکان شیر دەدرێن.**
**٥. دایکان کۆرپەکانیان بە شەو و بە ڕۆژ شیر دەدەن.**

ئەوەی لێرەدا دەبێ تێبینی بکرێ، ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١. ئەو کەرسانەی ژێرەوە ڕیز نەبوون، واتە هێشتا نازانین ئـەم کەرسـانە لـە ئاستی سەرەوەدا دەچنە کوێی کارەکەوە، یان چۆن پێش و دوای یەکتر دەگرن.

٢. جـۆرێکی تـری ڕیزبـوون هەیـە، کـە بـە پێـی پـێش و دوا نییـە، بـەڵکو پەیوەندی بـە پلـە و پایـە و دەوری واتـایی کەرەسـەکان خۆیانـەوە هەیـە،[1] واتـە هەندێ لەم دەورە واتاییانە لـەوانی تـر سـەرەکیترن یـان گـرنگتر و لـە پێـشترن و پەیوەندی واتاییان لەگەڵ کارەکەدا لەوانی تر زیاترە، بۆ نموونـە کـاری ڕووداو بـە بێ کارا نابێ، بەڵام ڕووداو بە بێ باس لە ئـارادا هەیـە. بـەم پێیـە لـە دیـاریکردنی ڕووداودا کارا لە باس گرنگترە، دیسان سوودمەند بەبێ باس نایەتە کایەوە، بـەڵام باس بەبێ سوودمەندیش دەبێ، بەم جۆرە باس لە سـوودمەند گـرنگتر دەبـێ. بـۆ نموونە سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

١. شێروان ڕای کرد. [ کارا + ــ]

* ٢. بەردەکە ڕای کرد.

ڕستەی یەکەم پەسندە، بەڵام ڕستەی دووەم ڕێزمانی نییـە، چـونکە هـەروەك ڕوونم کــردەوە، کــاری ڕووداو پێویــستی بــە کــارا هەیــە، کــاراش یــەکێك لــە تایبەتییەکانی ئەوەیە، کە دەبێ زیندوو بێ.

٣. شێرزاد نامەی خوێندەوە. [ کارا + باس + ــــــ ]

٤. شێرزاد نامەکەی بە ئازاد دا. [ کارا + باس + سوودمەند + ــــــ ]

٥. نامەکە بە ئازاد درا. [ باس + سوودمەند + ــــــ ]

* ٦. بە ئازاد درا.

هەرچەندە نازانین پەیوەندیی ڕیزبوون بەم جۆرە تا چ ڕادەیەك دەڕوات، بەڵام ئاشکرایە کە ئەرکی واتایی تا ڕادەیەك بە پێی گرنگی و ناگرنگیی ئەرکە واتاییەکە بۆ ڕستەکە کەرستەکانی ڕستە ڕیز دەکـات، یـان ڕووداوەکـە هـەمووی. ئـەم نیـوە ڕیزبوونە بە پێی پلەبەندی (تدرج)ی ئەرکە واتاییەکانە، کە لە زۆربـەی زمانەکانـدا بەم جۆرەی خوارەوە دەبێ.

---

Dik, S, 1979, 70. 1

١.  پلەبەندیی ئەرکە واتاییەکان:

**کار > باس > سوودمەند > ئامێر > شوێن > کات.**

ئــەوەی لێــرەدا پێویــستە ڕوونــی بکەینــەوە، ئەوەیــە کــە زمــانی کــوردی لــەم ڕیزبوونەدا هەندێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە لە گرتنی شـوێنی بکـەر ئـامێر توانای لە سوودمەند زیاترە، لەبەر ئەوە باشتر وایە ڕیزبوونی کەرەسەکانی زمـانی کوردی بە پێی پلەبەندیی ئەرکە واتاییەکان بەم جۆرە بێت:

**کــارا > بــاس > چــێژەر > ئــامێر > شــوێن > کــات > سوودمەند...**

تـا ئێـستا شـوێنی ئەرکـە واتاییـەکانی تـری وەك: سەرچـاوە، ڕێـڕەو... لـە پلەبەندییەکەدا دیاری نەکراوە.

٢.  جگە لەم نیوە ڕیزکردنە پلەبەندییە هیچ جۆرە ڕوانگەیەك یا بۆچوونێك بۆ مەبەسـتی ڕسـتەکە دیـاری ناکـات، واتــە تــەنیا ئــەوە پیــشان دەدات، کــە جـۆرە پەیوەندییــەك لــە نێــوان هــەر یــەکێك لــە کەرەســەکان و ڕووداوەکــەدا هەیــە و پەیوەندییەکەش بە هۆی ئەرکە واتاییەکانیانەوە دیاری دەکرێ.

ئەمەش لەگەڵ باری زمانە سروشتییەکاندا ڕێك ناکەوێ، چونکە لە قسەکردندا خەڵکی زیاتر گوێ دەدەنە ئەو کەرەسەیەی کە لە (بار)ــەکەدا دەورێك دەگێـڕێ، نەك پەیوەندیی کەرەسەکان لە ناوخۆیاندا. بە واتایەکی تر لە زماندا ئەو بارەی کە هەیە یان ئەو ڕووداوەی کە مەبەستە بگاتە گوێگر، دەبـێ لە ڕوانگـەی یـەکێك لـە بەشدارەکانەوە دەربڕدرێ، ئەگەر ئەو کەسـە (بەشـدار)ــەی هەڵدەبـژێردرێ، لـەو ڕوانگەیەی مەبەستە بخرێتە بەردەست و هەموو کاتێ ئەو بەشـدارە هـەر بمێنێـت، کە بەرزترین پلەی لە پلەبەندییەکەدا هەیە، ئەوا هەڵبژاردنی ڕوانگـە ڕاسـتەخۆ بـە پەیوەندیی نێوان ئەرکە واتاییەکان خۆیانەوە بەنـد دەبـوو،[1] بـەڵام لـە زۆر زمانـدا ئەمە وەها نابێ، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ڕستەیەکی وەك:

کاوە کتێبەکەی لە ئازاد کڕی.

---

Ibid, 71. 1

دەتوانرێ هەر جارە لە ڕوانگەی یەکێك لە بەشدارەکانەوە بخرێتە ڕوو، جارێك لە ڕوانگەی کاوەوە و جارێکی تر لە ڕوانگەی ئازاد و هەندێ جاریش لە ڕوانگەی کتێبەکەوە، وەك ئەمانەی خوارەوە:

١. **کاوە کتێبەکەی لە ئازاد کڕی.**
٢. **ئازاد کتێبەکەی فرۆشت بە کاوە.**
٣. **کتێبەکە بە کاوە فرۆشرا.**
٤. **کتێبەکە لە ئازاد کڕدرا.**

بەم پێیە هەڵبژاردنی ڕووانگە بۆ گەیاندنی کەرەستەکە، یان بۆ باسکردنی ڕووداوەکە لە ڕوانگەی ئەمەوە بە هۆی بەخشینی ئەرکی ڕێزمانی بکەرەوە دەبێ، بەم جۆرە هەڵبژاردنی بکەر ئەو بۆچوونە یان ئەو تێڕوانینە دیاری دەکات، کە لێیەوە دەڕوانێتە هەموو ڕووداوەکە. ئاشکرایە بەم پێیە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو ڕستانەی سەرەوە لەوەدا هاوواتان، کە هەموویان دەربارەی یەك ڕووداون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هاوواتا نین، چونکە هەر یەکەیان لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە مەبەستەکە دەخاتە ڕوو. بە واتایەکی تر هەموو ئەو ڕستانەی سەرەوە هەمان (وێنە) دەربارەی ڕووداوەکە نادەن،[1] چونکە هەر جارەی لە گۆشەیەکەوە ڕووداوەکە دەبینرێ و هەر یەکەیان گۆشەیەکی ڕووداوەکە دەدەنە بەر تیشکی تێڕوانین، ئینجا چۆن هەر جارە پێویستیمان بە وێنەیەکی جیاواز دەبێ بۆ مەبەستی جیاواز، هەروەها لە بارەی ڕووداوێکەوە پێویستیمان بە دەربڕینی جیاجیا دەبێ، بە پێی ئەو مەبەستەی کە هەمانە. ئەمەش تێماندەگەیەنێ بۆچی ئەو ڕستانە هەرچەندە باس لە هەمان ڕووداویش دەکەن، هەرگیز لە جێگەی یەکتری بەکار نایەن و جێگەی یەکتری ناگرنەوە.

### (٣) تایبەتییەکانی بکەر و بەرکاربەر:

هەڵبژاردنی بکەر و بەرکاربەر لە چەند ڕووێکەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ، ئەم لایەنانەش ئەمانەن:

**١. جۆر و هەڵکەوتەی ئەو کەسەیەی کە لەوانەیە بە بکەر دابنرێ.**

---

Ibid. 1

**٢. ئەو بار و هەلومەرجانەی کە لەوانەیە لە ژێریدا کەرەسەیەك بە بکەر دابنرێ.**
**٣. کارتێکردنی هەڵبژاردنەکە لەسەر کەرەسەکانی تر.**
**٤. ئەو یاسا ڕێزمانییانەی کە لە دواییدا دێن و پەیوەندییان لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنە هەیە.**

زۆر جار لە ڕێزمانی تەقلیدیدا دیاردەی هەڵبژاردنی بکەر لە چوارچێوەی جیاوازی نێوان بکەردیار و بکەرنادیاردا باسی لێ دەکرێ، ئەمەش زۆر جار لە چوارچێوەی گۆڕینەوەی کەسەکاندا دەگوترێ و لە نێوان خۆیاندا و لە چاو کارەکەدا، ئەوەی لەم بارەوە ئاشکرایە، ئەوەیە:[1]

**١. هەڵبژاردنی بکەر هەر پەیوەندی بە کارا و باسەوە نییە.**

مەرج نییە هەڵبژاردنی بکەر ببێتە هۆی گۆڕانی شوێنی کەرەسەکانی تر، بۆ نموونە کارتێکردنی هەڵبژاردنی بکەر لە کارێکی سێ شوێنیدا بەم جۆرە دەبێ، یەکێك لە بەشدارەکان دەبێتە بکەر، دەکرێ بە ڕووانگەکە لێیەوە بڕوانرێتە ڕووداوەکە. هەموو ئەم کاری هەڵبژاردنە دوو کەرەسەی تر بە ڕیز نەکراوی بەجێ دەهێڵێ، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| **٢. کاوە** | **(وانەکە) باس** | **ڕوون کردەوە** |
| **٣. کارا (بکەر)** | **(قوتابییەکە) سوودمەند** | |

بە دوای ئەمەشدا زمان ڕێگەی ئەوەش دەدات، کە ڕوانگەیەکی تریش بۆ ئەو دوو کەسەیەی بەجێ ماون هەڵبژێرێ و بە هۆی دانی ئەرکی بەرکار بە یەکێك لەمانەوە و بەرەڵلاکردنی ئەوی تر، بەلام لە زمانی کوردیدا هەڵبژادنی بکەر ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دیاریکردنی بەرکاریش، چونکە تەنیا یەك ڕێگە هەیە، بۆ ڕیزکردنی ئەو دوو کەرەسەیەی کە ماونەتەوە.

**(کاوە) (وانەکە) (قوتابییەکە) (ڕوون کردەوە)**

*** کاوە وانەکە قوتابییەکە ڕوون کردەوە.**

---

Ibid, 72. 1

بـه شـێوەیەکی گـشتی، لـه زمانـدا هەڵبـژاردنی بـەرکار لـه سـنوورێکی تەسـکتردا ڕوودەدات، بـه واتایـەکی تـر هەڵبـژاردنی ئـەم بەنـدە بـه هەڵبـژاردنی بکەرەوە.

دیسان هەڵبژاردنی بەرکار لە دوای هەڵبژادنی بکـەر دێ، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە دوای هەڵبـژاردنی ڕووانگـەی یەکـەم بـۆ تێـڕوانین لـە ڕووداوەکـە، ڕووانگەی تر ئەو گرنگییەی نامێنێت، لـە لایـەکی تریشەوە نـاگرنگی هەڵبـژاردنی بـەرکار لـەوەدا دەردەکـەوێ، کـە لەوانەیـە هـەموو کارایـەك ببێـت بـە بکـەر، یـان پاڵێوراوی یەکەمن بۆ ئەو شوێنە، بـەڵام کـارا هـەرگیز نابێتـە پـاڵێوراو بـۆ ئـەرکی بـەرکار. هـەر چـەندە ئـەرکی بـەرکار زۆر جـار دەدرێتـە پـاڵ (بـاس) یـان (سـوود مەند)... لەوەش دەچێت لە چوارچێوەی بۆ چوونەکەی فیلمـۆردا لـەم دوو ئەرکـە ڕێزمانییە زیاتر پێویست نەبن، چونکە ئەگـەر هـەر شـتێك لەمانـە مایـەوە، ئەرکـە واتاییەکەی خۆیان دەپارێزن و دەبنە تەواوکەر.

لە شێوەدا هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار لە چێوارچێوەی بۆچـوونەکەی فیلمـۆردا بە زیادکردنی ئەرکی بکـەر و بـەرکار دەبـێ بـۆ ئـەو کەرەسـانەی کـە بـۆ ئـەم دوو ئەرکە هەڵدەبژێردرێن، لە کاتێکدا کە ئەرکە واتاییەکەی ژێرەوەیان دەپـارێزن. بـۆ ڕستەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە:

**(کاوە) (کتێبەکە) (ئازاد) (کڕی)**

ئەم ئەگەرانە لەکاردا دەبن:

**١. کاوە کتێبەکەی لە ئازاد کڕی.**
**کارا باس سەرچاوە کار**
↓ ↓
**(بکەر) (بەرکار)**

**٢. کتێبەکە لە ئازاد کڕرا.**
**باس (بکەر) سەرچاوە کار**

**٣. کتێبەکە لە لایەن کاوە (وە) کڕرا.**
**باس (بکەر) (کارا) کار**

لێرەدا دەبێ تێبینی ئەم خاڵانە بکەین:

١. **هەڵبژاردنی** بەرکار و بکەر کار ناکاتە سەر ئەرکی واتایی کەرەسەکانی ژێرەوە، واتە کەرەسەکان ئەم تایبەتییەی خۆیان دەپارێزن.

٢. مەرج نییە هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار کار بکاتە سەر ڕیزبوونی کەرەسەکان، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کار بە گشتی دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کار ناکەوێتە سەرەتای ڕستە، یان لە توانای نییە لە سەرەتای ڕستە دەرکەوێت، وەك:

**بوو بە ڕۆژی حەشر.**

**هات بۆ لامان.**

کەواتە پاش و پێش کەوتنی ڕیزبوونی کەرەسەکان ناکەوێتە ژێر باری هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار، چونکە هەر ئەم ڕستانەی سەرەوە دەتوانن بە شێوەیەکی تر ڕیز بکەین، کە بە هیچ جۆرێك کار نەکاتە سەر واتاکانیان:

**ڕۆژی حەشر بوو.**

**بۆ لامان هات.**

٣. هەرچی کەرەسەیەك کە نەبێتە بکەر یان بەرکار، ئەرکە واتاییەکەی خۆی دەپارێزێ و وەك تەواوکەر دەمێنێتەوە:

**منداڵەکە نانەکەی (لە باخەکەدا) خوارد.**

**سالار پارە (لە باوکم) (بۆ شەماڵ) وەردەگرێت.**

٤. هەر کارێك هەڵبژاردنی بکەر یان بەرکار بیکاتە سەر فۆڕمی کەرەسەکانی تر، دەبێ لە دواییدا بە هۆی یاسای ترەوە دیاری بکرێ.

ئاشکرایە ئەم هەڵبژاردنە لە کوردیدا دەبێتە هۆی بەخشینی نیشانەکانی دۆخ بە کەرەسەکان، وەك دانانی یەکێك لە بەرناوەکان بۆ تەواوکەر.

سوودمەند (**بە ئازاد — بۆ ئازاد — لە ئازاد**) سەرچاوە و شوێن: (لە لایەن ئازادەوە) لە کاتێکدا کە بکەر و بەرکار خۆیان بێ نیشانە دەبن و لە هەموو ڕووێکەوە لەیەك دەچن، لە وەدا نەبێ کە (بکەر) خۆی بە سەر کاردا دەسەپێنێ و وای لێ دەکات کەس و ژمارەی ئەم (بکەر) دووبارە بکاتەوە.

**کرێکارەکە زەوی دەکێڵێ.**
**کرێکارەکان زەوی دەکێڵن.**

٥. بکەر و بەرکار لە ڕستەدا نەك هەر شوێنی خۆیان دیاری دەکەن، بەڵکو لە ئاستی سەرەوەدا شوێنی کەرەسەکانی تریش دەچەسپێنن.

٦. لە ڕێکەوتن لەگەڵ کاردا لە ژمارە و کەسدا پێشتریّ (ئەولەویەت) دەدریّ بە بکەر یان بە بەرکار.

بە گشتی لە زۆربەی زۆری زمانەکان پێشتریّ دەدریّ بە بکەر، تەنیا لەو زمانانەدا نەبێت کە بە ئێرگەتیڤ ناو دەبرێن، کە هەندیّ جار بەرکار لەگەڵ کاردا ڕێك دەکەوێت، بۆ وێنە لە زمانی کوردیدا ڕێکەوتن هەر لەنێوان بکەر و کاردایە، تەنیا لە شێوەی کرمانجی ژووروودا نەبێت، ئەویش هەر لەگەڵ کاری تێپەڕی ڕابردوودا بە گشتی بەرکار لەگەڵ کاردا ڕێك دەکەوێت.

ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم زارە کە دەیخاتە پاڵ زمانە ئێرگەتیڤەکان (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم باسە)، دیسانەوە ڕێکەوتن لە نێوان بەرکار و کاردا دەبێت لە ڕستەی بکەرنادیاردا، بە واتاییەکی تر هەر کەرەسەیەك لە ڕستەی بکەر نادیاردا شوێنی بکەری ڕستە بگریّ، لەگەڵ کاردا ڕێك دەکەوێت، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەویّ:

**سەربازەکان ئاڵای سەرکەوتنیان بەرز کردەوە.**
**دڵێر چوو، هەواڵەکەیان بۆ بهێنیّ.**
**من شەونم و شیرین لە ماڵ دیتن.**
**خانووەکان دروست کران.**
**کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.**
**منداڵەکەیان هەڵخەڵەتاند.**

٧. هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار ئاسایی لە شێوەی کاردا تۆمار دەکریّ، بە تایبەتی لەوەدا کە کارەکە دیار یا نادیار بێت، بە پێی ئەوەی کام لەمانە دەبنە بکەر:

**من نامەکەم نووسی.**
**نامەکە نووسرا.**

## (٤) هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار و ئەرکی واتایی کەرەسەکان:

ئاشکرایە هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار هەر لەخۆوە و بە ئارەزوو نابێ و هەندێ کەرەسە زیاتر توانای ئەوەی تێدایە بەم ئەرکانە هەڵستێ و هەندێکی تریان توانایان کەمترە و تەنانەت هەندێکیش هەر ناتوانن ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکەن. ئاشکراشە کە مەرجەکانی ئەم هەڵبژاردنەش دەچێتە چوارچێوەی پلەبەندییەکەوە.

فیلمۆر بۆ یەکەم جار بیری لە پلەبەندییەکی وا کردۆتەوە، کە پەیوەندی بە ئەرکی واتایی کەرەسەکانی ڕستەوە هەیە، بەڵام ئەو تێبینییانەی لەم بارەیەوە خستوونیەتیە ڕوو، زیاتر پەیوەندی بە زمانی ئینگلیزییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەو نیازە دایناوە کە بۆ هەموو زمانێ دەست بدات، هەندێ زمانەوانی تر (لەوانە جۆنس ١٩٧٤ — ١٩٧٧) هەوڵی دانانی پلەبەندییەکی وا دەدات، بەڵام لە چوارچێوەی ڕێزمانێکی تردا، ڕێزمانی پەیوەندی.[١] لەم جۆرانەی تردا دانانی پلەبەندییەکە پەیوەندی بە هۆکاری ترەوە هەیە، نەك ئەرکی واتایی کەرەسەکان.

بەلای ئێمەوە هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەرکی زاتایی کەرەسەکانەی ڕستەوە هەیە و دانانی پلەبەندییەکی وەها نابێ ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەرکی واتایی و ئەرکی بکەر و بەرکاری بخاتە پشتگوێ.

ئەو پلەبەندییەی کە لە گەڵ زمانی کوردیدا بگونجێ بە باوەڕی من دەبێت لەم شێوەی خوارەوەدا بێت:

| | کارا | باس | چێژەر | ئامێر | شوێن | کات | سوودمەند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بکەر | <× | <× | <× | <× | <× | <× | × |
| بەرکار | | <× | <× | <× | <× | <× | × |

بە پێی ئەم پلەبەندییەی دەستنیشانم کرد دەبێ تێبینی ئەم خاڵانە بکەین:

---

Ibid, 75. 1

١. هـەموو کەرەسـەکان توانـای ئـەوەیان تێـدا هەیـە ببنـە بکـەر و هـەموو کەرەسەکانیش جگە لە کارا دەتوانن ئەرکی بەرکار ببینن، لە هەردوو بارەکـەدا تـا لە ڕاستەوە بۆ چـەپ بـڕۆین کارەکـە بـە گـرانتر دروسـت دەبـێ، بـە واتایـەکی تـر (ئیحتمالی) بوونی کارا بە بکەر زیاترە لە (ئیحتمالی) هەڵبـژاردنی بـاس. هـەروەها هەڵبژاردنی باس بۆ بکەر لە چێژەر زیاتر ڕوودەدات...

٢. پلەبەندییەکە کەرەسەکان بە پێی سەرەکێتی و ناسەرەکێتی ڕیز کردووە، بە واتای ئەوەی کە بوونی کارا لەگەڵ کاردا پێویستترە وەك لـە بـوونی بـاس یـان چـێژەر یـان ئـامێر یـان کـات یـان شـوێن. ئـەو کەرەسـەیەی کـە لـە هـەموویان سەرەکیترە (کارا بۆ نموونە) دەبێتە خاڵی تێڕوانین (ڕوانگە) بـۆ هـەموو ڕسـتەکە، واتە هەموو ڕووداوی ڕستەکە لە چاوی ئەمەوە سەیر دەکرێ.

ئەگـەر کەرەسـە سـەرەکییەکان بـۆ بکـەری و بـەرکاری هەڵنەبـژێرین، ئـەوا ڕووانگەکەش بەپێـچەوانەوە دەبـێ، لەبـەر ئەمەشـە کـە زمانەکـە کـەمتر ڕێگـە بـە هەڵبژاردنی کەرەسەی ناسەرەکی بۆ بکەری و بەرکاری دەدات.

٣. هەر کاتێ کارا نەکرا بە بکەری ڕستە، دەبێ گۆڕان لە کارەکەدا ڕووبـدات، ئەم گۆڕانەش دوو جۆرە:

أ- کە باس یان سوودمەند یـان چـێژەر هەڵبـژێرین، دەبـێ کارەکـە بکـرێ بـە نادیار، بۆ نموونە:

**پەنجەرەکە شکێنرا.**

**ماڵەکە تالأن کرا.**

**باوکم گیرا.**

**شیرین ملوانکەکەی درایە.**

ب- کە کات و شوێن هەڵبـژێردان، دەبێـت کارەکـە کـاری (بـوون) یـان چـەند کارێکی تر بێت، کە لە واتا و ڕەفتاردا لەم نـزیکن، وەك (چـوونەوە، هەڵگـەڕان... هتد).

**شارەکە پاك بوو.**

**سلێمانی خۆش بوو.**

**بەیانی شاییە.**

**سەعات نۆ ئاهەنگەکە تەواو بوو.**

٤. لە کوردیدا ئامێر (لە دواوەی کاراوە) لە کەرەسە چالاکەکانە، کە بە پێی گۆڕینی شێوەی کارەکە بۆ بکەری دەست دەدات.

**چەقۆکە برینداری کرد.**

**قسەکە برینداری کرد.**

**گوللەکە کوشتی.**

٥. لەوە دەچێ لە هەموو زمانێکدا ڕادەیەك هەبێ، کە تێیدا هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار دەوەستێ و هەموو ئەو کەرەسانەی دەکەونە پێش ئەو خاڵە دەبن بە بکەر، هەر چییەکەیش کەوتە دواوەی ناتوانێ ئەو ئەرکە ببینێ. لە کوردیدا ئەو خاڵە سوودمەندە، بۆ نموونە دۆخی ڕێڕەو لەو دۆخانەیە کە دەکەوێتە دوای سوودمەندەوە، لەبەر ئەوە لە توانای نییە ببێتە بکەر یان ئەرکی بکەری پێ بسپێردرێ:

*** لەگەڵ بەرەبەیاندا ڕاکرا.**

*** بەرەو شاخ هەڵگەرا.**

هەروەها دۆخی سەرچاوەش ناتوانێ بە ئەرکی بکەر هەستێ، چونکە لەو دۆخانەیە کە دەکەوێتە دوای سوودمەندەوە.

*** لە هەولێرەوە کڕاوە.**

*** لە بەغداوە نووسراوە.**

**٦. تا لە هەڵبژاردندا لە ڕاستەوە بۆ چەپ بڕۆین، جۆری ڕستەکە کەمتر دەبێ و ڕستەکە نائاساییترە و مەرجی زیاتر دەکەوێتە سەر هەڵبژاردنی بکەر یان بەرکار.** لەوانەیە ئەو مەرجە لە گۆڕینی جۆری کارەکە یان باری کارەکەدا یان جۆری بەرکار و بکەر دەربکەوێ.

شەونم ملوانکەکەی دا بە شنە.
؟ بە شنە ملوانکەکە درا.
؟ بۆ شنە شەونم ملوانکەکەی دا.

٧. لە نێوان چالاکترین کەرەسە و ناچالاکترین کەرەسە، لەوانەیە کەرەسەی وا هەبێ کە ڕستەی گومانلێکراو دەرکات.

ئەگەر لە زماندا گۆڕان بێت، وا چاوەڕوان دەکرێ لەو ناوچەیەدا ڕووبدات، کە لە دەوروبەری خاڵی کوژاندنەوەدایە (**cut-Offpoint**) بە واتایەکی تر یان خاڵی کوژاندنەوە بەرەو ڕاست یان چەپ دەڕوات.

٨.   وا چاوەڕوان دەکرێ جیاوازی نێوان زارەکانی زمانیش لە دەوروبەری یان لە ناوچەی خاڵی کوژاندنەوەدا بێت.

## (٥)   دانانی بەرکار:

جگە لەو یاسایەی کە یەکێك لە کەرەسەکانی ژێرەوە بە بکەر هەڵدەبژێرێ، فیلمۆر وای بۆ دەچێ کە دەبێت بە هۆی یاسایەکی گواستنەوەی ترەوە، یەکێك لەم کەرەسانە ئەرکی بەرکاری پێ بسپێردرێ، هەروەك لەم هێلکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

| | | | |
|---|---|---|---|
| (دان) | (دارا) | (کتێبەکە) | (کاوە) |
| کار | کارا | باس | سوودمەند |

١.   دارا کتێبەکەی بە کاوە دا.

نەك هەر باس، سوودمەندیش دەتوانێ ئەرکی بەرکار ببینێ، دیسان هەر کامێکیان بێتە ئەم شوێنەوە هیچ گۆڕانێك لە کارەکەدا ڕوونادات.

چونکە ڕێکەوتن لە کوردیدا (لە زاری کرمانجی خوارەدا) هەموو کاتێ لە نێوان کار و بکەردا دەبێ:

**کاوە کتێبەکەی وەرگرت.**
**کاوە کتێبەکانی وەرگرت.**
**کاوە دوو گوڵی هەڵگرت.**

ئەوەی شایانی تێبینییە ئەوەیە، کە تەنیا باس و سوودمەند و شوێن دەتوانن ئەرکی بەرکار ببینن:

**دزەکەیان کوشت. (چێژەر)**

**قوتابخانەکەیان بۆیە کرد. (شوێن)**

بەڵام کات و سەرچاوە و ئامانج هەرگیز نابنە بکەر، بەوەدا کە ناکرێن بە نادیار:

**دلاوەر ڕۆژی دوو سەعات دەخوێنێ.**

**دلێر بۆ شار خۆی دەکوتێ.**

لەکوردیدا دەبێ تێبینی ئەم تایبەتمەندییانەی بەرکاری ڕاستەخۆ بکەین:

**ا- بەرکاری ڕاستەوخۆ پێویستی بە بەرناو نییە.**

**ب- بەرکار ئاسایی دەکەوێتە ژێر کارەوە (لەگەڵ ئەو کارانەدا نەبێ، کە بزاوتن دەگەیەنن، ئەمەش دەبێ بە هۆی یاسایەکی گواستنەوەوە دابین بکرێ).**

**ج- بەرکاری ڕاستەوخۆ کە دەچێتە شوێنی کارا، دەبێ کارەکە بە نادیار بگۆڕێ.**

**ئێمە کتێبەکەمان کڕی.**

**کتێبەکە کڕا.**

د- بە پێ گۆڕینی ئەرکەکەی لەگەڵ بکەردا، دەتوانێ جێگەی بگرێتەوە:

**دلێر نامەکەی خوێندەوە.**

**نامەکە دلێر خوێندیەوە.**

هـ- دەتوانێ لەگەڵ بەشێکی زۆر لە دۆخەکاندا جێگۆڕکێ بکات، وەك: سوودمەند و ئامێر و چێژەر و سەرچاوە و شوێن.

| | |
|---|---|
| کراسەکەی بۆ شیرین شووشت. | باس |
| بۆ شیرین کراسەکەی شووشت. | سوودمەند |
| هەواڵەکەی بە باوکی گەیاند. | باس |
| بە باوکی هەواڵەکەی گەیاند. | ئامانج |
| خانووەکەی لە ئێمە داگیر کرد. | باس |
| لە ئێمە خانووەکەی داگیر کرد. | چێژەر |
| وێنەکانی لە بەغداوە هێناوە. | باس |
| لە بەغدا وێنەکانی هێناوە. | سەرچاوە |
| نامەکەم لە هەولێر بەجێ هێشت. | باس |
| لە هەولێر نامەکەم بەجێ هێشت. | شوێن |
| جانتاکان بەیانی دەکڕێن. | باس |
| بەیانی جانتاکان دەکڕێن. | کات |

و- ڕستەی شوێنکەوتووی لێکدەری بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو کەرەسانەی ئەرکی تەواوکەر دەبینن، ڕستەی لێکدەریان بۆ ناگەڕێتەوە:

| | |
|---|---|
| ئەو نامانەی کە زۆر کۆن بوون سووتاندم. | باس + لێکدەر |
| ئەو گوللەیەی کە پێی کەوت کوشتی. | ئامێر + لێکدەر |
| ئەو پیاوەی کە ناسینی یارمەتی داین. | چێژەر + لێکدەر |
| ئەو چیایەی بەرامبەرمان سەرکەشە. | شوێن + ڕستەی لێکدەر |

شایانی تێبینییە کە ئەم لێکدانانە لە زمانەکەدا نایەن:

| | |
|---|---|
| * بەرەو بەغدا کە خۆشە من دەڕۆم. | ئامانج + لێکدەر |
| * لە بەغداوە کە خۆش بوو هاتم. | سەرچاوە + لێکدەر |
| * بە درێژایی ڕووبارەکە خانوو بوو جوان بوو | ڕێڕەو + لێکدەر |

لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، لە هەموو ئەو خاڵانەی کە لە پێشەوە باسمان لێوە کرد، بەرکاری ڕاستەخۆ لە بەرکاری ناڕاستەوخۆ جیا دەبێتەوە،

تەنیا خاڵی (د) نەبێت، کە لە هەردووکیاندا هەیە. دیسانەوە ئامێر ناتوانێ بچێتە شوێن بەرکار، چونکە لە توانایدا نییە ببێتە بکەری ڕستەی نادیار، هەر لەبەر ئەوەیە کە وەك کارا یان سەربار دەمێنێتەوە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| ١. چەقۆکە بریندارى کرد. | (کارا) بکەر |
| ٢. بە چەقۆ بریندار کرا. | (ئامێر) سەربار |
| * ٣. چەقۆکە بریندار کرا. | |

هەرچەندە لە ڕستەی (٣)دا چەقۆکە لە شوێنی بکەری ڕستەیە و بە بکەر دانراوە، بەلاّم کە ڕستەکە دەکرێ بە نادیار، دەبێت ڕۆڵی سەرباری بۆ دابنرێت، ئەگینا دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کە پەیوەندیی نێوان هەڵبژاردنی بەرکار و ئەرکە واتاییەکان لەوەدایە، کە جگە لە کارا هەندێ دۆخی تریش (وەك شوێن) دەتوانن لە ڕستەی بکەردیاردا ئەرکی بەرکار ببینن، بەلاّم لەگەڵ ڕستەی بکەرنادیاردا تەنیا سێ دۆخ ئەم ڕۆڵە دەبینن، ئەوانیش دۆخی باس و کارتێکراو و سوودمەندن.

لێرەدا پێویستە ئەوەش ساغ بکەینەوە، کە ئەم دۆخانە هەرسێکیان هەرگیز لەیەك ڕستەدا کۆنابنەوە، تا بزانین کامەیان لەوانە چالاکتر و هەولّی پێشەوە گرتنی تێدایە:

| | |
|---|---|
| پەنجەرەکە شکێنرا | باس |
| منداڵەکە فڕێنرا. | کارتێکراو |
| شیرین ملوانکەکەی درایە | سوودمەند. |

لە هەندێ زماندا دانانی بکەر و بەرکار هەردووکیان کار دەکەنە سەر شێوەی کارەکە، بەلاّم لە کوردیدا ئەم کارلێکردنە کاتێك ڕوو دەدات کە باس/ سوودمەند ئەرکی کارا وەرگرن (لەو ڕستانەدا کە بکەر نادیارن).

| | |
|---|---|
| دارا کتێبەکەی دا بە دلێر. | کارا، باس، سوودمەند، کار |
| کتێبەکە درا بە دلێر. | باس، سوودمەند، کار. |
| دلێر کتێبەکەی درایە. | سوودمەند، باس، کار. |

له شێوەی کرمانجی ژووروودا هەڵبژاردنی بەرکار تەنها لـه تـاڤ ڕابـردوودا کـار دەکاتە سەر کاری تێپەڕ، ئەم نموونانەی خوارەوەش بەڵگەی ئەم دیاردەیەن:

نەریمان جلکێت خۆ شووشتن.

نەریمان جلکا خۆ شووشت.

دلێر سێڤێت خۆ خارن.

دلێر سێڤا خۆ خار.

من دوینێ مافوورێت خۆ فرۆشتن.

من دوینێ مافوورا خۆ فرۆشت.

له دهۆکێ من دیدارێت خۆ گرتن.

له دهۆکێ من دیدار گرت.

بەڵام لە شێوەی کرمـانجی خـوارووددا ئـەم کارلێکردنـە نییـە، هـەر چـەندە لـە هەندێ ڕستەدا لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت، کە ڕێکەوتن لە نێوان بـەرکار و کـاردا هەیە، بەڵام تاك و کۆی بکەرە نادیارەکان تەنیا کـار دەکەنـە سـەر کارەکـە، نـەك بەرکارەکانیان، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

کتێبەکە درا بە دلێر.

کتێبەکان دران بە دلێر.

کتێبەکان بە دلێر دراون.

کتێبەکە بە دلێر دراوە.

شایانی تێبینییە کە هەڵبژاردنی بەرکار هەنـدێ جـار کـار دەکاتـە سـەر واتـای ڕستەکە، وەك:

ا- شوان تۆی کرد بە عەردەکەدا.

ب- شوان عەردەکەی تۆ کرد.

کاوە بۆیەی کرد بە دیوارەکەدا.

د- کاوە دیوارەکەی بۆیە کرد.

سەرنجدانی ئەم ڕستانە بۆمان بەدیار دەخات، کە جیاوازییەك لە ڕووی واتـاوە لە نێوان ڕستەی (ا، ب)ــدا هەیـە، ئـەم جیاوازییـەش وا دەکـات ئـەم دوو ڕسـتەیە هاوواتا نەبن.، لە ڕستەی (ا)دا بەشێك لە عەردەکە تـۆ کـراوە، بـەڵام لـە ڕسـتەی (ب)ـدا عەردەکە گشتی تۆ کراوە، هەر بەم جـۆرە لـە ڕسـتەی (ج ، د)ــدا هاوواتـا نـابن، چـونکە لـە ڕووی واتـاوە جیاوازییـان هەیـە، لـە ڕسـتەی (ج)ــدا دیوارەکـە هەمووی بۆیە نەکراوە، کەچی لە ڕستەی (د)ـدا هەموو دیوارەکە بۆیە کراوە. هۆی ئەم جیاوازییەش لە نێوان ئەم جۆرە ڕستانەدا بۆ هەڵبژاردنی بـەرکار و دانـانی لـە شوێنی تایبەتی خۆی دەگەڕێتەوە، کە لـە دوای بکەرەوەیـە، هـەر کـاتێ جێگەکـە گۆڕا و چووە دوای کارەوە، یان کەوتە نێوان دوو کەرتی کـاری لێکـدراوەوە، ئـەم گۆڕینە لە واتادا دروست دەکات.

ئەمەش کێشەیەك دەخاتە ڕێگەی بۆچوونەکانی فیلمۆر، چونکە ناتوانێت هۆی گۆڕانی واتای ئەم جۆرە ڕستانە لێك بداتەوە.

### ( ٦ ) یاسای لابردنی بەرناو:

بە گشتی دۆخەکان هەریەکە و بە هۆی بەرناوێ یان زیاترەوە نیشان دەکـرێن، ئەم بەرناوانەش لەگەڵ ناوەکاندا ڕێك دەکـەون و دەستنیـشانی دۆخەکـە دەکـەن، لێرەدا هەر دۆخە و بەرناوەکەی بەرامبەر ڕیز دەکەم:

| | |
|---|---|
| کارا | (لەلایەن)... ـە. بە...(بە من ناکرێ). |
| باس | ($\emptyset$) بەرناوی نییە. |
| چێژەر | (بۆ، بە) |
| ئامێر | (بە) هەندێ جاریش (لەگەڵ). لەگەڵ کارەبا یاری مەکە. |
| هاوڕێیەتی | (لەگەڵ) |
| سوودمەند | (بە، بۆ) لە ناوچەی هەولێردا دەبێت بە (لۆ) |
| سەرچاوە | (لە... + ـوە) |
| شوێن | (لە، بە) (لە.....ـدا) (بە........ـدا) (لە.........ـەوە) |
| کات | (لە، بە) (لە......ـدا) (لە.....ـەوە) |
| ڕێڕەو | (بە درێژایی، لەگەڵ) |
| ئامانج | (بەرەو) |

ئەم بەرناوانەش لـە هەنـدێ دەورووبـەری تایبەتـدا دەردەکـەون، بـە تایبـەتی لەگەڵ تەواوکەردا دێن، جگە لە کارا خۆی کە تەنیا لە ڕستەی بکەرنادیاردا بـەرناو وەردەگرێت:

**دەرگاکە (لە لایەن پیاوەکەوە) کرایەوە.**

ئەم بنەمایەش گشتی نییە، چونکە لە هەموو شوێنێکدا دەرناکەون.

بۆ نموونە:

**١. کـارا بـەرناوی تایبـەتی هەیـە، ئـەم بـەرناوە لـە بۆشـایی چـاڵی بکـەردا دەرناکەوێ:**

**پیاوەکە بە کلیل دەرگاکەی کردەوە.**

بەڵام کە ئـامێر یـان بـاس دەبێتـە کـارا و کـارا ئـەرکی تەواوکـەر وەردەگـرێ، بەرناوەکە دەردەکەوێ:

**دەرگاکە (لە لایەن پیاوەکەوە) کرایەوە.**

**دەرگاکە کرایەوە (لە لایەن پیاوەکەوە).**

**٢. ئامێر کە دەکرێت بە بکەر لە ڕستەدا بەرناوەکەی بزر دەکات:**

**دەرگاکە بە کلیلەکە کرایەوە.**

**کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.**

**بایەکە پەنجەرەکەی کردەوە.**

٣. سوودمەند بەرناوەکەی لە ڕۆناندا دیارە، هەندێ جار لادانـی بەرناوەکـەی دەبێتە هۆی لێڵی ڕستەکە. کاتێك دەکرێت بە بکەری ڕستە، یان دەچـێتە جێگـەی بکەر لە ڕستەی بکەرنادیاردا بەرناوەکەی لە شوێنی خۆی بەجێ دەهێڵێ:

**مامۆستا وانەکەی بۆ قوتابییەکە نووسی.**

**١. قوتابییەکە وانەکەی بۆ نووسرا.**

هـەر کـاتێ ئـەرکی تەواوکـەری هـەبێت، لـە هـەر شـوێنێکی ڕسـتەکەدا بێـت، بەرناوەکەی لەگەڵدا دەبێ:

**بۆ قوتابییەکە وانەکە نووسرا.**
**وانەکە بۆ قوتابییەکە نووسرا.**

زۆر جاریش بەرناوەکە لە ناوەکەی جیا نابێتەوە، یا دوور ناخرێتەوە، چونکە جیابوونەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی یان شێوانی واتا:

**چنار نامەکەی بە من دا.**
*** بە من نامەکە درا.**
*** من بە نامەکە درا.**

شایانی تێبینییە ئەو کاتانەی لە ڕستەیەکدا بەرناوی سوودمەند لادەبرێ، دەبێ گۆڕانێك بەسەر کارەکەدا بێت، بۆ نموونە **ڕستەکانی (قوتابییەکە وانەی بۆ نووسرا، بۆ قوتابییەکە وانەکە نووسرا) کاتێك بەرناوەکەیان لێ لادەبەین،** کارەکەی ناو ڕستەکە ئەم شێوەیە وەردەگرێ:

**قوتابیەکە وانەکەی نووسرایەوە.**
**قوتابیەکە نووسرایەوە وانەکەی؟**

دیسانەوە ڕستەی (بە من نامەکە درا) کاتێ بەرناوەکەی لێ لادەبەین، شێوەی کارەکەی دەگۆڕێ و دەبێ بەرکارەکەشی ڕاناوی لکاو وەرگرێت، ئەگینا دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی.

***من نامەکە درایە.**
**من نامەکەم درایە.**

هەروەها ڕستەی (چنار نامەکەی بە من دا) ئەگەر بەرناوەکەی لێ لابەین، دەبێ شوێنی نامەکە بگۆڕین و بیبەینە دوای کارەکەوە، یان بە کارەکەی بنوسێنین، وەك:

چنار نامەکەی دامێ.

## (٧) یاسای لابردنی بکەری ئاشکرا:

بکەری ئاشکار کاتێ لادەبرێ، کە نیشانەکانی بکەر لەسەر کەرەسەکانی تری ڕستە بێت، بە واتایەکی تر دەتوانین بکەری ئاشکرا لابەین بە مەرجێ لە ڕستەدا نیشانەی بکەر بخەینە سەر کەرەسەی تر:

| | | | |
|---|---|---|---|
| قوتابییەکە خوێندی | ← | خوێندی | (ئەو) زۆری خوراد. |
| کرێکارەکە کێڵای | ← | کێڵای | (من) تێرم خوارد. |
| ئەو خواردی | ← | خواردی | (من) لە تۆم مەبەستترە. |
| ئەوان لێرەن | ← | لێرەن | |

شایانی تێبینییە کە هەندێ جار بکەر لادەبرێ و نیشانەکانیشی نامێنێ.

بەڵام لەم شوێنانەدا بێ نیشانەیی دەبێتە نیشانە بۆ بکەر لەو کاتەدا کە (مۆرفیمی سفر) دەبێتە نیشانە بۆ کەسی سێ یەمی تاک:

**ئەو نووست ← نوست**

هەر چەندە لابردنی بکەر لە لێکۆڵینەوەی بەشیکی زۆر لە ڕێزماننووسەکاندا دەبینرێت و چەند لاپەڕەیەکیشیان بۆ تەرخان کردووە، بەڵام هەندێك لە ڕێزماننووسەکان لەسەر ئەوە باوەڕەن کە نیشانەکانی بکەر هەر بکەرە، واتە چ بکەری ئاشکرا لە ڕستەدا هەبێت، چ نیشانەکەی، هەر دەبێت بە بکەر دابنرێت. دیسانەوە وای بۆ دەچن کە لە بنەڕەتدا لابردنی بکەر بوونی نییە.[1]

ئەو بیروباوەڕەی سەرەوە بە لای منەوە لە هەندێ باردا جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە هەندێ جار بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە دەمانەوێ دووپات بکەینە سەر بکەرەکە یا کاراکە، دەبێ بکەری ئاشکرا و دەربڕاو لە ڕستەدا هەر هەبێت:

| | |
|---|---|
| **من ناردم بۆ لات، نەك ئەو.** | *** ناردم بۆ لات نەك ئەو.** |
| **من پێم وتی، نەك ئەوان.** | *** پێم وتی نەك ئەوان.** |

---

Fattah, M.A. 1973, 110. 1

گریمان که لابردنی بکەر لـە ئـارادا نییـە و دەبـێ نیـشانەکانی بکـەریش وەکـو بکەر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، ئەو سا دەبێت ئەوەش پەسەند کەین، کـە بکـەر لـە کوردیـدا شـوێنی تایبـەتی خـۆی نییـە، هـەر لەبـەر ئـەم هۆیەشـە کـە ڕیزکردنـی کەرەسەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە: (بکەر — بەرکار — کـار، بکـەر — کـار — بەرکار، بەرکار — بکەر — کار) نابێ هەبێت.

بکەری ئاشکرا کاتێك لادەبەین، کە گوێگر یان خوێنەر بە هۆی دەورووبـەرەوە (هۆکاری ناو ڕستەکە یان دەرەوەی زمان) بکەر بناسێتەوە، یا پێویست بە بـوونی یان دووبارەکردنەوەی نەکات، ئەو کاتە نیشانەکانی بکەر شوێنی دەگرنـەوە و بـە پێی ئەم یاسایانە:

١. ئەگەر کارەکە لە کاتی ڕانەبردوو بێت، نیشانەی بکەر هەر بە دوای ڕەگـی کارەکەوە دەنووسێت: وەك

**دەکێڵم — زەوییەکە دەکێڵم — دەکێڵم.**

**دەخوێنم — کتێبەکە دەخوێنم — دەخوێنم**

٢. ئەگەر کارەکەش ڕابردوو بێت، بە زۆری دەچـێتە پـێش ئـەو کەرەسـەیەی کـە کرۆکـی ڕسـتەکەیە کرۆکـی رسـتەش یـان باسـە یـان بـاس و کـارتێکراوە یـان چێژەرە یان بەیەکەوەن، وەك:

**نانێکی گەرمم خوارد.**

**نان و ماستم خوارد.**

لەو کاتانەشدا کە دوو کار بەیەکەوە دێن، یان لێك دەدرێـن، هـەر دوو کارەکـە نیشانەی بکەر وەردەگرن.

**چووم و هاتمەوە.**

بە گشتی نیـشانەی بکـەر دەچـێتە سـەر بەشـی یەکـەمی کـاری داڕێـژراو یـان لێکدارو، یان دەچێتە دوای نیشانەکانی نەفی، ئەگەر کارەکە ڕابردوو بێت.

**هەڵم واسی.**

**سەرم لێدان.**

**نەم کڕی.**

نەم خوارد.

بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەکانی بەرکاریش دەڵێین لە باری بلاّبوونەوەی بەسەر ڕستەیەکدا شوێنی بەرکار بە پێچەوانەی شوێنی نیشانەی بکەرەوەیە، بە واتایەکی تر لە کاتی ڕابردوودا لەبەر ئەوەی دوای ڕەگی کار دەدرێت بە نیشانەی بکەر، نیشانەی بەرکار دەبێ بچێتە سەر ئەو کەرەسانەی کە لە پێشترەوە دێت، بۆ نموونە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دەکێڵم | ێ | = | بەرکارە | م = بکەرە |
| دەی کێڵم | ی | = | بەرکارە | م = بکەرە |
| دەیان کێڵم | یان | = | بەرکارە | م = بکەرە |
| دەم خوات | م | = | بەرکارە | م = بکەرە |
| نایخۆم | ی | = | بەرکارە | م = بکەرە |
| دەتانخۆم | تان | = | بەرکارە | م = بکەرە |
| بیانپارێزم | یان | = | بەرکارە | م = بکەرە |
| ناتانخۆم | تان | = | بەرکارە | م = بکەرە |

لە کاتی ڕابردووی تێپەڕدا لەبەر ئەوەی نیشانەی بکەر بە کەرەسەی یەکەمی کڕۆکەکەوە دەلکێت، نیشانەی بەرکار دەبێت بە دوای ڕەگی کارەکەوە بێت، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| بۆت هێنام | ت = بکەرە | م = بەرکارە |
| خواردمن | م = بکەرە | ن = بەرکارە |
| کتێبەکانم برد. بردمن | م = بکەرە | ن = بەرکارە |
| تۆ منت برد. بردتم | ت = بکەرە | م = بەرکارە[1] |

٣. ئەگەر نیشانەی بکەر و بەرکار هەردووکیان کران بە ڕاناو، ئەوە دەبێ لە باری ڕابردووی تێپەڕدا بەم جۆرە ڕیز ببن:

---

١ لە دەرسێکی تایبەتی مامۆستا محەمەد مەعروف فەتاحەوە وەرگیراوە، ساڵی یەکەمی خوێندنم لە قۆناغی ماجستێر.

رەگ – نیشانە – کۆمەڵەی ٣ – کۆمەڵەی ١ – کۆمەڵەی ٢ – کۆمەڵەی٤ – کۆمەڵەی ٥.

| | |
|---|---|
| کۆمەڵەی | ١ = م |
| = | ٢ = ئێت |
| = | ٣ = مان، تان، یان |
| = | ٤ = ـە، Ø، ی |
| = | ٥ = ئین، ن |

| | | |
|---|---|---|
| ناسیمیت | م = بکەرە | ئیت = بەرکارە |
| ناسیم | = ١ + ٤ | |
| ناسیمن | = ١ + ٥ | |
| ناسیمەوە | = ١ + ٤ | |
| ناسیمی | = ١ + ٤ | |
| ناسیمانیت | = ٣ + ٢ | |
| ناسیوێتیان | = ٢ + ٣ | |

شایانی سەرنجە کە کۆمەڵەی (١,٢) جێگۆڕکێ دەکەن، تا نیشانەی بکەر پێش بکەوێت:

| | |
|---|---|
| ناسیمیت | = ١ + ٢ |
| ناسیتم | = ٢ + ٣ |

## (٨) لێکدان:

کردەی لێکدان ئەو کارەیە کە دوو ڕستە لە ئاستی ژێرەوە لێکدەدات و دەیکات بە ڕستەیەکی لێکدراو، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە:

ڕ ⟵ { بار + بنە
ڕن }

لێرەدا چەند ئیحتیمالاتێکی تر هەیە، لەوانەیە (ڕن) ڕستەیەك و دووان یان ژمارەیەکی بێ سنوور بێت لە ڕستە. بۆ لێکدانی ئەم جۆرە ڕستانە پێویستە ڕەچاوی ئەم خالأنە بکرێت:

١. کاتی لێکدانی دوو ڕستە یا پتر، دەبێ پەیوەندیی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت، یان هەر دوو ڕستەکە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بن، ئەمەش بۆمان ساغ دەکاتەوە کە لێکدانی ئەم جۆرە ڕستانەی خوارەوە لە زماندا نابێت:

* دەنووسم و براکەت هات.

* نانت دەخوارد و دەچووم.

لێکدانی دوو ڕستە کە پەیوەندیی واتاییان بەیەوەکە هەبێت، لە زماندا زۆر ئاساییە:

بەیەکەم دەرچوو و پاندانیشی درایە.١

٢. دوو ڕستە لێك نادرێت ئەگەر:

ا- یەکێکیان پرسیار بێت و ئەوی تریان داخوازی:

* تۆ کێیت و بڕۆ دەرەوە.

* کەی هات و بڕۆ.

ب- دوو ئاوەڵناوی دژ بەیەك هەبێت و لە هەمان کاتدا بۆ یەك کەس بگەڕێتەوە:

* یەك کچی جوان و ناشیرینم هەیە.

ج- دوو نیشانەی پرسیاری جیای تێدا هەبێت:

* کێ و چیت دی؟

* چی و کەی دێت؟

* کێوە و چۆن دێت؟

هەندێکی تر لەم جۆرە ڕستانە کە کەرەسە لێکچووەکانی لێ لادەبەین، بە شێوەیەکی ڕێزمانی دەردەکەوێت:

---

Ibid, 146. 1

**چیت دی و کەی؟**

**کێ و کێ هاتن؟**

**چیت دی و لە کوێ؟**

**چی و چیت کڕی؟**

٣. لێکدان و ڕێکخستنی ڕستە و دەستەواژە دوو جۆری هەیە: جۆری یەکەم ئەو کەرەسانەن کە لێکدەدەرێن و سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و بە بەشێکی سەربەخۆ دادەنرێن، کە ئەرکیان هەیە. جۆری دووەم کەرەسە لێکدراوەکان بە دانەیەکی سەربەخۆ دانانرێن. وێنەی جۆری یەکەم لێکدانی ڕستەییە، وێنەی جۆری دووەم لێکدانی دەستەواژەییە.

نموونە بۆ لێکدانی جۆری یەکەم:

**هەڤاڵ و شەماڵ تەمبەڵن.**

ئەم ڕستەیە لە دوو ڕستە پێك هاتووە:

١. **هەڤاڵ تەمبەڵە.**

٢. **شەماڵە تەمبەڵە.**

لێکدانی جۆری دووەم، لێکدانی دەستەواژەییە، کە ئەمەش نموونەکەیەتی:

**هێرۆ و هێڤی لەیەك دەچن.**

لە لێکدانی دەستەواژەییدا ناتوانین ڕستەکە بکەینە دوو ڕستەی جیا، چونکە هەردوو ڕستەکە دەبێنە ناڕێزمانی:

*** هێرۆ لەیەك دەچێ.**

*** هێڤی لەیەك دەچێ.**

لە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە لێکدانە وا بەدیار دەکەوێت، کە لە نێوان لێکدانی ڕستەیی و لێکدانی دەستەواژەییدا جیاوازییەکی واتایی فرە هەیە، ئەم جیاوازییەش لە جیاوازیی ڕۆنانی ئاستی ژێرەوەیانەوە هاتووە.

لێکدانیش پێویستی بە چەند کردەیەك هەیە، لەوانە: گۆڕین و ڕێکخستن، لێکدان و تێکردن، لادانی کەرەسە لێکچووەکان، ڕێکەوتن لە کەس و ژمارەدا (concord) و هەندێ جاریش لەناوچوون و کوژانەوەی ئامرازی لێکدەر.

### ١. یاسای لێکدان و تێکردن:

ئەم یاسایەی گوێزانەوە بە هۆی یەکێك لەم ئامرازانەوە دوو ڕستە لەیەك دەدات (و، هەم، نەك تەنها، بەڵکو).

لێرەدا هەڵبژاردنی ئامرازی لێکدەر بەندە بە ئارەزووی قسەکەر و هەڵوێستەکەیەوە، واتە بە ئارەزووی خۆی دوو ڕستە بەیەکەوە دەبەستێت، وەك:

**من کەوتم.**
**من هەستامەوە**
⟸ من کەوتم و من هەستامەوە.

**من دەخوێنم**
**من دەنووسم**
⟸ من دەخوێنم و دەنووسم.
⟸ من هەم دەخوێنم هەم دەنووسن.
⟸ من نەك تەنیا دەخوێنم بەڵکو دەشنووسم.

هەڵبژاردنی ئەم ئامرازانەش چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، لەوانە:

**ا– کام شوێن پێویستی بە دانانی هێز هەیە.**

**ب– کام کەرەسە مەبەستەکە بە دەستەوە دەدات.**

**ج – تایبەتییەتی لێکدانەکە چۆنە.**

**د– ئەو ڕستانەی لەیەك دەدرێن، لە باری ئەرێ یان نەرێ یان دژیەکن.**

جگە لەم تایبەتمەندییانەش چەند مەرجێکی تر هەن، کە دەبێ ڕەچاو بکرێن، وەك:

1. **دوو ڕستە لێك نادرێن، ئەگەر یەکێکیان پرسیار و ئەوی تریان داخوازی بێت.**
2. **لێکدانی دوو ڕستە کارێکی زۆر پێویست نییە.**

## ٢. یاسای گۆڕین و ڕێکخستن:

ئەم یاسایە کە ڕستە لێکدراوەکان ڕێك دەخات، لە هەر شێوەیەکدا بن: وشە یان دەستەواژە، کە لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ڕ١ من کەوتم.

ڕ٢ من هەستامەوە.

ڕ١ + ڕ٢ = ⟸ من کەوتم / من هەستامەوە

⟸ من کەوتم و من هەستامەوە.

⟸ من کەوتم و هەستامەوە.

⟸ کەوتم و هەستامەوە.١

## ٣. یاسای لابردنی کەرەسە لێکچووەکان:

ئەم یاسایە بۆ لابردنی کەرەسە لێکچووەکان بە زۆری کەرەسەی دووەم لادەچێت، ئەمەش یاسایەکی بە خورتییە.

من دەخوێنم
من دەردەچم
⟸ من دەخوێنم و من دەردەچم.

⟸ من دەخوێنم و دەردەچم

⟸ دەخوێنم و دەردەچم.

## ٤. یاسای کوژاندنەوەی ئامرازی لێکدەر:

کوژاندنەوەی ئامرازی لێکدەر یاسایەکی بە ئارەزووە، چونکە تەنیا لەو کاتانەدا دەبن، کە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئامرازی لێکدەر کار ناکاتە سەر واتای ڕستە لێکدراوەکە، بۆ نموونە:

نازانم بخۆم، یان نەخۆم ⟸ نازانم بخۆم، نەخۆم.

نازانم بڕۆم، یان نەڕۆم. ⟸ نازانم بڕۆم، نەڕۆم.

---

1. Ibid, 150-151.

**٥. یاسای تەواوکەری بە ئارەزوو:**

ئەم یاسایە دۆخی (باس) بە ڕستەیەك دەگرێتەوە، کە لەگەڵیدا یەکسان بێت، ئەم گۆڕینەوەیەش بە پێی یاسا دەبێت، کە ئەنجامەکەشی بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت.[1]

**باس = ڕ٢**
**من باوەڕ (باس) ناکەم.**
**ئەو زیرەکە.**

*** من باوەڕ (ئەو زیرەك بێت) ناکەم ⟸ من باوەڕ ناکەم ئەو زیرەك بێت.**

ڕۆنانی ئەم جۆرە ڕستانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، کە لە هەندێ جۆری تر (یاسای کوژاندنەوەی ئامرازی لێکدەر) جیایان دەکاتەوە.

**١. (باس) هەمیشە لە ڕۆڵی بەرکاردا دەبێت، بە واتایەکی تر پاڕستەی تێهەڵکێشکراو ناکەوێتە سەرەتاوە.**

*** کە ئەو زیرەکە باوەڕناکەم.**

**ئەم جۆرە ڕستانە بۆیان هەیە کە ئامرازی لێکدەریشیان نەمێنێت، وەك یاسای ژمارە (٤).**

**باوەڕناکەم کە ئەو یارمەتیت بدات ⟸ باوەڕ ناکەم ئەو یارمەتیت بدات.**

**٢. کاری ڕستەی تێهەڵکێشکراو هەمیشە ئیلزامی دەبێت، واتە لە (بـــ + ڕەگی کاری ڕانەبردوو + ڕاناو) پێك هاتووە.**

**باوەڕناکەم کە ئەو بێت.**
*** باوەڕناکەم کە ئەو دێت.**

٣. لەم یاسایەدا ڕستە تەنیا دەکەوێتە دوای هەندێ کاری تایبەتی، یان ئاوەڵناو وەك (گوتی، باوەڕی کرد، ئەزانی، دڵنیا، بەڵگەنەویستە کە، ئاشکرا... هتد).

---

1. Ibid, 156.

٤. ڕستەی تێهەڵکێشکراو ناکەوێتە ژێر باری گۆڕانی ناوەوەی ڕستە و پاش و پێشیش ناکات. ئەوەی کە تەنیا بچێتە سەر ڕستەی تێهەڵکێشکراو ئامرازی لێکدەری (کە)ـیە کە لادەبرێ.

**٦. یاسای جێگۆڕینی کار و بەرکار:**

ئەم یاسایە بە خوروتی پاڵ بە بەرکار و کاردا دەنێت، بۆ گۆڕینەوەی شوێنیان لە ڕستەدا. لەو کاتانەدا کە کاری ڕستەکە یەکێك بێت لەم کارانە (وت، پرسی، باوەڕی کرد) بەو مەرجەی کە کارەکە گوتن، یان باوەڕکردن بێت، هەروەها بەرکارەکەشی وشەیەك بێت، یان ڕستەیەکی وەك ئەم نموونانەی خوارەوە بێ:

*** سەرهەنگ نایەم وتی ⟸ سەرهەنگ وتی نایەم.**

*** من (ئەو بێت) باوەڕناکەم ⟸ من باوەڕ ناکەم کە ئەو بێت.**[1]

**٧. یاسای پاڕستەی شوێنکەوتوو:**

یاسای پاڕستەی شوێنکەوتوو بە یارمەتی ئامرازی لێکدەر ڕستە بەیەکەوە دەبەستێت، بە مەرجێك ناوێکی هاوبەش کە ئەرکی کارا یان باس یان سوودمەند یان کات یان شوێن ببینێت:

١. پەرداخەکە شکا.
٢. من پەرداخەکەم کڕی.
⟸ ٣. پەرداخەکە + (ـی کە من کڕیم) شکا.
↓
(باس)

٤. ئەو مامۆستایە باوکمە.
٥. لەبەر دەرگا وەستاوە.
⟸ ٦. ئەو مامۆستایەی (کە لەبەر دەرگا وەستاوە) باوکمە.
↓
(کارا)

1. Ibid, 159.

لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە پاڕستەی شوێنکەوتوو لە کوردیدا دوو جۆرە، یەکێکیان بەستراوە و ئەوەکەی تریان بەڕەڵڵایە. جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە ناتوانین ئامرازی لێکدەری لێ لابدەین، کاتێ پاڕستە بەستراو بێت، وەك ڕستەی ژمارە (٣). دیسان بە هۆی ئاوازەشەوە جیا دەکرێتەوە. ئامرازی (ی)ـی ئیزافەش دەچێتە سەر ئەو ناوەی کە ناسراوە. ناسراویش بەوە دەبێت کە ناوەکە یان (ـەکەی)ی پێوە بلکێ، یان ڕاناوی ئیشارەی (ئەم یان ئەو)ـی لە پێشەوە بێت، ئینجا یاسای کوژاندنەوەی ئامرازی لێکدەر دووبارە دەکەینەوە، بۆ لابردنی (کە) لەو کاتانەی کە پاڕستەکە بەستراو بێت، وەك:

**ئەو پەرداخەی من کڕیم شکا.**

**پەرداخەکەی من کڕیم شکا.**

بەم شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە (کە) تاکە ئامرازی لێکدەرە کە لەگەڵ پاڕستەی شوێنکەوتوودا دەردەکەوێت، بەکارهێنانیشی لەگەڵ کارا و ئامێر و شوێن و کات... هتددا دەبێت، کە ئەم نموونانەی خوارەوە ڕوونی دەکەنەوە:

**١. ئەو شوێنەی (کە نانمان لێ خوارد) خۆش بوو. (شوێن)**

**٢. ئەو ڕۆژەی (کە چوون بۆ سەیران) من لەبەغدا بووم. (کات)**

**٣. گوللەکەی (کە کوشتی) لەدەست براکەی دەرچوو. (ئامێر)**

**٤. پیاوەکە (ی ناسیمی) ئامۆزاتە. (چێژەر)**

**٥. ئەو منداڵە (ی یارمەتیمان دا) هەژار بوو. (سوودمەند)**

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین، هەر کاتێ پاڕستەکە زۆر درێژ بوو، دەتوانین بیخەینە دوای کارەکەوە، وەك:

ئەو پەرداخە شکا کە تۆ بە دیاری لە بەغداوە بۆت هێنابین.

دیسانەوە ناوە هاوبەشەکان کاتێ لادەبەین، کە بکەر بن و بە ڕاناو دەستنیشان کرابنەوە، بەڵام ئەگەر ناوە هاوبەشەکان بەرکار بن، دەبێت دووهەمیان بکرێت بە ڕاناو.

٦. ئەو کوڕە یارمەتی دایت.
٧. ئەو کوڕە برام بوو. ⟸ ٨. ئەو کوڕەی یارمەتی دایت بـرام بـوو

٩. ئەوە کوڕەکەیە.
١٠. بەیانی کوڕەکە لەگەڵ خۆم دەهێنم. ⟸ ١١. ئـەوە کوڕەکەیـە کـە بـەیانی لەگەڵ خۆم دەیـهێنم.

کوڕەکـەی دووەم لـە ڕسـتەی ژمـارە (١١) دا لانـەبراوە، بـەڵکو ڕانـاوی (ی) شوێنی گرتۆتەوە.

## ٨. یاسای کورتکردنەوەی پاڕستە:

ئەم یاسایە بۆ لابردنی ئـامرازی لێکـدەر و کـارە، لـەو کاتانـەدا کـە پاڕسـتەکە شوێن یان کات پێشان دەدا:

١. گوڵدانەکـەی کـە لەسـەر مێزەکەیـە شـکاوە. ⟸ ٢. گوڵدانەکـەی سـەر مێزەکە شکاوە.
٣. کچە جوانەکەی کە دوێنێ هات خوشـکی بـوو. ⟸ ٤. کـچە جوانەکـەی دوێنێ خوشکی بوو.

## ٩. ڕستەی مەرجی:

ڕسـتەی مـەرجی جۆرێکـە لـە ڕسـتەی ئـاڵۆز، کـە لـە دوو بـەش پێکهـاتووە، یەکێکیان کە شاڕستەیە (ڕستە سەرەکییەکەیە) وەڵامی مەرجە. ئەوەکـەی تریـان کە پاڕستەیە (ڕستەی شوێنکەوتووە)، ڕستەی مەرجە.

**یاسای گوێزانەوەی ڕستەی مەرجی (بە ئارەزوو):**

ئەم یاسایە ئامرازەکانی مەرج وەك (ئەگەر، تا، گەر، Ø) دەخاتە نێو دوو ڕستەوە، کە هاتنە دی یەکێکیان بەسترا بێت بە بوونی ڕستەکەی ترەوە. لەو شوێنانەشدا کە ئامرازی (ئەگەر) بەرامبەر ئامرازی (کە، تا، Ø) یان هاوئەرکەکانیانی بێت، دەبێت پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان هەردوو ڕستەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

**١. هاتنەدی ڕستەی یەکەم ڕێگا خۆش بکا بۆ هاتنەدی ڕستەی دووەم یان نەهێڵێ ڕووبدات.**

**٢. نەهاتنەدی ڕستەی یەکەم ببێتە هۆی نەهاتنەدی ڕستەی دووەم.**

**پشیلە لە ماڵ نییە، مشکان شایی دەکەن. ⟸ ئەگەر پشیلە لە ماڵ نەبێت، مشکان شایی دەکەن.**

**هەوڵ نەدەیت، دەرناچیت ⟸ تا هەوڵ نەدەیت، دەرناچێت.**

**پارەت ببێت، هەموو شتێکت بۆ دەکرێ. ⟸ کە پارەت ببێت، هەموو شتێکت بۆ دەکرێ.**

**تۆ بخوێنە، تۆ دەردەچێت ⟸ بخوێنە دەردەچیت.**

سەرەڕای ئەم پەیوەندییە لۆجیکییەش دەبێ تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

أ- ئامرازی مەرجی (تا) بە پێچەوانەی ئەمرازەکانی ترەوە، کاتی بەکار دێ کە هەردوو بەشە ڕستەکە نەرێ بن، وەك:

**گەر بخوێنیت، دەدەچیت.**

**تا نەخوێنیت، دەرناچیت.**

ب- دوو کەرتی ڕستەکە پاش و پێش دەکرێن:

**ئەگەر بخوێنیت دەردەچیت.**

**دەردەچیت، ئەگەر بخوێنیت.**

ج- دیسانەوە دەبێ تێبینی زنجیرەی ڕێژەی کارەکانی ناو پاڕستەی مەرجی بکەین، کە چەند گریمانێکمان دەداتێ، لەوانە:

١. گریمانەی ڕانەبردوو (لەوانەیە ڕووبدات):

| رستەی ئەنجام | | رستەی مەرج |
| --- | --- | --- |
| رانەبردووی ئیخباری | } | رێژەی ئیلزامی رابردوو<br>رانەبردووی ئیخباری |

**ئەگەر بیبینیت شێت دەبیت.**

**گەر کردمەوە بەشت دەدەم.**

**گەر ئەخەویت چراکە ئەکوژێنمەوە.[1]**

٢. گریمانەی رانەبردوو (روونادات، لەوانە نییە رووبدات).

| رستەی مەرج | رستەی وەلام |
| --- | --- |
| رابردووی *مەرجی* | رابردووی بەردەوام |
| ئەگەر بهاتمایە | دەمدی. |
| ئەگەر نووستبایە | چاك دەبووەوە. |

**١٠. یاسای رۆنانەکانی بەراورد:**

ئەم یاسایە ئامرازی بەراوردی (تر) بەکار دێنێ، بۆ پێکهێنانی رۆنانی بەراورد (ـــــ تر لە ـــــ ـــــ تر تا)، هەروەها هەندێ جاریش پێویستیمان بە یاسای تری وەك کورتکردنەوە و لادانی کەرەسەی هاوبەش لەگەڵ رێکخستنەوەی کەرەسەدا دەبێت، بۆ نموونە:

**هەڤاڵ لە شەماڵ گەورەترە. ⟸ هەڤاڵ گەورەترە تا شەماڵ.**

**ماڵەکەمان لە ماڵەکەتان گەورەتر بوو. ⟸ ماڵەکەمان گەورتر بوو تا ماڵەکەتان.**

---

Ibid, 164-165. 1

### ١١. یاسای پاڕستەی کات:

ئەم یاسایە دوو ڕستە لێك دەدات، بەو مەرجەی کە یەکێکیان کاتی ڕوودانی ئەوی تر پیشان بدات و ئەو ئامرازانەی کە بۆ لێکدانی ئەم جۆرە ڕستانەش بەکار دێن، بریتین لە (کاتێ، کە، هەر کاتێ، تا، پێش، پاش، هەریەکە).

**ئەو هات، من ڕۆیشتم** ⟸ **کاتێ ئەو هات من ڕۆشتم.**

**کە هات من ڕۆیشتم.**

**هەرکە هات من ڕۆیشتم.**

**ئەو نەهات تا من ڕۆیشتم.**

**ئەو هات پێش ئەوەی من بڕۆم.**

**ئەو نەهات تا من نەڕۆیشتم.**

**ئەو هات پاش ئەوەی من ڕۆیشتم.**

### ١٢. یاسای پاڕستەی هۆ:

ئەم یاسایە بۆ لێکدانی دوو ڕستەیە، کە یەکێکیان دەبێتە هۆ بۆ ڕوودانی ڕستەی دووەم. ئامرازی لێکدەری ئەم جۆرە ڕستانەش بریتین لە (چونکە، لەبەر ئەوە) کە لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**کەوسەر نەهات.** } ⟸ **کەوسەر نەهات، چونکە نەخۆش بوو.**

**کەوسەر نەخۆش بوو.** } ⟸ **کەوسەر نەهات، لەبەر ئەوەی نەخۆش بوو.**

لەم جۆرە ڕستانەدا دەبێ تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١. دەبێ دانانی پاڕستەی هۆ لە پاش شاڕستەوە بێ.

٢. لانەدانی ئامرازی لێکدەر.

٣. تێبینیکردنی ڕێژەی کارەکان کە هەریەکەیان واتای سەربەخۆیان هەیە.

٤. کورتکردنەوەی ڕۆنانی بەراورد بۆ (لە + ناوێك + پاشبەند)، بۆ نموونە:

چونکە دڵی خۆشە، پێی ناکەوێتە سەر ئەرز. ⟸ لە خۆشیان پێی ناکەوێتە سەر ئەرز.

لەبەر ئەوەی برسییەتی ⟸ لە برساندا.

چونکە دەترسێ ⟸ لە ترساندا.

## ١٣. یاسای پاڕستەی پێچەوانە:

ئەم یاسایە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (هەرچەندە، ئەگەرچی، هەرچییەك) پاڕستەی پێچەوانە دروست دەکا. مەرجیشە دوو ڕستەکە پێچەوانەی یەکتر بن، واتە ڕستەی دووەم ئاسایی نابێ بە دوای یەکەمدا بێت، وەك:

**کچەکەی جوانە – کەس نایەوێت. ⟸ هەرچەندە کچەکەی جوانە، کەس نایەوێت.**

**تۆ هەموو شتێکی بۆ بکە – ئەو منەتی نازانێ ⟸ تۆ هەرچییەکی بۆ بکەیت ئەو منەتی نازانێ.**

پاڕستەی پێچەوانە بۆی هەیە بکەوێتە سەرەتاوە، یان دوای شاڕستەوە، لە وانەشە بە بەکارهێنانی (لەگەڵ) لە جیاتی (لەگەڵ ئەوەشدا کە) پاڕستەکەی کورت بکرێتەوە:

**لەگەڵ ئەو جوانیەشدا کەس داوای ناکات. ⟸ لەگەڵ ئەو جوانیەدا کەس داوای ناکات.**

**لەگەڵ ئەوەشدا کە ⟸ لەگەڵ**

**لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر جوانە کەس داوای ناکات. ⟸ لەگەڵ ئەو جوانییەشدا کەس داوای ناکات.**

## ١٤. یاسای پاڕستەی مەبەست:

ئەم یاسایە پاڕستەی مەبەست دەردەکات بە هۆی ئامرێزی لێکدەری (کە، تا، تاوەکو) بەو مەرجەی ڕستەی دووەمیش مەبەست لە بوونی ڕستەی یەکەم دەربخات:

**چوو بۆ قوتابخانە – دەیەوێ بخوێنێ ⟸ چوو بۆ قوتابخانە کە بخوێنێ.**

**دانیشت – ویستی نان بخوات ⟸ دانیشت تا نان بخوات.**

پاڕستەی مەبەست بە هۆی ئەم خاڵانەوە لە پاڕستەی تر جیا دەکرێتەوە:
١. هەرگیز ناکەوێتە پێش شاپستەوە.
٢. دەتوانین بە ئاسانی ئامرازی لێکدەری لێ لابەرین، وەك
دانیشت نان بخوات.
چوو بۆ قوتابخانە بخوێنێ.
هات پشوو بدات.
٣. کاری ناو ڕستەکە هەمیشە دەبێ لە شێوەی ئیلزامیدا بێت.

## ١٥. یاسای پاڕستەی ئەنجام:

ئـەم یاسـایە ئـەوەمان نیـشان دەدات، کـە چـۆن پاڕسـتەی ئـەنجام بـە هـۆی ئامرازی لێکدەری (وا، ئەوەندە، کە) یان (بۆیە) دادەڕێژین.

**من ئەوم تووڕە کرد — ئەو ماڵەکەی بەجێ هێشت. ⟸ من ئەوم وا تووڕە کرد کە ماڵەکەی بەجێ هێشت.**

**مامۆستاکە زۆر زیرەکە — هەموو قوتابییەك خۆشی دەوێ. ⟸**
**مامۆستاکەمان ئەوەندە زیرەکە هەموو قوتابییەك خۆشی دەوێ.**

لێرەدا چەند خاڵێکی جیاواز لە نێوان ئامرازەکانی ئەو جـۆرە پاڕسـتانە بـەدی دەکرێت:

١. ئامرازی لێکدەری (وا) هەمیشە دەکەوێتـە پـێش کـارەوە، بـەڵام ئـامرازی (ئەوەندە) بۆی هەیە بکەوێتە پێش ئاوەڵناو یـان کـار. دیـسانەوە (وا) چـۆنییەتی ڕوودانی کارەکە دەردەخات، بەڵام (ئەوەندە) زیاتر بۆ چەندییەتی بەکار دێت.

٢. ئامرازی (بۆیـە) ناچـێتە نێـوان ڕسـتەکانەوە، بـەڵکو بـە زۆری دەکەوێتـە ناوەڕاستی هەردوو ڕستەکەوە، وەك:

**ئەو کچە جوانە بۆیە خەڵك خۆشی دەوێ.**
**لەم جۆرە پارستانەشدا ئامرازی لێکدەر لانادرێت**

### ١٦. هەندێ یاسای تر بۆ گۆڕینەوەی شوێنی تایبەتی پاڕستە:

ئەم یاسایەی گوێزانەوە بە ئارەزوو شوێنی پاڕستە دەگۆڕێت و پاش و پێشی پیێ دەکات، لەو کاتانەدا ئامرازی لێکدەر پێش پاڕستە دەکەوێت:

**لەویێ نەبووم کە هات ⟸ کە هات لەویێ نەبووم.**[1]

**بەجێی ناهێڵم هەرچەندە نەهاتووە. ⟸ هەرچەندە نەهاتووە بەجێی ناهێڵم.**

**دڵی دەدەمەوە هەرکە هاتەوە. ⟸ هەرکە هاتەوە دڵی دەدەمەوە.**

ئەم یاسایانەش بە زۆری لە شێوەی پاڕستەی مەرجی و کات و هۆ و پێچەوانە و ئەنجامدا دەبینرێن.

### ١٧. یاسای تەواوکەری بەرکار:

ئەم یاسایە بۆ ڕۆنانی ئەو کەرەسانەیە کە بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی کە لە دۆخی باس یان سوودمەندا بێت، ئەو تەواوکەرەی کە بۆی دەگەڕێتەوە شێوەی دەستەواژەیەك وەردەگرێ، کە بە بەرناوی (بە....) دەست پیێ دەکات و لە ڕێزمانی دێریندا بە تەواوکەری بەرکار دادەنرێ:

**ئێمە تۆمان هەڵبژارد — تۆ سەرۆکی ⟸ ئێمە تۆمان هەڵبژارد بە سەرۆك**

**ئەوان دڵێریان وەرگرت — دڵێر قوتابییە ⟸ ئەوان دڵێریان وەگرت بە قوتابی.**

شایانی تێبینییە کە:

١. تەواوکەرەکە بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە، یان دوا یان پێشی کارەکە دەگرێ.

٢. کاری ئەو جۆرە ڕۆنانانە مەرجە تێپەڕ بێت.

٣. هەندێ جار تەواوکەر لەگەڵ کاری تێپەڕی (بوون)دا دێ. لێرەدا **تەواوکەری بکەرەکە ئاسایی لە دۆخی شوێن یان کات یان چێژەردایە و زۆر تایبەتمەندی پیشان دەدات بە پێچەوانەی تەواوکەری بەرکار، کە بە تایبەتی پلە و** پایە و پیشەی بەرکارەکە دەردەبڕێ:

ئەو کچە بوو بە مامۆستا. **(چێژەر)**

ئەو ناوچەیە بووە بە شار. **(شوێن)**

**بوو بە هەرا**

**بوو بە شەو**

**بوو بە سەرباز**

**بوو بە پیاو**[2]

---

1 Ibid, 176.

2 Ibid.

## بەشی سێیەم
# گونجان و نەگونجانی ڕێزمانی دۆخ لەگەڵ کوردیدا

لـەم بەشـەی نامەکەمـدا کـە دووا بەشـە، دەمـەوێ کورتـە هەڵـسەنگاندنێکی دۆخـەکانی ژێـرەوەی لای فیلمـۆر بکـەم و گونجـان و نەگونجانیـشی لەگـەڵ ڕاستییەکانی زمانی کوردی بخەمەڕوو، لـە سـەرەتاوە لـە چاکەکانی بۆچـونەکانی فیلمۆر دەدوێت بە تێڕوانینی خۆی، ئەم لایەنانەش لە سێ ئاستدا ڕون دەکەمەوە، ئاستی واتاسازی، ئاستی ڕێزمانی، ئاستی فەرهەنگی. بە دوای ئەمەشدا هەندێ لـە کەموکورتییەکانی دەخەمە بەردەست، کە تـا ئێـستا چارەسـەر نـەکراون و لەگـەڵ ڕاستییەکانی کوردیشدا ناگونجێن، ئـەوەی لێـرەدا شـایانی تێبینییـە، ئەوەیـە کـە بەشێك لە زمانەوانەکان هەوڵیانداوە لە ڕێزمانەکەدا چارەسەری ئەم لایەنە لاوازانـە بکەن، بە دانانی دۆخی تایبەتی لەو شوێنانەی کـە پێویـست بـە بوونیـان دەبێـت. جگە لەمەش بە دەستنیشانکردنی سیمای جیاواز بۆ هەندێ دانە، توانیویانە لێڵـی لەسەر بەشێکی زۆری ڕێزمانەکە لابەرن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە هـیچ لێڵییـەك لە ڕێزمانەکەدا نەماوە، کە چارەسەر نەکرابێ.

(١) <u>**چاکەی بۆچوونەکە:**</u>

بە لای فیلمۆرەوە دانانی دۆخ بە بیرێکی بنەڕەتی چەند کەڵکێکی هەیـە، وا لە خوارەوە چەند نموونەیەك لەو سوودانە پیشان دەدەین:

**أ- کەڵکی واتاسازی:**

لای چۆمسکی ڕۆنانی ژێرەوە بنکەیەکی تەواوە بـۆ لێکدانـەوەی سـیمانتیکی ڕسـتە، ئەمـەش دروسـت نییـە، چـونکە لـەم ڕسـتانەی خـوارەوەدا فرێـزی نـاوی

(دەرگاکە) هەمان پەیوەندیی واتایی لەگەڵ کارەکەدا هەیە، کەچی لە ڕستەی یەکەمدا بکەری ژێرەوەیە و لەوانی تردا بەرکاری ژێرەوەیە. بە پێچەوانەشەوە هەرچەندە (دەرگاکە لە ڕستەی ١)دا و (کاوە لە ڕستەی ٢)دا و (باکە لە ڕستەی ٣)دا هەموویان پەیوەندیی واتایی جیاجیایان لەگەڵ کارەکەدا هەیە، بە پێی بۆچوونەکەی چۆمسکی هەموویان بە بکەری ژێرەوەی ڕستەکان دادەنرێن.

١. دەرگاکە شکا. (باس)

٢. کاوە دەرگاکەی کردەوە. (باس)

٣. باکە دەرگاکەی کردەوە. (باس)

٤. کاوە بەشەق دەرگاکەی کردەوە. (باس)

ڕێزمانی دۆخ بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی چۆمسکییەوە، دەتوانێ ڕاستەوخۆ ئەم پەیوەندییانە لێك بداتەوە، کاری (کردنەوە) لەو جۆرە کارانەیە کە دەبێ (باس) وەربگرێ و بە ئارەزووش (کارا) و (ئامێر)، هەندێ جار هەڵ دەبژێرێ، بەم پێ یە لە ئاستی ڕۆنانی دۆخدا هەموو ئەم زانیارییە پێویستییانە ڕاستەوخۆ پیشان دەدرێ، پێشنیارەکەی فیلمۆریش لەوەدایە کە کارەکان بەپێی سیما دۆخەکان هەڵدەبژێرن.

**ب- کەڵکی ڕێزمانی:**

١. دەتوانرێت دەربارەی دۆخ زانیاری بەکار بێت، بۆ پێشبینیکردنی ئەو فرێزە ناوییەی کە بە بکەر هەڵدەبژێرێ، لەو کاتانەدا کە زیاتر لە فرێزێکی ناوی لە ڕستەیەکدا هەبێت. لە لای فیلمۆر هەڵبژاردنی بکەر ئەم پلەبەندییەی خوارەوە وەردەگرێ:

**کارا > چێژەر> ئامێر> کارتێکراو > سەرچاوە > ئامانج > شوێن > کات >**

ئەگەر لە ڕستەیەکدا دوو فرێزی ناوی هەبوون، ئەوەیان دەبێتە بکەر کە پلەیەکی بەرزتری هەیە. بۆ نمونە لەبەر ئەوەی (کارا) پلەیەکی بەرزتری لە کارتێکراو هەیە، ڕێزمانی ڕستەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە پێشبینی دەکرێ:

کاوە دەرگاکەی کردەوە.
* دەرگاکە لە لایەن کاوەوە کردەوە.
* دەرگاکە بە باکە کردەوە.
ئەو یاسایانەی لەم دەستوورە لادەدەن (وەك یاسای بکەرنادیار بە گشتی)، لادانەکەیان بە هۆی گۆڕانی مۆرفۆلۆجیەوە پیشان دەدەن، وەك:
(رەگ + ڕ + ا/ ی)
دەرگاکە لە لایەن منداڵەکە دەکرێتەوە / کرایەوە.
لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کە ئەم پلەبەندیە لەگەڵ هەندێ کاردا ناگونجێ، بۆ نموونە کارێکی وەك (چوونە دڵ) هەر لە هەڵکەوت و سروشتیدا لە یاسای هەڵبژاردنی بکەر لادەدات، هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕستەیەکی وەك:
ناچێتە دڵەوە.
ڕێزمانییە، هەرچەندە کارتێکراو نەك چێژەر بە بکەر هەڵبژێراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە چێژەر لە پلەبەندیەکەدا پلەیەکی بەرزتری هەیە.
دیسانەوە ڕێزمانی دۆخ وەك هۆکارێك بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ڕستە، سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنێ، لەمەدا زۆر سەرکەوتووترە لە ڕێزمانی گوێزانەوە (تحویلی)، چونکە دەبێ ئەمەیان بۆ هەر یەکێك لەم کۆمەڵە ڕستانەی خوارەوە ئاستێکی ژێرەوە دەربکات، هەرچی ڕێزمانی دۆخە، بۆ هەر کۆمەڵەیەك ئاستێکی ژێرەوە دەردەکات، جیاوازیی نێوانیان لە هەڵبژاردنی (بکەر)دا دەردەخات.
**کاوە دەرگاکەی کردەوە.**
**دەرگاکە کرایەوە.**
**باکە دەرگاکەی کردەوە.**

**کاوە منداڵەکەی فێرکرد.**
**منداڵەکە فێربوو.**
**منداڵەکە لە کاوە شت فێر بوو.**
**کاوە منداڵەکەی فێری شت کرد.**

کاوە خانووەکەی بە من فرۆشت.
من خانووەکەم لە کاوە کڕی.

کاوە مێزەکەی شکاند.
مێزەکە شکا.
بەردەکە مێزەکەی شکاند.
کاوە مێزێکی دروست کرد.

کاوە پەنجەرەکەی شکاند. (بە ئارەزوو)
کاوە پەنجەرەکەی شکاند. (بە ڕێکەوت)

٢. یەکێك لە خاڵە گەشەکانی ڕێزمانی دۆخەکانی ژێرەوە لە لێکدانەوەی واتای کارە لێکدراوەکانی کوردیدا دەردەکەوێ. کاری لێکدراو لە کوردیدا بریتییە لە کارێکی داڕێژراو (کە تاڕادەیەکی زۆر بێ واتایە و گرنگی لەوەدایە کە تاف یان کات پیشان دەدات، ڕابردوو یان ڕانەبردوو) کەرەسەیەکی سەربەخۆ[1] کەرەسەکە ئاسایی یان لە ناوێك (بەرناو + ناو) یان ئاوەڵناوی پێك دێ، وەك لەو هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

{ کەرەسەیەك / ناو / فرێزێکی ناو / ئاوەڵناو } + { ڕاناوی لکاو } { کارێکی داڕێژراو / Ø + ڕەگی ڕابردوو / دە/ ئە+ ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناوی لکاو }

١ محەمەد مەعروف، ١٩٨٩، لاپەڕە، ٤٦.

وەك لە هێڵكارییەكەدا تێبینی دەكرێ، ڕاناوی لكاو لەگەڵ ڕانەبردوو بە كۆتایی ڕەگی كارەكەوە دەلكێ، بەڵام لەگەڵ ڕابردوودا ڕاناوەكە بەرەو پێشەوە دەخزێ و بە كەرەسەی پێشەوە دەلكێ، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەكەوێ:

ڕابردوو:

**كچەكە شووی كرد.** **(ڕابردووی ئاسایی)**

**منداڵەكان يارييان كرد.** **(ڕابردوی ئاسایی)**

**شەقامەكەيان پاك كردەوە.** **(ڕابردووی تەواو)**

**شەقامەكەيان جوان كردبوو.** **(ڕابردووی دوور)**

ڕانەبردوو:

**كچەكە ناز دەكات.** **(ڕانەبرودوو)**

**منداڵەكە يارى بكات.** **(ڕانەبردووی ئیلزامی)**

**منداڵەكە جلەكە لەبەر دەكات.** **(ڕانەبردوو)**

ئەوەی لێرەدا شایەنی سەرنجە، ئەوەیە لای هەندێ زۆربەی ئەم كارە لێكدراوانە بە زیاتر لە ڕێگەیەك شی دەكرێنەوە:

**منداڵەكە يارى كرد.**

بە دوو ڕێگە شی دەكرێتەوە:

١. **منداڵەكەی (بكەر) يارى كرد (كار).**

٢. **منداڵەكە (بكەر) يارى (بەركار) كرد (كار).**

لە ڕێزمانی دۆخدا ئەم جۆرە ڕستانە هەر بە یەك ڕێگا شی دەكرێنەوە و ئەویش:

**منداڵەكە (چێژەر) يارى كرد (كار).**

چونكە هیچ لەو ئەركە واتاییانەی كە فیلمۆر دیاری كردون، بە تەواوی ڕۆڵی یاری بە تەنیا دیاری ناكات، واتە لەو سێ ئەركە واتاییەی كە لە واتای یاری نزیكن، دۆخی (كارتێكراو) و (ئامانج) و (باس) هیچیان بە تەواوی ئەركی واتایی یاری دەرناخات، ئەگەر وەكو بەركار لێك بدرێتەوە.

**منداڵەكە (كارا) * يارى (كارتێكراو) كرد (كار).**

**منداڵەكە (كارا) * يارى (ئامانج) كرد (كار).**

هەمان گیروگرفتیش لە شیکردنەوە و دیاریکردنی کاری لێکدراوی وەك ئەمانەی خوارەوە دێتە کایەوە:

١. **منداڵەکە (کارا) جلەکانی (باس) لەبەر (ـــ) کرد (کار).**
٢. **کچەکە (کارا) ناز (ـــ) بە سەرماندا (کارتێکراو) دەکات (کار).**
٣. **کوڕەکە (کارا) خوانەکەی (باس) ئامادە (ـــ) کرد (کار).**
٤. **شارەوانی (کارا) شەقەماکەی (باس) پان (ـــ) کرد (کار).**
٥. **درەختەکان (باس) سەوز (ـــ) بوون (کار).**
٦. **کچەکە (چێژەر) سوور (ـــ) هەڵگەڕا (کار).**
٧. **چیایەکە (باس) سپی (ـــ) دەچێتەوە (کار).**
٨. **قوتابییەکە (کارا) هۆنراوەکەی (باس) لەبەر (ـــ) کرد (کار).**

ڕێزمانی دۆخ بەو شێوەیەی ئێستا هەر بە ڕێگای یەکەم لەم جۆرە کارانە دەڕوانێت، واتە هەر دەبێ (یاری کردن) بە یەك دانە بژمێرێ، ئەگینا بنەما هەرە بنەڕەتییەکەی ڕێزمانەکە، کە ڕستە بریتییە لە پەیوەندیی دۆخ لە نێوان فرێزێك یان چەند فرێزێکی ناوی و کارێکدا هەڵدەوەشێتەوە، چونکە لە شیکردنەوەی دووەمدا کارەکە بێ واتا دەبێ و ئەوسا پەیوەندییەکە زیاتر لە نێوان دوو فرێزی ناویدا دەبێ. لە هەمان کاتیشدا دەبێ دان بەوەشدا بنێین، کە ئەم ڕێگەیەی ڕێزمانی دۆخ بە تەواوی لەگەڵ سەلیقەی قسە پێکەراندا دەگونجێ و بەمەش ڕێزمانی دۆخ خاڵێکی گەش و بەهێز بۆ خۆی دەبات، چونکە جیاوازی واتایی نێوان کاری لێکدراو و کاری داڕێژراو چاکتر لێکدەداتەوە.

١. **پیاوەکە (چێژەر) ژنی هێنا (کار).**
٢. **پیاوەکە (کارا) ژنەکەی (کارتێکراو / باس) هێنا (کار).**

١. **منداڵەکە (کارا) ئیشەکەی (باس) کرد (کار).**
٢. **منداڵەکە (چێژەر) ئیشی کرد (کار).**
٣. **مەکینەکە (ئامێر) ئیش ناکات (کار).**

(٣)– خاڵێکی گەشی تری ڕێزمانی دۆخ لەوەدایە، کە تاڕادەیەکی زۆر لە نێوان واتا جیاواز و هەمە چەشنەکانی ڕستەی تەمومژاویدا جیاوازی دەکات. لێرەدا هێز و توانای چالاکی لە ئاستی ژێرەوەی ڕێزمانی گواستنەوە کەمتر نییە، وەك بەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١. لە بن باران لێی گەڕام.

ئەم ڕستەیە چەند واتایەك دەگەیەنێ، بە پێی هەر واتایەش لە ئاستی ژێرەوەدا ڕۆنانێك دەبینرێت، وەك ئەمانەی خوارەوە:

**لە بن باران بۆ ئەو گەڕام. [ شوێن + ئامانج + کارا ــــ]**

**أ–   لە بن باران بەجێم هێشت. [ شوێن + کارا + ــــ]**

**ج–   لە بن باران (بار + بان) بۆ ئەو گەڕام [ شوێن + باس + ئامانج + کارا + ــــ].**

**د. لە بن باران (بار + ان) بەجێم هێشت. [ شوێن / باس + کارا ــــ].**

ئەوەی لە ڕستەی (ا و ب)دا دەرناکەوێ، ئەوەیە کە وشەی (باران) بارە کۆکراوەتەوە، یان بارانە، ئەمەش زۆر بە ئاسانی لە سیماکاندا لە یەك جیا دەکرێتەوە، کە یەکێکیان سیمای < + شلە > وەردەگرێت کە بارانە، ئەوەکەی تریان < – شلە >ی بۆ دادەنرێ.

٢. لێی پڕ کرد.

ئەم ڕستەیە دوو واتای جیاوازی هەیە، کە ڕێزمانی دۆخ بە ئاسانی ئەم واتایانە لە یەکتری جیا دەکاتەوە:

**أ–   ئەو ئەوی لە من پڕکرد. [ کارا + کارتێکراو/ کارا + سەرچاوە + ــــ].**

**ب–   ئەو سەتڵەی لە ئاو پڕکرد. [ کارا + شوێن + باس – ــــ] .**

لێرەدا دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت، ئەگەر لە ڕستەکەدا (ئەو)ی یەکەم کارا بێت، (ئەو)ی دووەم هەمان ڕۆڵی دەبێت، چونکە بە کارەکە هەڵساوە. دیسانەوە (لێی) یەکەم دەبێ سیمای < + زیندوو > وەربگرێت. کەچی لە ڕستەی (ب)دا دەبێ سیمای < – زیندوو > ی بۆ دابنرێ، چونکە لە بری سەتڵەکە بەکار هاتووە.

۳. پێم داگرت.
لێکدانەوە و بەراوردکردنی ڕۆنانی ژێرەوەی ئەم ڕستەیە وامان بۆ دەردەخات، کە دوو واتـای جیـاوازی هەیـە، ڕێزمانەکـەی فیلمـۆریش بـە هـۆی ئـەرکی واتاییـەوە چالاکانە ئەم جیاوازییانەمان بۆ دەردەخات.

أ- پـێم داگـرت. مـن شـتەکەم بـە ئـەو هێنـا خـوارەوە. [ کـارا + بـاس + کارتێکراو + کار ]

ب- پێم داگرت. پێم توونند کرد. [ کارا + ـــــ]

٤. پێم دەخورێ.

أ- ئەو خواردنەم پێ دەخورێ [ باس + چێژەر + ـــــ]

ب- قاچم دەخورێ. [ چێژەر + ـــــ]

٥. لێی دا.

أ- ئەو لە منداڵەکەی دا. [ کارا + کارتێکراو + ـــــ]

ب- ئەو شتێکی برد. [ کارا + سوودمەند + باس + ـــــ]

٦. ڕانەکەی کردە شیو.١

أ- مێگەلەکەی بردەوە. [ باس + کارا + شوێن + ـــــ]

ب- گۆشتەکەی کرد بە چێشت. [ باس + ئەنجام + ـــــ].

٤. بە پێی بۆچوونەکەی فیلمـۆر هـەموو ڕسـتەیەك لـە ئاسـتی ژێرەوەیدا، لـە کارێك پێك دێ، کە پەیوەندییەکی واتایی لەگەڵ فرێزێکی ناوی یـا چـەند فرێزێکـی ناویدا هەیە، تەنانەت لەو زمانانە و لەو ڕستانەشدا کە لە دیوی سـەرەوەدا کاریـان تێدا نییە. ئەم بۆچوونە ئاسایی ئەو گیروگرفتانە لەو ڕستانەدا چارەسـەر دەکـات، کە سەرزاری ناوی (هەبوون) یان (بوون)ـیان تێدایە، چونکە بـە ڕای فیلمـۆر (هـەر

١ فەتاح مامە عەلی، ١٩٨٩، لاپەرە، ٩٤.

وەك ڕای چۆمسکی) گوزارە لە کارێك یان ئاوەڵکارێك یان ناوێك پێك دێ، بەم پێیە ئەم جۆرە کارانە بە یەك شوێن شی دەکاتەوە.

**شارەکە (شوێن) جوان بوو (کار).**

**پیاوەکە (چێژەر) مامۆستا بوو (کار).**

بەمەش ئەو گیروگرفتانە چارەسەر دەکات، کە دێتە ڕێگای شیکردنەوەی ئەم جۆرە ڕستانە، وەك:

**کتێبەکە لە ناو مێزەکەدایە.**

**کتێبەکە لەسەر مێزەکە بوو.**

**کوڕەکە کتێبێکی هەیە.**

چونکە هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان کارەکە (ئەگەر بە تەنیا وەربگیرێ) و فرێزە ناوییەکاندا دەرناکەوێ، هەروەها هیچ پەیوەندییەك لە نێوان (بوون) و (هەبوون) و (کتێبەکە) یان (کوڕەکە)دا دیار نییە، بەڵام بە بۆچوونی فیلمۆر لەسەر ئەو پێناسەیەی کە بۆ گوزارەی داناوە، ئەم جۆرە ڕستانە بە ئاسانی شی دەکرێنەوە، شایانی تێبینییە کە فیلمۆر وەك تەحویلییەکان ئەم جۆرە ڕستانە لە ئاستی ژێرەوەیاندا بەبێ کار دادەنێ. کاری بوون و هەبوون بە هۆی یاسایەکی گواستنەوەوە بۆ گەیاندنی نیشانەی تاف (ڕابردوو یان ڕانەبردوو) دەخاتە ناو ئەم ڕستانەوە.

بۆچوونەکانی فیلمۆر ئەم جۆرە ڕستانە بە ئاسانی لێك دەداتەوە، کە کار لە هەموو ڕۆنانێکی ژێرەوەیاندا دەرناکەوێ، چونکە دۆخ لە لای فیلمۆر بە هۆی پەیوەندیی نێوان ناو و کار یان بارەوە دیاری دەکرێ، ئەو کار و بارانەی کە ناوەکە لەگەڵیدا دێن، بەم جۆرە پەیوەندیی نێوان کار و دۆخەکان دەپارێزێ.

## ج- کەڵکی فەرهەنگی:

تۆمارکردنی کار لە فەرهەنگدا، لەگەڵ ئەو دۆخانەی کە لەگەڵیدا بەکاردێن، بەشی فەرهەنگسازی ڕێزمانەکەی تەواو ئاسان کردووە، بۆ نموونە کارێکی وەك (حەز لێ کردن) و (بە دڵ بوون) دەتوانرێ بە هاوواتا دابنرێن، چونکە هەردووکیان لە چوارچێوەیەکی وەك:

[+ کارتێکراو + چێژەر + ـــــ] دا بەکاردێن، جیاوازی ئـەم دوو کـارە تـەنیا لـە هەڵبژاردنی بکەردایە:

**من تۆم بەدڵە.**          **[چێژەر + کارتێکراو]**

**من حەزم لە تۆیە.**

**کارەکەم بە دڵە.**

**کارەکەم حەز لێیە.**

**من حەزم لە کارەکەیە.**

دیسان کاری (بیـنین و پیـشاندان) هـەمان سـیمای واتـایی وەردەگـرن، تـەنیا لەوەدا جیا دەبنەوە، کە یەکەمیان بێ (کارا) دەبـێ و دووەمیـشیان پێویـستی بـە (کارا) دەبێت:

**بینین:  +  [ کارتێکراو + چێژەر + ــــ]**

**پیشاندان:  +  [ کارتێکراو + چێژەر + کارا + ــــ]**

**(٢) کەموکورتی بۆچوونەکانی فیلمۆر:**

لێرەدا بە چەند خاڵێك ئەو کەموکوریتانـە دەخەمـە ڕوو، کـە زۆر ئاشـکران و تەگەرە دەخەنە ڕێگای پێشکەوتنی ڕێزمانی دۆخ.

١. تا قوڵتر بینەوە، ڕێزمانی دۆخ زیاتر دەئاڵۆسکێ و ناتوانێ هەنـدێ تەمومـژ لێکبداتەوە، بۆ نموونە، ڕێزمانەکـە بـە هـۆی دانـی ڕۆڵـی جیـاواز بـە فرێـزی نـاوی ناتوانێ ئەوە دیاری بکات، لە ڕستەیەکی وادا، (کارا) بە ئارەزوو یـان بـە ڕێکـەوت شووشەکە دەشکێنێ:

**- دارا شوشەکەی شکاند.**

**- دارا شوشەکەی شکاند. .. بەڵام**

**- دارا و کاوە پەنجەرەکەیان شکاند.**

**- (دارا) بە ئارەزوو و (کاوە) بە ڕێکەوت.**[١]

---

١ - Palmer, ١٩٨٨, ١٤٨.

٢. ڕێزمانی دۆخ نەیتوانیوە جیاوازی نێوان هەندێ ڕستە دریاری بکات (بە تایبەتی ئەو کۆمەڵە ڕستانەی کە جیاوازی نێوانیان لە تێڕوانیندایە):

**من کتێبەکەم لە کاوە کڕی.**
**کاوە کتێبەکەی بە من فرۆشت.**

**دە دینارم داوە بەم کتێبە.**
**ئەم کتێبە بە دە دینار وەستاوە لەسەرم.**

**بۆیەی لە دیوارەکە دا.**
**دیوارەکەی بۆیە کرد.**

**بۆیەی لێ داین. (هەڵی خەڵەتاندین)**
**بۆیەی لێداین. (بۆیەی کرد بەسەرماندا)**

٣. هەر وەك فیلمۆر بۆی دەچێ و دەیسەپێنی دوو دۆخی جیاواز بەیەکەوە گرێ نادرێن، بەلاّم هۆی گرێ نەدانیان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دۆخەکانیان جیاوازە، بەڵکو بۆ هۆکاری تر، بۆ نموونە:
*** کاوە و یارییەکەم دی.**
هەر چەندە کاوە و یارییەکە (باسن)، بەلاّم ڕستەکە ناڕێزمانییە.
٤. لەبەر ئەوەی پۆلە واتاییەکان لە تەمومژدان، هەندێ جار بە هۆی واتاوە دۆخی هەندێ فرێزی ناوی دیاری ناکرێ، بۆ نموونە:
**دووکەڵەکە بەرز بووەوە. (باس)**
**باکە هەڵیکرد. (باس)**
**بەلاّم لە: دووکەڵەکە بەرزبووەوە و بەری خۆری گرت.**
**باکە هەڵیکرد و دارەکانی هەڵتەکاند.**

هەر یەکە لەم ناوانە لە هەمان کاتدا دوو ڕۆڵی جیاواز دەبینن:
**ئامێر یان باس**
**دیسان لە: گوێچکەم دەخورێ.**
**گوێچکە بە: کارا، شوێن یان چێژەر دێ.١**

٥. لەوە دەچێ ڕێزمانی دۆخ بە تەواوی دروست نەبێت.[٢] لە ڕێزمانی دۆخدا جیاوازی نێوان ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوە لە ڕیزبوونی وشەکان و ڕۆڵەکان و نیشانەی دۆخدایە، بەلاّم ژمارەی ماوەکان وەکیەکە بەرامبەر هەر ناوێکی ئاستی سەرەوە ناوێك لە دۆخەکانی ژێرەوەدا هەیە. بەلاّم هەندێ ناو لە یەك ڕستەدا زیاتر لە ئەرکێکی هەیە. بۆ نموونە لە ڕستەی ژمارە (١)ـدا (بەرد) باسە، لە ژمارەی (٢)ـدا (کاوە) لەوانەیە نووستبێت و بێ ئاگا بێت لە جوولاّنەکەی، لە واتایەکی تردا کاوە بە ئارەزووی خۆی دەجولێ، لەمەدا (کاوە) دەبێ (کارا) بێت، بەلاّم ئەگەر بگوترێ تەمومژی ڕستەی (٢) دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی باس و کارا، ئەوا ئەو ڕستەیەمان لە بیر کردووە، کە (کاوە) بەو جوولەیەدا دەڕوا، کاتێ دەبێ وەك باس لێکبدرێتەوە. لەبەر ئەوەی لێکچوونی ئەو دوو واتایە بەوە دەبێ، کە (کاوە) هەردوو دەوری (باس) و (کارا) ببینێ، ئەمەش لە ڕێزمانی دۆخدا بەوە دەکرێ، کە (کاوە) لە دوو شوێندا لە ئاستی ژێرەوەدا پیشان بدرێ، هەر جارێ لە دۆخێکدا، لە دواییدا بە هۆی یاسایەکی گوێزانەوە یەکێکیان لابرێت، کە ئەمەش ئالۆزیەکی گەورەیە.

**١. بەردەکە خلۆر بووەوە.**
**٢. کاوە خلۆر بووەوە.**

**هەروەها:**

**٣. کاوە خانووێکی لە دارا کڕی.**
**٤. دارا خانووێکی بە کاوە فرۆشت.**

---

١. Ibid, ١٤٣.
٢. Jackendoff, R. S. ١٩٧٢, ٣٤.

له ڕستەی (٣ و ٤)ـدا ڕووداوەکە یەکە، خانووەکە لە داراوە بۆ کاوە دەگۆڕێ، خانووەکە (باسە) دارا (سەرچاوەیە) کاوە (ئامانجە)، بەڵام جیاوازییان لە وەدایە کە کامیان دەستپێشخەری دەکەن، کاوە لە ڕستەی (٣) و دارا لە ڕستەی (٢)دا، ئەمەش تەنها بەوە پیشان دەدرێ کە بڵێین لەگەڵ هەردوو کارەکەدا بکەر (کارایە)، بەڵام لەگەڵ (فرۆشتن)ـدا لە هەمان کاتدا (سەرچاوەیە). لە ڕێزمانی دۆخدا، ڕێگەیەك نییە کە کۆبوونەوەی ئەم دوو ئەرکە لە (کارا)دا پیشان بدات.

بێگومان هەر کارا نییە، کە لەگەڵ ئەرکی تردا کۆدەبێتەوە:

**کاوە خانووەکەی بە سەیارەیەك لەگەڵ حەمە گۆڕییەوە.**

ئەم ڕستەیە باس لە دوو ڕووداو دەکات.

١. **خانووەکە لە کاوەوە دەڕوات بۆ حەمە.**

**خانووەکە (بەرکارە) باسە و بکەرەکە (سەرچاوەیە) و حەمە (ئامانجە).**

٢. ڕووداوی دووەمیش ڕۆیشتنی سەیارەکەیە لە حەمەوە بۆ کاوە، لەم ڕووداوەدا سەیارەکە: (باسی دووەمە)، بکەرەکە (ئامانجی دووەمە) و کاوە (سەرچاوەی دووەمە).

سەرچاوەی دووەم هەر لەگەڵ گۆڕینەوەدا نایەت، بەڵکو وەك تەواوکەرێك لەگەڵ "کڕین و فرۆشتن و دان"ـدا دێ، بۆ نموونە:

**کاوە بە هەزار دینار مانگایەکی لە حەمە کڕی.**

**حەمە مانگاکەی بە هەزار دینار لە کاوە کڕی.**

**حەمە بۆ مانگاکە هەزار دیناری بە کاوە دا.**

هەموو ئەم ڕستانە هەمان ڕووداو پیشان دەدەن، تەنیا لەوەدا جیاوازن، کە کام لەم ڕووداوانە سەرەکین و کامیان لاوەکین، هەروەها لە (کاوە)ـشدا جیاوازن، لەگەڵ کڕین و فرۆشتندا، ڕۆشتنی مانگاکە سەرەکییە، لە (دا) پارەکە، لە کاری سەندن، یان بەکرێگرتن، هەموو ئاستێکی ژێرەوە دەبێ ڕووداوی دووەمیش پیشان بدات. لەبەر ئەوەی بەشێکن لە واتای ئەم کارانە، جیاوازی واتایی نێوان هەندێ کار بەمەوە بەندە، بەڵام هەر کاتێ ڕووداوی دووەم هەبێ، سەرچاوەی یەکەم ئامانجی دووەمە و لە هەمان کاتدا ئامانجی یەکەمیش سەرچاوەی دووەمە.

تیۆری ڕێزمانی دۆخ کە تێیدا هەر فرێزێکی ناوی تەنیا یەك ئەرکی واتایی هەیە، لە ئاستی ژێرەوە ناتوانێ ئاستێکی ژێرەوەی وا قوولّ بدات، کە هەموو ئەو زانیارییە واتاییانە بە دەستەوە بدات، کە بۆ لێکدانەوەی ڕستەکە پێویستە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا دروستبوونی تیۆری دۆخ بۆ ئەم مەبەستە بوو، ئەوا ئەو نموونانەی پێشوو تا ڕادەیەك بیرۆکەکە دەڕوخێنێ.

٦. یەکێك لە کەموکورتییەکانی ڕێزمانی دۆخ ئەوەیە، کە ڕوونی ناکاتەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ تەواوکەری بکەردا بکرێ، لەو ڕستانەدا کە کارەکەی (بوون)ـە، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك:

**کۆتر باڵندەیە.**

بەشی گوزارەکەی ناوێکی تێدایە (باڵندە)ـیە و پۆل پیشان دەدات. هەموو کۆترێك بەشێکە لەو پۆلەی کە بە باڵندە ناو دەبرێن، یان ناوێکی تێدایە دەڕواتە پاڵ بکەر. کۆتر تایبەتییەکی هەیە (خاوەنی باڵە)، لەبەر ئەوەی ئەم گوزارە ناوییە نەك هەر لە پۆلێنکردندا بەکاردێ، بەڵکو بۆ خوازەش دەبێ، زۆر گرانە کە بە یەکێك لەو ئەرکە واتاییانە بدرێ، کە فیلمۆر دان بە بوونیان دەنێ. بە واتایەکی تر ئەرکی واتایی ئەم جۆرە ناوانە دیاری ناکرێ.

٧. کێشەیەکی تری ڕێزمانی دۆخ لە پیشاندانی چەندییەتیدا دەردەکەوێ، لە ڕستەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە:

**دوو منداڵ سێ پیاویان لەم ناوەدا دیوە.**

بە هەموو منداڵەکان چەند پیاویان دیوە؟ ئایا هەر منداڵە هەمان سێ پیاویان دیوە، یان هەر منداڵە و سێ پیاوی جیاوازی دیوە، بەم جۆرە ژمارەی پیاوە بینراوەکان دەگاتە شەش. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، چۆن ڕەفتار لەگەڵ چەندییەتیدا بکەین، ئایا چەندییەتی (ژمارە، هەموو، هەندێ، تەنیا... هتد)؟ ئاوەڵناوە و ئەو ناوانە دیاری دەکات، کە لەگەڵیدا دێ، یان بەشێکن لە گوزارە (بنە)؟

لە ڕووی واتاوە بۆ چوونی دووەم بە باشتر دەبینرێ، بەلاّم ئەم بۆچوونە بە ئاسانی وەرناگێڕدرێتە دیوی سەرەوە، بۆ نموونە ئەگەر (هەموو) بار بێت لە ڕووی واتاوە ڕستەیەکی وەك:

**هەموو سەگێ ڕقی لە هەندێ پشیلەیە.**

دەبێ بەم جۆرە پیشان بدرێ:

**ڕق (سەگ پشیلە) هەموو (سەگ) و هەندێ (پشیلە). لێرەدا (هەموو) دەبێتە بار بۆ سەگ و (هەندێ) دەبێتە بار بۆ پشیلە.**

بۆ هەموو (س)ـێك کە سەگە و بۆ هەندێ (ن) کە پشیلەیە، (س) ڕقی لە (ن)ـە. پیشاندانی وا زۆر گرانە بگۆڕدرێتە سەر ڕۆنانی سەرەوە، هەموو سەگێ ڕقی لە هەندێ پشیلەیە. لێرەدا (سەگ) بە شێوەیەکی گشتی بەکار هاتووە و هەموو پۆلەکە دەگرێتەوە، وەك کە دەڵێن:

**٣. (سەگ) چوار پێیە... دیسان هەمان بیر بە ڕێگای تریش دەردەبڕدرێ،** وەك:

**(هەر سەگێ بگری) (ڕقی لە پشیلەیە)،** بە پێچەوانەشەوە وشەی هەموو کاتێ چەندییەتی سەراپا ناگەیەنێ، چونکە ڕستەیەکی وەك:

**هەموو جۆرە خەڵکێکی لێبوو.**

**ئەوە ناگەیەنێ، کە (هەر جۆرە خەڵکێ بڵێی لەوێ بووبێ).**

کێشەی چەندییەتی لە ڕێزمانی دۆخدا بەشێکە لە کێشەیەکی فراوانتر، کێشەیەك کە (ساپیر)[1] زۆر لە دەمێکەوە پەی پێ بردووە، کێشەی پلەبەندی (تدرج). کێشەی پلەبەندی بەشێکە لەو زانیارییە گشتییەی دەربارەی دەورووبەر هەمانە و بریتییە لەو بیرە ئاساییانەی کە دەیدەین بە دەستەوە، وەك قەبارە و بارستە و ژمارە و ئیحتمالی بوون و نەبوونیان... هتد.

کە بە هۆی وشەی وەك (هەموو، هەندێ، کەمێ، زۆربەی، ئاسایی، سەیر، نامۆ، لەوانەیە، ڕەنگە، گەورە، دەرێژ، بە دەگمەن، ناوبەناو، هەرگیز، زۆر جار، پاش، پێش... هتد). هەموو ئەمانە گۆڕانی بەردەوام یان دەرچوون لە هێڵێکی دیاریکراوی قەبارە و بارستە و کات و شوێن و ڕێژە و دوورییەکان (أبعاد) دەردەبڕن، وەك چەندییەتی ئەم بیرانە بەسەر هەمو ڕستەیەکدا یان بەشێکی ڕستەدا دابەش دەبن، بە شێوەیەکی درشت شوێنێ لە ڕستەکە هەمووی یان

١. Sapir, ١٩٢٢, ٢٦–٣٢.

یەکێك لە فرێزە ناوییەکانی یان دووانییـان یـان زیـاتر لـە لایەنێکـدا (بُعـد) پیـشان دەدان بەم جۆرە ڕستەیەکی وەك:

**ئەو زۆر جار سەرمان لیَ دەدات.**

ئەوە پیشان دەدات کە هاتنی ئەو لە جارێك زیاترە و لە چەند جارێکیش ڕترە و لە ناوبەناویش لەولاترە، بەلاّم لە (هەمیشە) و (ئاسایی) کەمترە.

لە ڕوانینێکی لۆجیکییەوە ئەم بیرانە ناوێزەن، لەبـەر ئـەوەی زۆر جـار لـێڵن و شـوێنیان لـە پێوانـەدا بـە تـەواوی دیـاری نـاکرێ و بـە پێـی پەیوەنـدییان لەگـەڵ دەرخراودا دەگـۆڕێ. کـە دەڵـێن شـتێك گەورەیـە، ئـەوا بـە تـەواوی شـوێنیان لـە پێوانــەی قــەبارەدا دیــاری نــەکردووە، ئەمــەش بــە تــەواوی لــە بەراوردکردنــدا دەردەکـەوێ، چـونکە هەرچـەندە (کـاوە لـە دارا زیـرەکترە) ئەمـە نامانگەیەنێتـە ئـەوەی کـە کـاوە زیرەکـە، چـونکە لەوانەیـە هـەردووکیان پلەیـەکی ئاسـاییان لـە زیرەکیدا هەبیَ و ئەگەر وا بووایە ئەوا ڕستەیەکی وەك:

**کاوە لە دارا بچووکترە و لە ژیلوان گەورەترە.**

**ئەوەی دەگەیاند کە کاوە لە هەمان کاتدا گەورە و بچووکە.**

دیسان کە دەڵێین:

**ژمارەیەك مێرووله لە ژوورەوەن و ژمارەیەك مەڕ لە ژوورەوەن.**

ئـەو (ژمارەیـەك)ــە لـە دوو ڕسـتەکەدا بیرێکـی جیـاواز دەدەن، چـونکە دە مێرووله لە ژوورێکـدا، ژمارەیـەکی کەمـە، بـەلاّم دە مـەڕ لـە ژوورێکـدا ژمارەیـەکی زۆرە، هەروەها کە دەڵێین:

**ماوەیەکی زۆرە نانم نەخواردووە.**

**یان: مرۆڤ ماوەیەکی زۆرە لەم ناوەدا دەژی.**


**یان: سەیرە ئەو هاوڕێی هەبیَ، هاوڕێیەکی سەیری هەیە.**

ئەگەر ڕێزمانی دۆخ بریتی بیَ لـە هـەوڵێك بـۆ پیـشاندانی هـەموو واتایـەك یـان هەموو لایەنێکی واتا، کە کـار بکاتـە سـەر لێکدانـەوەی واتـای ڕسـتە، ئـەوا دیـارە نــاتوانیَ ئــەم بیرانــە دەربــبڕێ و بەرامبــەر چــەندییەتی و دەیــان بــیری تــر دەستەوەستانە.

٨. جیاکردنـەوەی ڕۆڵـی سـەرەکی و ناسـەرەکی شـتێکی گرنگـە، کـە لـە لای فیلمۆر نەکراوە. چونکە ناسەرەکییەکان:

١. پێویستن بۆ لێکدانەوەی واتا، بەڵام فرێزی ناوی نین.

٢. بە پێچەوانەی سـەرەکییەکانەوە لەگـەڵ هـەموو کارێکـدا دێـن، وەك (**کـات، چۆنییەتی هۆ...**)، لەبەر ئەمە مەرج نییە بچنە (چوارچێوەی) کارێکی دیـارەوە، بەڵکو سیمای ئەو کارانەن کە (چالاکن)، ئەمەش دەستنیشانی ئەوە دەکـات، کـە پۆلێنکردنی کار بۆ (**چالاك**) و( **سست**) وەك لای دیك[١] کراوە، شتێکی گرنگ بێـت. دیسان ئەمانـە بـۆ هـەموو (ڕسـتەکە) دەگەڕێتـەوە، بـەڵام فیلمـۆر هـەموو دۆخـە ئاوەڵکارییەکان دەباتەوە ناو (بار) (مۆدالیتی)، کـە ئـەم بەشەشـی گەشـەی پـێ نەدراوە:




٩. ژمـارە و ئەرکـە واتاییـەکان (دۆخ) پێویـستیان بـە زۆرکردنـە و دەبـێ هەنـدێ ئەرکی تر هەبن، چونکە کار دەکەنە سەر واتای ڕستە، وەك:

١. **هێز:** **باکە چراکەی کوژاندەوە**

**بە فوو چراکەم کوژاندەوە.**

**فووی بەکار هێنا.**

١ Dik, ١٩٧٩, ٢٨.

٢. چۆنییەتی: **بە توووندی دەرگاکەی داخست.**
**بە تووڕەیی ڕۆیشت.**

٣. ڕادە: **دە هەزار خانووی پێ نایەت.**
**خانووەکە بیست هەزاری تێچوو.**

٤. هۆ: **ناشێتی هەڵەی پێ دەکات.**
**بە ناشێتی خۆی تیاچوو.**
**ناشێتی کردووە بە گاڵتە.**

١٠. دیسان دەبێ دەست لەو مەرجە هەڵبگرین، کە دەبێ لە ڕستەیەکدا تەنیا یەك دەستەواژەی ناوی هەبێ و هەمان ئەرکی هەبێ، چونکە ڕستەی وەك ئەمانەمان بۆ شی ناکرێتەوە.
**ئەو (باس) لە باوکی (باس) دەچێ.**
**ئەو (باس) چۆتەوە سەر باوکی (باس).**
**ئەو (باس) وەك باوکی (باس) بوو.**

١١. هەر چەندە پێشنیارکردن و دانانی ڕێزمانی دۆخ لە بنەڕەتدا وەك کاردانەوەیەك دژی ئاستی ژێرەوەی ڕێزمانی گواستنەوە سەری هەڵدا، لەوەدا کە ئەم ئاستە هێندە قووڵ نییە، تاوەکو هەموو ئەو واتایانە بدرکێنێ کە بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەیەك پێویستە. شایانی تێبینییە کە هەمان ڕەخنە لە ڕێزمانی دۆخ خۆشی دەگیرێ، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر ئەمیش هەر لە تەنکیدایە و تەواو نەچۆتە قوڵییەوە و هەموو ئەو واتایانە بە دەستەوە نادات، کە لێکدانەوەی ڕستەیەك دەیەوێ، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە ڕێزمانی دۆخ ڕێگە بە دۆخێك نادات، کە لە ژێرەوە هەبێ و لە سەرەوە دەرنەکەوێ، یان نەگاتە دیوی سەرەوە. واتە دەبێ ژمارەی دۆخەکانی سەرەوە و ژێرەوە لە ڕێزمانی دۆخدا چوونیەك بن. ئەم قووڵنەبوونەوەی ڕێزمانی دۆخ و بەرەو ناخ نەڕۆیشتنەکەی ڕێزمانەکەی وا بێهێز کردووە، کە نەتوانێ پەیوەندیی واتایی نێوان هەندێ کار لێك بداتەوە. وا لە خوارەوە بە درێژی لە سێ بواری واتایی دەدوێین، کە ڕێزمانی دۆخ بەو شێوەیەی

ئێستای ناتوانێ جیاوازی نێوان ئەندامەکانی لێك بداتەوە، بێ ئەوەی دۆخەکانی ژێرەوە قووڵتر بکرێتەوە.

**ا- بواری واتایی (لەبەرکردن):١**

بۆ لێکدانەوەی واتای ئەو کارانەی لە کوردیدا لەم بوارەدا بە کاردێن، پێویستمان بەوە دەبێ، کە دۆخی (ئامێر) و (سوودمەند) دیاری بکەین، هەرچەندە ئەم دوو دۆخە لە ئاستی سەرەوە دەرناکەوێ، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

*** منداڵەکە کراسەکەی بە دەست لەبەری خۆی کرد.**

*** کچەکە ملوانکەکەی بەدەست لە ملی خۆی کرد.**

به سڕینەوەی ئەم دوو دۆخە لە ئاستی سەرەوەدا ڕستەکە ڕێزمانی دەبێت:

**منداڵەکە کراسەکەی لەبەر کرد.**

**کچەکە ملوانکەکەی لە مل کرد.**

کەواتە لە ئاستی سەرەوەدا ئەو دۆخانەی دەردەکەون، بریتین لە کارا و باس و شوێن، وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

**منداڵەکە (کارا + سوودمەند) کراسەکەی (باس) لەبەر (شوێن) کرد.**

**کچەکە (کارا + سوودمەند) ملوانکەکەی (باس) لەمل (شوێن) کرد.**

بەڵام بۆ لێکدانەوەیەکی قووڵ و وردی کارەکانی بوارەکە، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین:

**ئامێرێك بەکار هاتووە (کە ئاسایی دەستە).**

**١. کارا لە هەمان کاتیشدا سوودمەندە.**

**٢. لەوانەیە کارا نەك هەر سوودمەند بێت، بەڵکو چێژەریش بێت.**

ڕێزمانی دۆخ هەموو ئەو واتایانە دەکات بە ژێرەوە.

---

١ مەعروف محەمەد فەرەج، ١٩٨٩، لاپەڕە ٥٩.

ب– **بواری لێنان:**

بۆ لێکدانەوەی واتای هەموو ئەو کارانەی لە کوردیدا لە بواری لێناندا بەکار دێن، وەك (**لێنان، برژاندن، سوورکردنەوە، زەردکردن، پیشان... هتد**).[1]

دەبێ ڕێزمانی دۆخ دان بە بوونی دۆخی نێوان شوێندا بنێت، **هەر** چەندە ئەم دۆخە لە دیوی سەرەوەدا دەرناکەوێ، بۆ نموونە بۆ لێکدانەوەی ڕستەیەکی وەك:

**هێلکەکەی کولاند.**

**یان: گۆشتەکەی سوور کردەوە.**

**یان: بەهێکەی پیشاند.**

**دەبێ نەك هەر دۆخی کارا و باس جیا بکەینەوە:**

**شیرین (کارا) هێلکەی (باس) کولاند (کار).**

**ئەو (کارا) گۆشتەکەی (باس) سوور کردەوە (کار).**

**ژنەکە (کارا) بەهێکەی (باس) پیشاند (کار).**

بەڵکو دان بەوەشدا بنێین، کە لە ژێرەوە دۆخی نێوان (شوێن) یان (ئامێر) هەبووە و لە دواییدا سڕاونەتەوە:

**هێلکەی (باس) لە ئاودا (شوێن) کولاند.**

**گۆشتەکەی (باس) لە ڕۆندا (شوێن) سوور کردەوە.**

**بەهێکەی (باس) بە ئاگر (ئامێر) پیشاند.**

چونکە بوونی ئەم دۆخانە تاکە ڕێگایە بۆ جیاکردنەوەی واتای کارەکانی ئەم بوارە.

ج– **بواری (چەشتن):**

ئەو ئاوەڵناوانەی لەم بوارەدا بەکاردێن، بریتین لە (**تاڵ، شیرین، تفت، مزر، تەڵخ... هتد**) لە ڕووی واتاوە، واتە بۆ لێکۆڵینەوەی وردی واتاکانییان

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٩.

پێویستمان بە چێژەر و چێژراو و کارێك دەبێت لەگەڵییاندا، ئەو (کارا) سێوێکی (باس) مزری خوارد (کار).[1]

دەبێ لە لێکدانەوەی دوو ڕستەوە هاتبێت، وەك ئەمانەی خوارەوە:

١. **ئەو (کارا) سێوێکی (باس) خوارد (کار).**

٢. **سێوەکە (باس) مزر بوو (کار).**

> **ئەو (کارا + چێژەر) سێوێکی (باس) مزری خوارد (کار).**

نەبوونی (چێژەر) لە ئاستی سەرەوەدا وامان تێدەگەیەنێ، کە (ئەو) کارایە، بەڵام دانانی (ئەو) بە کارا لە واتای ڕستەکە کەم دەکاتەوە و ئەوە پیشان نادات کە دەبێ سێوەکەشی چەشتبێ، ئەگینا هەست بە مزری سێوەکە دەکات.

١٢. هەر چەندە لە کوردیدا ڕێزمانی دۆخ ڕێگایەکی چاکە بۆ شیکردنەوەی کەرەسەی یەکەمی کاری لێکدراو، بەڵام ناتوانێت جیاوازی واتای نێوان هەندێك لە کارەکانی پیشان بدات، بۆ نموونە جیاوازی واتایی نێوان کرد و هەڵکرد، یان کرد، تەنیا بەوە پیشان دەدرێ، کە دان بە بوونی ئەرکێکی واتایی تردا بنرێ، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

**چراکەم (باس + کارا) هەڵکرد (کار)**

**خانووێکم (ئەنجام + کارا) کرد (کار)**

١٣. شایانی سەرنجە کە ڕێزمانی دۆخ لە ئاستی شیکردنەوەی هەندێ ڕستەی تەمومژاویدا دەستەوەستانە، بۆ نموونە ناتوانێ ڕستەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە بە تەواوی لێك بداتەوە، بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر سیما وردەکانی دۆخەکانی، چونکە هیچ جیاوازییەك لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا نابینرێت.

**هەرمێی پێبوو. [ چێژەر + باس + ــــ]**

**هەرمێی پێبوو. [ چێژەر + باس + ــــ]**

[1] هەمان سەرچاوەي پێشوو، لاپەڕە ٨١ .

لێرەدا بە دانانی **سیمای** < **+ هۆش** > بۆ جنسی مێ و < **– هۆش** > بۆ هەرمێ، دەتوانین گیروگرفتەکە چارەسەر بکەین.

**١٤. کەموکورتییەکی گەورەتری ڕێزمانی دۆخ لەوەدایە، کە بە هۆی هۆکاری سێنتاکسییەوە دەیەوێ پەیوەندیی واتایی نێوان دۆخەکان دیاری بکات، دۆخەکان (کارا، باس، سوودمەند،... هتد) هەمویان پێناسەی واتاییان دراوەتێ، (بۆ نموونە فیلمۆر کارا بەو کەسە دادەنێ، کە کارێك ئەنجام دەدات، یان دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کارێك). کەچی بە هۆی ئەو چوارچێوە سینتاکسیەوە دەناسرێتەوە، کە کارێك دەیەوێ یان هەڵیاندەبژێرێ.**

# ئەنجـــــــام

لە ئەنجامی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی بۆچوونەکانی فیلمـۆر بـە شـێوەیەکی فراوان توانیم هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی لـە ژێـر تیـشکی ئـەم تێڕوانینـەدا ڕوون بکەمەوە و بگەم بەو ئەنجامەی کـە لـەم خالآنـەی خـوارەوەدا دەستنیـشانی بکەم:

١. هەرچەندە ڕێزمانی دۆخ وەك کاردانەوەیـەك دژی ئاسـتی ژێـرەوەی ڕێزمـانی گواستنەوە سەری هەڵدا، بەوەی کـە ئاسـتەکە زۆر قـووڵ نییـە و هـەموو ئـەو واتایانە نادرکێنێ، کە بۆ لێکدانەوەی واتـایی ڕسـتەیەك پێویـستە. لـە هـەمان کاتیشدا خۆشی لەم ڕەخنەیە ڕزگار نەبووە، چونکە تا ڕادەیـەکی زۆر ئاسـتی ژێرەوەی لە تەنکیدایە و تەواو نەچۆتە قووڵییـەوە، لەبـەر ئـەوە نـاتوانێ ئـەو واتایانـە بـە دەسـتەوە بـدات، کـە بـۆ لێکدانـەوەی ڕسـتەیەك پێویـستە، بـە تایبەتی لەبەر ئەوەی ڕێگەی نەداوە بە دۆخێك لە ئاستی ژێـرەوە هـەبێ و لـە سـەرەوە دەرنەکـەوێ. هـەروەها لـە لێکدانـەوەی هەنـدێ کـار لـە بـوارە واتاییەکاندا خۆی تووشی کەموکوڕی و لاوازی بووە.

٢. بـەو شـێوەیەی ئێـستا ڕێزمـانی دۆخ بەشـێکی زۆری لـە ڕسـتەی تێهـەڵکێش فـەرامۆش کـردووە و بـۆی لێـك نادرێتـەوە، چـونکە بـە پێـی پێـشنیازەکانی فیلمۆر بە هۆی پاڕستەوە تەنیا (باس) فراوان دەکرێ.

٣. ڕێزمانی دۆخ لە دەرخستنی جیاوازیی نێوان واتا جیـاواز و هەمەچەشـنەکانی ڕسـتەی تەمومـژاوی تـا ڕادەیـەکی زۆر دەسـەلآتدارە، بەمـەش هێـز و توانـا و چالاکی بۆچـوونەکە بـەدیار دەکـەوێت، کـە شانبەشـانی ڕێزمـانی گواسـتنەوە دەڕوات.

٤. لـە ئـەنجامی ڕوونکردنـەوە و لێکدانـەوەی کـاری لێکـدراو بـۆم دەرکـەوت، بـۆ دەستنیشانکردنی کاری لێکدراو و جیاکردنەوەی لە کاری داڕێـژراو بۆچـوونەکەی فیلمـۆر گرنگییـەکی تایبـەتی هەیـە، چـونکە کێـشەیەکی زۆرمـان بـۆ چارەسـەر دەکات، کە تا ئێستا بەشـێکی زۆر لـە ڕێزماننووسـەکانی چارەسـەری کەرەسـەی یەکەمی کاری لێکدراویان نەکردووە، جگە لەمەش بۆ فێرکردن ڕێگایەکی ئاسانە.

٥. لە توانای ئەو ڕێزمانەدا نییە، ئەو کۆمەڵە ڕستانە دەرخـات، کـە جیاوازییەکـەیان لە تێڕوانیندایە.

٦. لەبەر ئەوەی پۆلە واتاییەکان لە تەمومژدان، هەندێ جار بـە هـۆی واتـاوە دۆخـی هەندێ فرێزی ناوی شی ناکرێنەوە.

٧. وا ڕێك دەکەوێ هەندێ ناو لە یەك ڕستەدا زیاتر لـە ئـەرکێکیان دەبێـت، واتـە لـە ئاسـتی ژێـرەوەدا دوو دۆخـی جیاوازیـان دەبێـت، کـە ڕێزمـانی دۆخ ئەگـەر پـەنا نەباتە بەر یاسایەکی گوێزانەوە ناتوانێ دەریانبخـات، لـە کاتێکدا ئەمەشـیان بـۆ ڕێزمانەکە دەبێتە ئاڵۆزییەکی گەورە.

٨. نابێ چاوەڕێی ئەوە بین، کە ڕێزمانی دۆخ کێـشەی چـەندایيەتیمان بـۆ چارەسـەر بکات، ئەگـەر ئـەم بۆچـوونە بـۆ پیـشاندانی واتایـەك هـەوڵێك بێـت، یـان هـەموو لایەنێکی واتا کە کـار دەکەنـە سـەر لێکدانـەوەی واتـای ڕسـتە، ئـەوا لێـرەدا زۆر بەرامبەر ئەم دیاردەیە دەستکورتە.

٩. ژمــارە و ئەرکــە واتاییــەکان (دۆخ) پێویــستیان بــە زۆرکردنــە، چــونکە بــۆ شیکردنەوەی واتای ڕستە پێویستیمان بە هەندێ ئەرکی واتـایی تـر دەبێـت، کـە کار دەکەنە سەر واتای ڕستە وەك: هێز و چۆنییەتی و ڕادە و هۆ... هتد.

١٠. فیلمـۆر ڕۆڵـی سـەرەکی و ناسـەرەکی لەیـەك جیـا نەکردۆتـەوە و هـەموو دۆخـە ئاوەڵکارییەکانی بردۆتە ناو (بار)ەوە، کە گەشەی پێ نەکراوە.

١١. بە پێی بۆچوونەکەی فیلمۆر ڕستە لە ئاسـتی ژێـرەوەدا لـە کارێـك پێـك دێ، کـە پەیوەندییـەکی واتـایی لەگـەڵ فرێزێکـی نـاوی یـا چـەند فرێزێکـی ناویـدا هەیـە، تەنانەت لەو زمانانە و لەو ڕستانەشدا کە لە دیوی سەرەوەدا کاریـان تێـدا نییـە، بەمەش تووشی گێروگرفت بووە، چونکە لەو جۆرە ڕستانەدا هیچ پەیوەندییـەکی واتایی لە نێوان کار و فرێزە ناوییەکاندا دەرناکەوێ.

لەگەڵ ئەم هەموو کەموکورتییەدا دەبێ ئەوەش بڵێین، کە ڕێزمانی دۆخـەکانی ژێرەوە زۆر سەرنجڕاکێشە و تا ڕادەیـەك لـە هـەموو ڕێبازەکـانی تـر زیـاتر لەگـەڵ سەلیقەی قسەکەردا دەگونجێ، لەبەر ئەوەی ڕێزمانی سەراپایە و لـە ڕووی واتـاوە تەبریری تەواوی هەیە و (دەچێتە عەقڵەوە) و لە ڕێزمـانی دێـرین ڕێبـازێکی دابـڕاو نییە، چونکە بیری دۆخ (با هەر لە ئاستی سـەرەوەش بێـت) هـەر لـە زۆر کۆنـەوە هەبووە و لە هەندێ زماندا زۆر گرنگی دەدرێتێ، جگە لەوەش ئەم کەموکورتییانـە زۆربەیان لە ڕێباز و بۆچوونەکانی تریشدا دەبینـرێن، بـە تایبـەتی بـە وردی هـەوڵ دەدەین بەسەر زمانێکدا جێبەجێی بکـەین، وەك لـەم کـارەدا ویـستومانە. دیـسان دەبێ بڵێین ڕێزمانی دۆخ بۆ پۆلێنکردنی کار لە ڕووی واتـاوە چـاکترین و وردتـرین ڕێگەمان دەداتێ و هەر ئەمە لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە.

# سەرچاوەكــان

**سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:**

١. جگەرخوێن، ١٩٦١، ئاوائو دەستورا زمانی كوردی، چاپخانەی سەلاَحەدین، بەغدا.

٢. فەرەیدون عەبدول محەمەد، ١٩٨٨، نادیاری، نامەی ماستەر.

٣. فەتاح مامە عەلی، ١٩٨٩، هاودەنگ لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر.

٤. ك. ك. كوردۆییێڤ، ١٩٨٤، ڕێزمانی كوردی بە كەرەستەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕ: كوردستان موكریانی، بەغدا.

٥. محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٨٩، كار پۆلێنكردن بە پێی ڕۆنان، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١).

٦. محەمەد ئەمین هەورامانی، ١٩٨١، زاری زمانی كوردی لە تەرازووی بەراوورددا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاَوكردنەوەی كوردی، بەغدا.

٧. مەحمود فەتحوللاَ ئەحمەد، ١٩٨٨، كار تەواوكردن، نامەی ماستەر.

٨. مەعروف مەحمود فەرەج، ١٩٨٩، بوارە واتاییەكان، نامەی ماستەری بلاَونەكراوە.

٩. نوری عەلی ئەمین، ١٩٨٦، ئەرك و شوێنی ڕاناوە كەسییەكان لە ئاخاوتنی كوردیدا، چاپخانەی الزمان، بەغدا.

١٠. وریا عومەر ئەمین، ١٩٨٢، پەیوەندی نێوان ڕاناو و فرمان لە كرمانجی ژووروودا، گۆڤاری كاروان، ژمارە (٢).

١١. ـــــ، ١٩٨٢، ڕێكەوتن لە زماندا، ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (٩١).

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**


١٢- CHOMSKY, Noam, (١٩٦٥) Aspects of the Theory of Syntax, Cambridge, Mass: MIT Press.

١٣- Dik, Simon. (١٩٧٩) Studies in Functional Grammer, Amsterdam: North – Holland.

١٤- Fattah, M. M. (١٩٧٣) The A; plication of a T-G Model of Grammer to Kurdish syntax (unpublished, M. A, Theses) Beirut – Lebanon.

١٥- Fillmore, Charles J. (١٩٦٨) “The Case for Case” in Emmor Baoh and Rebert T. Harms, (Eds) Universals in Ijuguistic Theory, New Yourk: Holt, Rinehart and Winston.

١٦- (١٩٧١ a) “Some Problems for Case Greammer” in Georgetown University Round table on Language and Linguistics (Ed) Richard Y. O. Brien, S. J. Washington, D. C: Gerorgetown. University Prese. PP. ٣٥–٣٦.

١٧- (١٩٧١b) “Types of Lexical information in Semantics”, (Eds) Eanny Steinberg and Leon Jacobevits, Cambridge, Mass: Cambridge University Press PP ٣٧٠–٩٢.

١٨- (١٩٧٧) “The Case for Case Re-opened”, in Cele and Sadock, eds, in Syntax and Sementics, Vol. B, NewYourk and London: Acadenicpress. ٥٩–٨١.

١٩- Jackendoff, R. S. (١٩٧٢) Semantic interpretation in generative grammer. Cambridge Mass: MiT Press.

٢٠- Jenan, A.K. (١٩٨٨) Fillmore’s Case Grammar and oertain Cases in Arabic, unpublished, M. A. thesise, University of Baghdad.

٢١- Nilsen, Doul. (١٩٧٥) Semantic theory, Massathusetts, New Harry House publishers.

٢٢- Palmer, F.R (١٩٨٨) Semantics (secend edition) Great Britain: Bath Avon Press.

٢٣- Sapir, E. (١٩٢١) Language, New Yourk: Harcourt Brace.

# ملخص البحث

قدمت في الاعوام الاخيرة عدة مقترحات باتجاه صياغة نظرية لغوية جديدة تختلف عن النظرية التحويلية لجومسكي (١٩٧٥، ١٩٦٥، ١٩٦٩). وقد تظمنت بعض تلك المقترحات اكثر من مجرد معلومات مطلقة كعناصر لغوية اساسية. مع انها لم تقص التحويل تماماً عن دورة في توليد التراكيب اللغوية. و يعتبر فيلمور واحداً من اصحاب تلك المقترحات.

و مع أن نظرية فيلمور اللغوية تشبه نظرية جومسكي (١٩٦٥) في نواحٍ معينة، كالاصرار على اهمية النحو والحاجة الى منح الجمل تمثيلاً باطنياً و ظاهرياً مرتبطاً بالتحويل، فانها يختلفان بخصوص ما هو ملائم لتركيب الباطني. يعتبر فيلمور التركيب الباطني المنسوب الى جومسكي مستواً ثانوياً اصطناعياً بين التركيب الباطني الدلالي الممكن اكتشافه تجريبياً والتركيب الظاهري الممكن الوصول اليه من خلال الملاحظة. انه يعتبر العلاقات النحوية كالفاعل والخبر، وهي اشياء اساسية في التركيب الباطني في النظرية التوليدية التحويلية، ظواهر موجودة في بعض اللغات، ولربما ليس في كل اللغات، والتي ينبغي ان تفسر وفق النظرة التحويلية عند الحاجة. فالمفاهيم الدلالية الاساسية نحوياً، علاقات الحالات، وفق نظرية فيلمور هي عناصر اساسية للتركيب الباطني، و تشتمل هذه على مجموعة من المفاهيم العامة، قد تكون فطرية، والتي تعين نماذج معينة من الاحكام التي يستطيع الانسان ان يصدرها بصدد الاحداث الجارية حوله، احكام تتعلق بأمور مثل من فعلها. و لمن حدث؟ و ماهي التغيرات الناجمة عن ذلك؟، (١٩٦٨، ٢٤). قد تكون علاقات الحالة موسومة في التركيب الظاهري بالعناصر الصرفية الظاهرة كالتصريف والجار السابق و الجار اللاحق و الواسم الشكلي، و التي تعتمد على تركيب الكلمات و ماشابه ذلك.

هنالك حقيقتان تتعلقان بحالات التركيب الباطني تجعلها رائقة و هامة الى حد كبير. اولاً، انها مبررة دلالياً و بالتالي فهي ذات علاقة بعالم الخبرات الحقيقي. ثانياً. انها تتسم بالعمومية، فمثلاً ان المفاهيم (الفاعل للشئ) والاداة و المواجهة لأمراً ما (المجرب)

والموضوع و المصدر (الصدارة) و المسار و الهدف والزمان و المكان و الكيفية، الخ. مهمة على حد سواء في اللغة الكردية و اللغة العربية و اللغات الاخرى غير المترابطة من حيث النسب أو السلالة. ولما كانت الحالات الباطنية مبررة دلالياً فانه بالامكان تحديدها بصرف النظر عن واسمات تركيبها الظاهري و بصرف النظر عن اللغة قيد الدرس.

تتظمن هذه الاطروحة، و التي تشكل محاولة لتطبيق نظري فيلمور اللغوية على بعض الجوانب النحوية للغة الكردية من ثلاثة فصول. تتظمن الغصل الاول تعريفاً بنظرية فيلمور كما قدمها اصلاً (١٩٦٨) و طورها (١٩٦٩ ، ١٩٧٠ ، ١٩٧١ ، ١٩٧٧) و مقدمها مواضيع كعلاقات الحالة، الجار السابق و الوظائف، و العلاقات و تسميات الفئات، و العلاقات الاشكال، و علاقات المتبوعات و التتمات، والحالات و السيمات، و الحالة التظمين، وسمات الحالة و الفئات، و العلاقات الباطنية للحالة، و الفئات الدلالية، و اطروحالات الخبر (المسند).

و يهتم الفصل الثاني بحالات التحويل التي تتظمن العمليات او القواعد ذات الصلة باشتقاق التراكيب الظاهرية من تراكيب الباطنية. و تشكل عمليات من قبيل اختيار الوسمات الصرفية الظاهرة للحالات اللغة الكردية، و حالات الفاعل و المفعول به و الترتيب التتابعي و تحويل العناصر في الفعل الى الاسماء الجزء الاكبر من هذا الفصل. كما وتحقق التكرارية بفعل التظمين جملة بسيطة في جملة بسيطة اخرى من خلال احدى الحالات. وفي اللغة الكردية فان قواعد اختيار الفاعل التحويلية تؤدي خلق فاعل للتركيب الظاهري من الفاعل لشيء او الموضوع او الاداة او المكان الكائنه في التركيب الباطني. اما الفصل الثالث فيتظمن تقويما لمدى تطبيق قواعد الحالات على التراكيب النحوية الكردية. تلي ذلك بعض الاستنتاجات.

ABSTRACT

In recent years various proposals have been put forward for a new theory of language different from the standard transformational theory proposed by Chomsky (1975, 1965, 1969). Some of these proposals have included more than just categorical information as the asic linguistic elements, though they have not entirely excluded transformations from the generation of linguistic structyres.

Fillmore’s approaoh to language is such a propesal.

Wile Fillmore’s linguistic theory is similar to Chomskys (1965) in certain respects, such as in the insistenoe on the contrality of syntux and on the need to give sentences underlying as well as superficial representions which are linked by transformations, their idess of what is appropriate to deep structure differ.

Fillmore considers Chomskys deep structure, an artificial intermediate Level between the emprically discoverable “semantic deep structure” and the observationally accessible surface strueture.

He regards grammatical relations like “subject” and “predicate” which are basic to deep structure in transformational generative theory, as surface structure phenomena which occur in some but probaably not all languages and which should be accounted for transformatienally, where needed. In Fillmore’s theory, syntactically significant semantic concepts, case releations,

are the basic elements of deep structure; these comprise a set of universal, presumbly innate, concepts which identify certain types of judgments human beings are capable of making about the events that are going on around them, judgments about such matters as who did it, who it happened to, and what got changed (1968, 24). Case relations can be marked in surface structure overt morphlogical elements like inflections, prepositions or postposictions and configurational markers which are dependent on word order or the like.

There are tow facts about deep cases which make them highly appealing and significant. First, they are semantically justified and therefore have a relationship with the real world of experiencs. Second, they are universal in nature, such concepts as Agent, Instrument, Experiencer, Object, Source, Path, Goal, Time, Place, manner, …ect, are equally significant in Kurdish, Arabic and other genetically unrelated languages. Because deep cases are semantically justified, they can be identified regardless of their surface structure markings and regardless of the paticular language under consideration.

The prsent thesis, which constitutes an attempt to apply Fillmore,s theory of language to some aspects of Kurdish syntax, comprises there main chapters.

The first chapter presents the theory as it was originally presnted by Fillmore (1968) and developed in (1969, 1970, 1971, 1977) introducing such topics as case relations, prepostitions and functions, elations and category labels, relations and configurations, relations I heads and compliments, cases and features, case and semantie

cateories and the case frames of predicates. The second chapter is concerned with transformations which involve operations or rules for ariving surface structures from underlying structures from underlying structures. Such operations like the selection of overt morphological markers for cases in Kurdish, objectivallization, objectivallzations seqential orderin, nominalzation and registration of elements in the verb from the bulk of the chapter. Recursin is accomplished by the embedding of one simple sentence into another through one of the cases. In Kurdish, subjectivalization transformation creates surface structure subjects out of deep structure agents, datives, instrumentals and locatives.

In the last chapter the applicability of case grammer to Kurdish syntactic structure is evaluated. Then follow some concluding remarks.



## کتێبە چاپکراوەکانی
## کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەکادیمیای کوردی

**کۆڕی زانیاری کوردستان:**

١) فەرهەنگی زاراوە (عەرەبی ـ کوردی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٢، (١٤٢ لاپەڕە).

٢) کوردی تورکمانستان ـ مێژوو ـ ئەتنۆگرافیا ـ ئەدەب، د. مارف خەزنەدار، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٣، (٢٥٨ لاپەڕە).

٣) زاراوەی یاسایی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٠ لاپەڕە).

٤) زاراوەی کارگێڕی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٧ لاپەڕە).

٥) من ينابيع الشعر الكلاسيكي الكردي، ج١، رشيد فندی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢٤٠ لاپەڕە).

٦) ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٥٦ لاپەڕە).

٧) ڕێزمانی کەسی سێیەمی تاک، د.شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (١٥٩ لاپەڕە).

٨) چوارینێن خەیام، د. کامیران عالی بەدرخان، وەرگێڕانی لە لاتینییەوە د. عەبدوڵلا یاسین ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٩٤ لاپەڕە).
٩) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەرێ یوسوپۆڤا، و: لە ڕوسییەوە د. کوردستان موکریانی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢١٦ لاپەڕە).
١٠) العروض في الشعر الكردي، احمد هردي، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢١٨ لاپەڕە).
١١) ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، د. مەغدید سەپان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٨ لاپەڕە).
١٢) زاراوەی ڕاگەیاندن، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٠٨ لاپەڕە).
١٣) فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی ـ کوردی ـ عەرەبی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٦٥ لاپەڕە).
١٤) ئەدەبی منداڵانی کورد ـ لێکۆڵینەوە ـ مێژووی سەرهەڵدان، حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٤٠٦ لاپەڕە).
١٥) گیرەکێن زمانێ کوردی، د. فازل عمر، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٣٤ لاپەڕە).
١٦) ل دۆر ئەدەبێ کرمانجی ل سەد ساڵا نوزدێ و بیستێ زایینی، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٦ لاپەڕە).
١٧) دەنگسازی و بڕگەسازی لە زمانی کوردیدا، د. شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠٦ لاپەڕە).
١٨) هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرووودا ١٩٣٩ ـ ١٩٧٠، د. عبدالله یاسین عەلی ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٣٢٠ لاپەڕە).
١٩) یوسف و زولەیخا، حەکیم مەلا ساڵح، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٧ لاپەڕە).
٢٠) زمانی کوردان ـ چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، پ. د فریدریش موولێر ئەوانی تر، و: لە ئەڵمانییەوە د. حەمید عزیز ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی

۲۰۰٥، ( ۱۹۲ لاپەڕە ).
۲۱ ) ڕێبەری بیبلۆگرافیە کوردییەکان ۱۹۳۷ ـ ۲۰۰٥، شوان سلێمان یابە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰٦، ( ٤۰۰ لاپەڕە).
۲۲ ) فەرهەنگی گەورەی من. د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰٦ ، ( ۸۰ لاپەڕە).
۲۳ ) دیوانی عەزیز ـ محەمەد عەلی قەرەداغی – هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰ ، (١٤٤ لاپەڕە).
۲٤ ) زاراوەگەلی کاروباری مین ـ جەمال جەلال حوسێن ـ دلێر سابیر ئیبراهیم – دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروباری مین، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰٦، ( ۸۰ لاپەڕە).
۲٥ ) زاراوەی راگەیاندن ـ کەمال غەمبار ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰٦، (۹٦ لاپەڕە).
۲٦ ) زاراوەی ئەدەبی ـ ئامادەکردنی: لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰٦، ( ۳۸۰ لاپەڕە).
۲۷ ) ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (۱۹۷۳ ـ ۲۰۰۲ ) ـ شوان سلێمان یابە ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰٦، ( ۲٤۰ لاپەڕە).
۲۸ ) The Historical Roots of the National Name of the Kurds ـ د. جەمال رەشید، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ۲۰۰٦، (۱۰۷ لاپەڕە)
۲۹ ) فەرهەنگی کۆمەڵناسی ـ عوبێد خدر ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ۲۰۰۷، ( ۸۳ لاپەڕە).
۳۰ ) بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا ( ۱۸۸۰ ـ ۱۹۳۹ز) ـ د. سەعدی عوسمان هەروتی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ۲۰۰۷، (۱٥٥ لاپەڕە ).
۳۱ ) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ، نووسینی: حەسەن عەلی خانی گەرووسی ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ۲۰۰۷، ( ۲۰٤ لاپەڕە ).
۳۲ ) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا، نووسینی: ئەسکەندەر

غوریانس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١٢٨ لاپەڕە ).

٣٣) فەرهەنگی کوردی ـ فارسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١١٢ لاپەڕە ).

٣٤) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئینگلیزی و ئەمریکی دا ـ نووسینی ـ وەدیع جوەیدە. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ـ محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١١٦ لاپەڕە ).

٣٥) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی خان گۆنەخان ئەفشار. وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٤٢٦ لاپەڕە ).

٣٦) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی ئەکبەر سەرهەنگ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧. (لاپەڕە١٩٢).

٣٧) چەپکێک لە زاراوە گەلی کشتوکاڵ ـ ئامادەکردنی ـ حەمە ساڵح فەرهادی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٤٤ لاپەڕە).

٣٨) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٢٧٠ لاپەڕە)

٣٩) فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی)، نووسینی ـ د. محەمەد نووری عارف، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٠٠٠ لاپەڕە).

٤٠) یەکەم فەرهەنگی تۆ، وەرگێڕانی: د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٦ لاپەڕە).

٤١) ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، نووسینی: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٦٨ لاپەڕە).

٤٢) فەرهەنگی هەراشان، کۆکردنەوە و داڕشتنی: کۆمەڵێک مامۆستا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٣٦ لاپەڕە).

**ئەكادیمیای كوردی:**

٤٣) ئەلبوومی كەشكۆڵ ،ب ١، دانراوی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە).

٤٤) الأدب الشفاهي الكردي ، علي الجزيري ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٠ لاپەڕە).

٤٥) بەركوڵێكی زاراوە سازیی كوردی، ئامادەكردنی: جەمال عەبدول، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٣٠ لاپەڕە).

٤٦) دیوانی قاصد، ساغكردنەوەی: شوكر مستەفا و رەحیم سورخی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە ).

٤٧) چەند لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، نووسینی: دكتۆر زرار سدیق تۆفیق، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).

٤٨) كیمیای ژەهری دەستكرد. نووسینی: پ.د. عەزیز ئەحمەد ئەمین، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).

٤٩) ڕۆڵی سەربازیی كورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناكوردیەكان لە سەردەمی عەبباسیدا، نووسینی: مەهدی عوسمان حسێن هەروتی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٦٨ لاپەڕە).

٥٠) دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨)، دانانی: سالار عبدالكريم فندی الدوسكي، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٠٤ لاپەڕە).

٥١) عبدالله گۆران، رائدا لحركة تجديد الشعر الكوردي، دانانی: كەمال غەمبار چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٢٠ لاپەڕە).

٥٢) وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة ١٩٢٤-١٩٢٧ ، دانانی: د. عبدالفتاح علی البوتاني، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٦٨ لاپەڕە).

٥٣) ساڵنامەی ئەكادیمیای كوردی ، ئامادەكردنی: پروفیسور د. وریا عومەر ئەمین . چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٦ لاپەڕە).

٥٤) مەمێ و زینێ، ئامادەكردنی: جاسمێ جەلیل، دوكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ خستوویەتییە سەر نووسینی كوردیی عیراق و پێشەكیی بۆ نووسیوە و لێی كۆڵیوەتەوە، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٨ لاپەڕە).

٥٥) هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم)دا، محەمەدعەلی قەرەداغی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٠ لاپەڕە).
٥٦) کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ((شێوەزاری کرمانجی سەروو))، نووسینی: ڤیان سلێمان حاجی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢١١ لاپەڕە).
٥٧) هێز و ئاواز لە دیالێکتی کوردیی ژوورووودا، نوسینی: عەبدولوەهاب خالید موسا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، سالی ٢٠٠٩، (١٤٦ لاپەڕە).
٥٨) گەپنامەی مێرگوڵان، نوسینی: ڕەسوڵ دەروێش، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، ( ١٧٦لاپەڕە).
٥٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئامادەکردنی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٣٤ لاپەڕە).